# شانۆکار 9

## گۆڤاری گروپی شانۆی کولتوری

خاوەنی ئیمتیاز: شانۆی کولتوری

سەرنووسەر: نیهاد جامی



مەلەفی گرۆتۆفسکی دژی گرۆتۆفسکی



مەلەفی شانۆی کەرکوك

ئیمەیلی شانۆکار:
shanokar@hotmail.com

سایتی گروپ:
www.aktar.kurdblogger.com

سایتی شانۆکار:
www.dengekan.com/shanokar.htm





شانۆکار ٨ ٢٠١٢

# لەم ژمارەیەدا 9


**سەروتار، سەرنووسەر**.........................................................ل٥

## مەلەفی شانۆی کەرکوك

شانۆی ئێمە شانۆی بینین وهەست پێکردنە، **شکۆ عومەر**..............................ل٩

یادەوەری کولتوری وبونیادی نەستی تێکست، **نیهاد جامی**.......................... ل١٥

خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ مەراسیمی رۆژی شانۆ لە کەرکوك، **رێبین قادر**............ل٢٧

تەنیا بۆ مێژوو، **سیروان بێلانە**..............................................................ل٣٣

کێشەکانی شانۆی کەرکوك لە مێزگردێکی شانۆییدا، **سازدانی: هەڵکەوت عەزیز**....ل٣٧

## مەلەفی گرۆتۆفسکی

گرۆتۆفسکی لە پرۆسەی شانۆی ئەزموونگەریدا، **و: رزگار تەیب**........................ل٥١

چەند وتەیەکی جێرزی گرۆتۆڤسکی ، **فرانسوا کان**.......................................ل٦١

لابۆری گرۆتۆفسکی دوای بیست ساڵ، **راپێرت فیندلی،**.................................ل٦٩

گرۆتۆفسکی: میتا شانۆ، **نیهاد جامی**.....................................................ل٨١

دیمانەیەك لەگەڵ لۆدڤیك فلازین، **ئا: سەدیق عەزیز**....................................ل١٠٥

ئامادەیی گرۆتۆفسکی لە لابۆرە ئەزموونکارییەکە، **شکۆ عومەر**..........................ل١١٣

# سەرووتار

**شانۆکار**

(١)

پرۆژەکانمان بەتەنیا بە نمایشە شانۆییەکان ناوەستێت وەك چۆن ئێمە هەوڵماندا سەرەتا لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فۆیس بوك گروپێك بکەینەوە کە تیایدا ڕۆژانە هەواڵ و ووتارەکان لەوێدا بڵاو بکەینەوە بۆ ئەوەی لەخێراترین کاتدا ئاگاداری یەکتری بین وەك چۆن لەوێ ڕۆژانە بە وێنەو نووسین بینەرانمان لە ڕۆژانەی پرۆڤەی شانۆگەری تەنیایی خۆر ئاوابوون ئاگادار ئەکردەوە، هەر بەهەمان شێوەش سایتی گروپەکەشمان ماڵێکیتری ئێمەیە بۆ کۆبوونەوەی دەنگی هەموومان بەتەواوی جیاوازیەکانمانەوە وەك چۆن بوونی گۆڤاری شانۆکاربە کەناڵێکیتری گرنگی ئەو پرۆژە شانۆییەمان ئەزانین هەموو ئەمانە بۆ ئێمە تەواوکەری تەواوی پرۆژە فەرهەنگیەکەمانە لەماڵە شانۆییەکەماندا کە بتوانین لەداهاتوودا تەواوی ئەو ماڵە لەژێر ساباتی ناوەندێکی شانۆیی کۆ بکەینەوە.

(٢)

لەم ژمارەیەشدا دەمانەوێت لەڕێگەی دوو مەلەفەوە ڕووبەڕێکیتری ڕەخنەیی وتێگەیشتنێکی شانۆیی بکەینە ڕووبەری کۆبوونەوەمان، بۆ ئەوەش مەلەفی یەکەممان تایبەت کردووە بە گوتاری ئەزمونگەری لە شانۆی کەرکوك و هەروەها نمایشی شانۆیی (تەنیایی خۆر







ئاوابوون) کە دوای هەڵوشاندنەوەی تیپی ئەزمونگەری و دامەزراندنی گروپی شانۆی کولتوری ئەم نمایشە یەکەم هەوڵی نوێی ئێمەیە لەو گروپە کە تەواو لە ئەزمونەکانی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك جیاواز بووە، مەلەفی دووەمیشیمان تایبەتە بە گرتۆفسکی لەو ڕێگەیەوە چەندین توێژینەوەو ووتارو دیمانە لەبارەی ئەزمونی ئەو داهێنەرە شانۆییەمان بڵاو دەکەینەوە.

(٣)

جێی خۆیەتی سوپاسی زۆرمان ئاراستەی لقی کەرکوکی یەکێتی نوسەرانی کورد بکەین کە ئەرکی چاپکردنی ئەو دوو ژمارەیە (٩/٨) ی شانۆکاریان گرتە ئەستۆی خۆیان بەهیوای ئەوەی ئەو خەمخۆری ودڵسۆزیە لەلایان ناوەندەکانی تریشەوە بوونی هەبێت هەر چەندە پێشتر چاپکردنی گۆڤاری شانۆکار بەهەوڵی دڵسۆزانەی ناوەندەکانی کەرکوك بووە لەوانە تەلەفزیۆنی کەرکوك و ڕۆژنامەی هەواڵ وکۆمەڵەی ڕوناکبیری کەرکوك هەروەها سایتی ئەلکترۆنی دەنگەکان کە لەگەل چاپکردنی لەلای خۆیان بڵاویان کردۆتەوەو لاپەرەیەکی تایبەتیان بۆ کردۆتەوە، ئەوەش لەخەمخۆری ئەو ناوەندانەوە بووە کە گۆڤاریکی شانۆییە وبەهەولی شانۆکارانی شارەکە دەرچووە بۆیە شانازیکردن پێشیەوە شانازیکردنە بە هەوڵی نەوەکانی کەرکوکەوە ئێمەش خوازیارین بەهەموو لایەکمانەوە بتوانین وا بکەین ئەو پرۆژەیە پەکی نەکەوێت و لەوادە ی خۆی بە بەردەوامی چاپبکرێت و بڵاو بکرێتەوە



# مەلەفی شانۆی کەرکوک





شكۆ عومەر

# شانۆی ئێمە شانۆی بینین و هەستپێکردنە

مامەڵەکردن لەگەڵ سیناریۆیەکی ئامادەکراودا خاڵی جیاوازی ئەم ئەزموونە بوو لەگەڵ ئەزموونەکانی تری ئەو گروپە، کە ئەمە وایکردبوو ئێمە ئەمجارە تا رادەیەك پابەند بین بە هێڵکارییەکی ئامادەکراوەوە و زیاتر لەسەر ئەو هێڵانە بڕۆین کە سیناریۆکە بۆی دیاریکردووین واتا وەك جارەکانی پێشوو نەبوو کەبە تەنها بیر و خەیاڵی دەرهێنەر و ئەکتەرەکان بە دروستکەری نمایش بن بەڵکو ئەمجارە لەپاڵ ئەوانەدا سیناریۆ هەیە داوامان لێدەکات کە پابەندی بین، ئەو سیناریۆیەش (جان دمو و وحشە الغروب)ی (صلاح القصب)ە کە لەسەر شاعیری گومناوی کەرکوکی (جان دمۆ) نوسراوە، جان شاعیرێکی مەسیحی شاری کەرکوکە دوای ئەوەی کە داهێنانی لە شیعردا کردووە و لە عێراق و دنیای ئەدەبیاتی عەرەبیدا ناسرا ئیدی سەختی ژیان کردی بە کوڕی جادە و مەیخانەکان و





بە تەواوی بووە یەکێك لەو سەعلوکانەی کە تەواوی ژیانی بەسەرخۆشی لەسەر شەقامەکاندا گوزەراند تا دواجار لە غوربەتا و لە ئوستralیا هەر بەسەرخۆشی مرد، کۆتاییەکانی ژیانی جان دەمۆ بە مانای ووشە وەحشەت و تەنیایی و وێرانە و دوور لە هەموو شتێك بوو. قەصەبیش بەو پێیەی کە هاورێی بووە و سەرسام بووە بە شاعرییەتی جان دمۆ بۆیە ئەم سیناریۆ وێنەییەی بۆی نوسیووە .

خۆ ئەگەر بپرسرێت بۆ ئەم دەقە دیاریکراوە بۆ ئیشکردنی ئەزموونکارانەی گروپی شانۆی کولتوری؟ ئەوا بێشك دەڵێن گومناوی و داهێنانی جان دەمۆ لە شیعردا و دواتر کەرکوکی بوونی هۆکاری دیاری کردنی ئەم دەقە بووە هەڵبەت ئەمە لەپاڵ سەرسامیمان بۆ سیناریۆ نوسراوەکەش کە دروست ئەو ئەتمۆسفێرە ئەفسوناوییەی تێدایە کە ئێمە و ئیشەکانی ئێمە دەیخوازێت بۆیە ئەمجارە کاتێ چووینە یەکێك لە خانوەکانی قەڵای کەرکووکەوە بە دەستی بەتاڵ نەڕۆیشتین و لەگەڵ خۆماندا سیناریۆیەکی نوسراومان بردە ژوورەوە و لە ئەنجامی گەران و پرۆڤەکاندا نمایشێکمان دروست کرد کە نەك هەر شانۆی باوی کەرکوك بەڵکو لە تەواوی ئەزموونەکانی تری خۆشمان جیاواز بوو.

لە ئەزموونی (تەنیایی خۆرئاوابوون) دا ئەکتەرێك کرابوو بە میحوەری سەرەکی(جان دمۆ) نمایش و سێ ئەکتەری تریش رۆڵی تارماییەکانی جان دمۆیان دەبینی کە یادەوەری و ڕابردووی جانیان بەرجەستە دەکرد یەکێکی تر لە خاڵە جیاوازەکانی تری ئەم ئەزموونە ئیشکردنی ووردمان بوو لەسەر نواندن کە لە ئەزموونەکانی تردا هێندە بە ووردی کار لەو لایەنە نەکرابوو واتا لە ئیشەکانی پێشوودا ئەوەندەی کار لەسەر دروستکردنی کوتلە و بارستایی دەلالی و دروستکردنی خیتابی فەلسەفی و قوڵ کرابوو هێندە ئیشمان بە ووردەکاری نواندن نەبوو، بەڵام لە ئەزموونی (تەنیایی خۆرئاوابوون)دا بەمەبەستەوە جەختمان لە ووردەکاری نواندن کردبووەوە ئەمەش بەشێکی دەگەڕایەوە بۆ زەرورەتی ئەو حاڵەتە لە دەقەکەدا و بەشێکیشی پەیوەندی بەو گۆڕانە ڕیشەییەوە هەیە کە بەسەر جۆری ئیشکردنی ئێمەدا هاتووە لەگەڵ ئەوەشدا فەزای ئیشکردنی ئێمە لەم ئەزموونەدا وایدەخواست کە نواندن ببێتە یەکێك لە ڕەکیزە بنەڕەتیەکانی ئیش بە هۆی جیاوازی لە ئاستی شوێن و بوونی زیاتر لە چەند پانتاییەکی نا هاوتا و جیاواز بۆ نواندن کە نەدەکرا تەنها بە



نواندنێکی سەرپێییانە بینەر ڕازی بکرێت، بە دڵنیاییەوە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە لایەنی گوتاری فکری و ستاتیکی نمایش فەرامۆش کرابێت بە پێچەوانەوە ئەمجارە قوڵتر ئیش لەو لایەنە کرابوو ئەمەش لە تەواوی بەشی دووەمی نمایشەکەدا دەردەکەوت کاتێ ئاوێنەیەکی گەورە لە ناو یەکێك لە دەرگاکان بە قوماشێکی سپی داپۆشراوە و هەڵواسراوە، بەڵام دواتر دووان لە تارماییەکانی جان دمۆ لە ڕابردووی خۆیان یاخی دەبن و ئاوێنەکە دەشکێنن ئەمەش بۆخۆی وەکو هەموو ئیشەکانی تری ئەزموونگەری کراوەیە لەبەردەم ئەتویلی جیاواز و بینەر سەربەست دەبێت لەوەی کە شکاندنی ئەو ئاوێنەیە چۆن لێکبداتەوە یاخود بەکارهێنانی پارچە قوماشە ڕەشەکە کە لە ڕێی بەکارهێنانیەوە لەلایەن ئەکتەرەکانەوە چەندین دەلالەتی جیاوازی ئاراستەی بینەر دەکرد .

یەکێکی تر لە خاڵە جیاوازەکانی ئەم ئەزموونە گۆڕانکاری ریشەیی بوو لە جلوبەرگدا بەوەی کە ئەم ئەزموونە گەیاندمانیە ئەو بڕوایەی ئیدی پێویستە جلێکی تایبەت و سادە و گشتگیر بۆ تەواوی ئیشەکانمان دیاری بکەین و کردیشمان واتا ئیدی ئەو جلەی کە لەم ئیشەدا بەکارمانهێنا ئەبێت بە جلی هەموو نمایشەکانی داهاتووشمان، بەلام ئەوەی کە گۆڕانی بەسەردادێت تەنها ڕەنگی









جلەکەیە و دیزاینی جلەکە هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە ئەمەش بۆخۆی دەسکەوتێکی گرنگی ترە کە ئەم نمایشە پێیبەخشین .

ئامادەیی مۆسیقار لە نمایشدا بە خۆی و ئامێرەکەی دەستیەوە لە هاوشانی ئەکتەرەکاندا و بەشداریکردنیان لە پرۆسەی نمایشدا یەکێکی تر بوو لە جیاوازییەکانی (تەنایی خۆرئاوابوون) کە کاریگەریی ئەوان بۆ خولقاندنی ئەتمۆسفیری نمایش هیچی کەمتر نەبوو لە کاری ئەکتەرەکان و بگرە لە هەندێ شوێندا حزوری مۆسیقا هێندە سەرەکی بوو ئەبوو ئەکتەر جوولەیەکی سەرنجڕاکێش بکات تا تەرکیزی بینەر بگەڕێنێتەوە لای خۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ئەم حاڵەتە نمایشەکەی لە شانۆوە نەگۆڕی بۆ ئۆپەرێت چونکە تەواوی مۆسیقارەکان تەنها بە دەستیان و ئامێرەکانیان بەشداری نمایشیان دەکرد و تەواوی جەستەیان بە قوماشی سپی داپۆشرابوو واتا زیاتر وەکو بارستەیەك دەبینران تا وەکو ئەکتەر. پانتایی ناتەبا ئەو چەمکەیە کە لە زۆربەی ئیشەکانی پێشووماندا بە کارمانهێنا و کارمان پێیدەکرد، بەڵام لەم نمایشەدا قوڵتر لەم چەمکەدا ئیشمان کرد و ڕووبەڕووی بووینەوە بەوەی کە ئەمجارە شوێنی نمایشمان تەنها پانتاییەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو چەندین شوێن جیاواز گۆڕان بۆ سەکۆی نواندن (حەوشەی یەکەم،



سەربان، دوو ژووری جیاواز، سەر پەیژەکان، حەوشەی خانووی دووەم، قاتی سەرەوەی خانووی دووەم....) هەموو ئەم شوێنانە لەبەردەم ئەکتەردان بۆ نواندن بۆیە دروست لەم حاڵەتەدا ئەبێ دەرهێنەر ئەلتەرناتیڤێکی باوەرپێکەری پێبێت بۆ گۆرینی ئەم هەموو شوێنە ناشانۆییە بۆ شوێنی نمایش و دووبارە بە پێی پێویستی نمایشەکە دایبرێژێتەوە، هەروەها ئەکتەریش سەلیقە و توانای خۆی بەکاربخات بۆ زاڵ بوون بەسەر شوێندا.

بینەر وەکو هەمیشە لای ئێمە ڕەگەزە سەرەکی و پێکهێنەرەکەی نمایش بوو بەوەی کە سات بە سات بە دوای ئەکتەرەوە بوو و تینوی بینینی زیاتری دیمەنەکان بوو بەو بەڵگەیەی کە لە هەر گۆڕانێکی شوێندا و بەجێهێشتنی شوێن لەلایەن ئەکتەرەوە یەکسەر بینەری دوای ئەکتەر دەکەوت بەبێ ڕێنوێنی کردنی هیچ کەسێك بەڵکو ئەوە ئیشتیاقی خودی بینەر بوو بۆ نمایش و بینینی زیاتر و تێکەڵبوونی تەواوەتی لەگەڵ نمایشدا، لەمەش گرنگتر بەشداریپێکردنی









راستەخۆی بینەر لە نمایشدا لەو دیمەنەی کە جان دمۆ (کارگەر جەواد) لە دوای شکاندنی ئاوێنەکە پارچە ئاوێنەکان کۆدەکاتەوە و بەسەر بینەردا دابەشیدەکات و پێیان دەڵێ لە ووردبوونی حەیقەتدا ئێوەش بەشدارن. دواجار شانۆی ئێمە شانۆی بینین و هەست پێکردنە، شانۆی لەزەت و ئیستاتیکایە نەك تێگەیشتی کۆنکرێتی و سەپێنراوی پێشوەخت.

لە کۆتاییدا (تەنیایی خۆرئاوابوون) شەمەندەفەری ئەزموونکاریمانی گەیاندە وێستگەیەکی تر و جیاوازتر لە ئەزموونەکانی ترمان، بەم ئەزمونەشمان بەردەوامی خۆمان دایەوە بە گوێی شانۆکاران و ووتمان ئەوە ئێمەین کە هەر بەردەوامین لە گەرانە لابۆرییەکانمان و جار دوای جار قووڵتر ئەبینەوە لە شانۆدا پیرۆزتر بۆی ئەڕوانین و جدیتر کاری تێدا دەکەن.



نیهاد جامي

# یادەوەری كولتوری وبونیادی نەستی تێكست

بۆچی ڕووبەرووی تێكستی وێنەیی (جان دمۆ وتەنیایی خۆرئاوابوون) بووینەوە؟ چی وای كرد بیر لەوە بكەینەوە ئەم نمایشە لە قەڵای كەركوك نمایش بكەین؟ ئەزمونی من لەتەك بەیاننامەو سیناریۆ وێنەییەكانی سەڵاح ئەلقەسەب دەگەڕێتەوە بۆ زیاد لە پانزە ساڵ بەهۆی ئەوەی تەواوی ڕەهەندە تیۆریی ودیدگا شانۆییەكەی ئاشنابوومە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ساتێك مەبەستی ئەوەم نەبووە ئەزمونی ئەو بەرهەم بێنمەوە، بەڵكو سەرباری ئەوەی هەستم بە نزیكیەكی زۆر كردووە لەو جیهانەی ئینتیمای بۆ دەكەم لەلای ئەو بەدیم كردووە كە هەمان جیهانە خەونیەكەی ئەنتوان ئارتۆ بووە، بۆیە بە پرۆژەی جیاوازەوە ئیشم لەسەر ئەو جیهانە كردووە، وەك چۆن ویستومە خوێندنەوەیەكی ڕەخنەیی بۆ شانۆی ئارتۆش لەكرداردا بەئەنجام بگەیەنم ئەوەش پێشتر لە دوو پرۆژەی شانۆی ئەزمونگەری كەركوك دەركەوتووە، بۆیە هەر لەناو ئەو خوێندنەوە ڕەخنەییەوە ئەمجارەیان بەهەمان میكانیزم كە قەسەب خۆی باوەڕی پێیەتی و لە پیتەر بروك وەریگرتووە (ڕووخان/ بنیاتنان) ئێمەش لەبەردەم سیناریۆ نووسراوەكەدا هەروامان كردووە، چوارچێوەی گشتی كە پێكهاتەی بونیادی ئینتیما بۆكراو بوو كردمانە زەمینەی كارەكەو سەر لەنوێ وێنەو دیمەنەكانمان بە جەستە لەبۆشاییدا نووسیوەتەوە.

بەتایبەت كە كارەكتەری سەرەكی ناو تێكستی نووسراو یەكێك بووە لەشاعیرانی








ناو زیندەگی شارێك كە بەشێكە لە یادەوەری ڕۆشنبیریی ئێمە ئەویش جان دمۆیە، بۆیە ئەو دەمەی جان دمۆ وەك كارەكتەری سیناریۆكەو وەك كارەكتەری ناو ژیان بەر یەك ئەكەون ولەخەونێكی قەسەبەوە لەبارەی قەڵای كەركوكەوە ئەیگوازینەوە بۆ ناو حەقیقەتی ژیان.. ئەوە گەڕانەوەیە بۆ ووتەكەی ئارتۆ "شانۆ لاساییكردنەوەی ژیان نیە بەڵكو ژیان بۆخۆی لاسایكردنەوەیە" ئەو تێگەیشتنە كە لە بنەماوە لەبونیادی تێكستەوە لەلامان دەبێتە تەقینەوەی یەكەی گوتار هێلی سەرەكی نمایشەكەمان بۆ بنیات ئەنێت.

بونیادی ووشە ئەبێتەوە دەنگ نەك لەبەردەم دیمەندا، بەڵكو تەنانەت لەبەرامبەر ناونیشانیشدا بۆیە نیوەی ناونیشانەكە وون ئەبێت كە ناوی شاعیرەكەیە ئەوە بە سیستمێكی تایبەت ئەو دەمەی فلوتژەنێك بینەران بۆ خانوەكەی قەڵا بانگهێشت ئەكات تێكەڵی دەنگێكی كۆڕالی ئەبێت كە بانگەوازە بۆ ناوی جان، ووشە ئەبێتەوە جولە، جولە بەشداری لەووشەدا دەكات ئەوە پەیوەندیەكی دۆنادۆنیەتی نێوانی جولەو ووشەیە كە لەناو یەكەی دەنگی مۆسیقی ئەتمۆسفێرێكی تایبەتمەند لە شوێن بنیات دەنێن، ئەویش یەكەی كەرنەڤاڵی شانۆیە ئەو دەمەی دەنگی فلوتی مۆسیقارێك




ئاوێتەی خەون ویادەوەری وزەمەنی هەنووکەیی وئەو هەموو ڕقەی مرۆڤی ئێمە ئەبێتەوە، وێنەیەك لەبەرزایی شوێنەوە دەگاتە دوا پلەی توندوتیژیی ناخی مرۆڤەكان لەشوێندا ئەوە بیرهاتنەوەی ئەو هەموو تورەبیە کە بینەرو ئەکتەر لەبەریەککەوتنێکدا تورەبوونەکان دەگەیەننە لوتکە، بەڵام مۆسیقا ئەیەوێت ئەو تورەبوونە کە ئارتۆ لە شانۆدا بە پرۆسەی پاکژبوونەوە ناوی دەبات، مۆسیقا بەرەو بزاوتی ئینسانە لەناو وێنەکە تا لەگەڵ چوونی بۆ خانوویەکیتر بەرەو وێنەیەکی تر یا بەرەو قووڵایی دیمەنە شانۆییەکە هەنگاو بنێت کە جولەو دەنگ وەك وون بوونی مرۆڤەکان وون ئەبن ووشەو قوماش و ئەکتەر بەیەکەوە بەرەو ساتەوەختێکی فرە تەئویلی وفرە دەنگیمان ئەبەنەوە ئەوە گەیشتنە بەرەو شانۆیەکی فرە دەنگی (پۆلیفۆنی).

ئەو گەیشتنەی ئێمە لە شانۆدا لەوەی ناوی نمایشەکەمان بنێین شانۆیەکی پۆلیفۆنی بۆخۆی لە ئاستی میتۆدیەوە هەڵگری پرسیارو ڕەخنەی حیاوازە، چونکە شانۆی پۆلیفۆنی شانۆیەکە لەرووی مانای زاراوەییەوە واتای فرەدەنگی دەگرێتەوە، ئەو زاراوەیەش میخائیل باختین بۆ ڕۆمانی فرە دەنگی بەکاری هێنا، بەڵام لەرووی بەکارهێنانەوە ئێمە










پەیوەندیمان بەمانا (باختین) یەکەیەوە نیە، تەنانەت باختین بۆچوونی وابوو فرە دەنگی لەشانۆدا بوونی نیە، ئەوە وای لە هەندێك ڕەخنەگری شانۆیی کرد بەتایبەت عەرەبەکان بیانەوێ دژایەتی ئەو هەوڵە ئەزمونکاریانە بکەن بە بیانووی ئەوەی پۆلیفۆنیەت لە شانۆدا بوونی نیە، بەڵام لەڕاستیدا ئامادە نەبوونی پۆلیفۆنیەت لەلای باختین پەیوەندیی نەبوو بە نمایشی شانۆیی، بەڵکو باختین دوای ئەوەی لەناو دەقی شانۆیی بەدوای فرە دەنگی گەڕا گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە فرە دەنگی لە ناو شانۆ کە مەبەستی دەقی شانۆ بوو بوونی نیە .

ئێمە لەو بارەیە لەگەڵیدا هاوکۆکین وپێمان وانیە هەڵەیەك لەوەدا هەبێت، چونکە ئێمە نامانەوێ فرە دەنگی لەناو دەقێك بدۆزینەوە هێندەی فرە دەنگی وەك بونیادێکی کولتوریی جەستە دێنینە بوون، ئەوەش ئامادەبوونی جەستەیە لە پانتاییدا، ئامادەبوونێك ئامادەبوونی ئەکتەرو بینەرە لە ساتی نمایش لە شوێندا.

چۆن لەگەڵ دەق ڕەفتار دەکەین؟ وەك بینرا ئێمە دەقمان هەبە لەداهاتووش دەق دێنینە ناو کارەکانمان، بەڵام چۆن دەق لەناو شانۆدا دەخوێنینەوە؟ خوێندنەوەی دەق لەو پرۆژەی پشکنینە




خوێندنەوەیەکی ئەلتەرناتیڤە، بەهۆی ئەوەی ئێمە دەقی هەڵبژێردراو ناکەینە سێنتەری پرۆژەکە، بەواتای ئەکتەر هەڵناستێ بە نواندنی تێکستە شانۆییەکە، چونکە لە کەرنەڤاڵی کولتورییدا هێلێکمان نیە لەنێوان جەستەی کولتوری (ئەکتەر) و کارەکتەر، بۆ ئەوەی لە (هاودژبوون)ەوە بێت بەرەو (تێکەڵبوون) یەکەمیان هاودژبوونی کارەکتەر لەتەك ئەکتەر، کەوا لە ئەکتەر دەکات لە پرۆڤەدا تێکەڵی کارەکتەرەکە بێت، بۆ زیاتر ڕوون کردنەوە با ئەم نموونەیە بێنینەوە، کارگەر جەواد بەتەنیا کارەکتەرێك نیە ببێتە جان دمۆ، بەڵکو ئەوانیتریش ئەبنەوە ئەو کەسێتیە وەك لەکۆتایی دیمەنەکەدا تەنیا هەڵکەوت عەزیز لەخانووەکەدا ئەمێنێتەوە ئەو دەمە ئەو وەك کارگەر نوێنەرایەتی کەسێتیە سەرەکیە دەکات.

ئەوە دەمانباتە سەر تێگەیشتنێکیتریش لەبەردەم کەسێتی ناو دەقدا، لە کاتی دەست کردن بە پرۆڤە ئەو ئەکتەرەی ئەو رۆڵە ئەبینێت هاودژە لەتەك بۆچوون و دیدی نوسراوی کەسێتیەکە، واتە ئەو ئینتیما ئەدەبیەو ئەو شیکردنەوەی ڕەخنەگرە دۆگماکان بۆ کەسێتی ئەیکەن ئەو نایکات ولەکاتی مەشقەکان تێکەڵی ناخی کارەکتەرەکە نابێت، بەو مانایەی کە ئەکتەر ئەو کەسێتیە بێت وهەر یەکە








کەسێتیەك بێت دابڕاو لەوەیتر.. ئێمە ئەو پردی پەڕینەوەیەمان نیە، چونکە لەئەزموونی ئێمەدا جەستەی کولتوری بەپێی ئاگایی کولتوری خۆیەوە ئامادەی ناو ڕووبەری نمایش دەبێت، بۆیە لەناو (هاودژبوون) ەوە دێتە مەشقەوە، (تێکەڵبوون) لەلای ئامادە نابێت، چونکە نایەوێت ببێت بە کارەکتەری دەق، بەقەد ئەوەی دەیەوێ خۆی نمایشت بکات.

دەق لەو پرۆسەیە تەنها دەبێ بە یادەوەری کولتوریی. ئەو چەمکە (یادەوەری کولتوریی) چەمکێکی نوێی کارکردنمانە، ئەگەرچی لە قۆناغی دووەمی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك ئێمە چەمکێکمان هەبوو تا ڕادەیەك لەشوێنی ئەو چەمکە ئیشی دەکرد ئەویش (یادەوەری لەیادکراو) بوو. جیاوازی نێوان ئەو دووانە لەوەدا کورت دەکەینەوە، ئێمە لەبارەی یادەوەری لەیادکراو گەیشتبووینە ئەو دەرەنجامەی بڵێین، ئەو دەقە (پرۆڤە) پەیوەندی هەیە بە یادەوەری جەستەوە، کە یادەوەریەکی لە یاد کراوە، بەهۆی گەڕانەوەی لە ڕاهێنانەکاندا دەیگەڕێنێتەوە، بەڵام نەك بە هەستی منالی، بەڵکو بە ئاگایی کولتوریەوە یادەوەری ئامادە دەکاتەوە، ئێمە هیچ لەبارەی ئەو دەقەوە نازانین، تا ئەو شوێنەی یادەوەری لەیاد کراو نەهێنراوەتە

ناو ئەو پانتاییەوە، لەگەڵ ڕزگار کردنی یادەوەری لە هەڕەشەی لەیاد کردن، ئێمە دەبینە خاوەنی دەقی یادەوەری لەیاد کراو، لەیاد کردن دەیەوێ پێشبینی بۆ داهاتوو بخاتە ڕوو، ئەو خستنە ڕووە شوناسی زەمەنی هەنووکەیە، بەواتای پرسیار لە یادەوەری.. پرسیار نیە لە زەمەنێکی ئەرشیفکراو، بەڵکو پرسیارە لە ئێستامان، بەڵام ئەوە زەمەنی کرنۆلۆژی ئێستا نیە، بەوەی ڕووداوەکان ڕوویانداوە، بەواتای چیرۆکێکی شانۆیی نیە دیمەنەکانی بگێڕێتەوە، بەڵکو ئیشکردنەوەیەکی فەلسەفیە لەسەر چەمك، ئەو چەمکانەش چەمکی فەلسەفی ڕووت نین کە دووربن لە دنیای ئێمە، بەڵکو پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە واقعی زیندەگیمانەوە هەیە، چونکە بریتین لە "ژیان، مردن، دڵەڕاوکێ، ترس، فەنا بوون" ئەو چەمکانە پەیوەندیان بە جولە و دەنگەوە هەیە، لەو ڕێگایانەوە گوزارشتیان لێ دەکرێت، بەڵام ئێمە جگە لەوە کۆمەڵە ماتریالێکمان هەیە، ئەوانە بۆ کاری جوانکاری ڕووکەش نین، بەڵکو پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ڕەگەزی دەقی لەیاد کراو هەیە، ئەوانەش بریتین لە "ئاو، خۆڵ، ئاگر."

هەرچی ئەو چەمکە نوێیەی کارکردنمانە کە ناوی دەبەین بە یادەوەری کولتوریی پێش ئەوەی بێینە سەر ناسینی، دەمانەوێ ئەوە بخەینە ڕوو کە ئەو دوو چەمکە دابڕان لەتەك یەك ناخولقێنن، بەقەد ئەوەی تەواوکەری یەکترین، هەریەك لەو دوو چەمکە سەر بە قۆناغێکی دەست نیشان کراوە، کە گوزارشت لە ئەزمونی شانۆییمان دەکات لەو ڕووبەرەی کە کاری تیا دەکەین، بۆیە (یادەوەری کولتوریی) پەیوەست نیە بە یادەوەری منداڵی جەستە، بەقەد ئەوەی پەیوەستە بە دەقە شانۆییەکەوە.

دەق پەیوەستە بە زەمەنی ئەرشیفکراوی جەستەی کولتوریی، ئەوە یادەوەری کولتوریەتی، کە لەڕێگەی خوێندنەوە بووە بە بەشێك لە کولتوری جەستەی، بۆیە کاتێ دەیەوێ لەناو ئەو دەقەدا ئیش بکات، نایەت دەق بخوێنێتەوە، بەڵکو ئەو دەقە وەك یادەوەری لەناو نمایش بەکار دێنێتەوە، بۆ ئەوەش ئەو جەستەیە هەوڵ دەدات بونیادی نەستی دەق کەشف بکات، ئەوەی جەستەی کولتوری لەدەق دەیهێلێتەوە پەیوەندیی بە ووتراوەکانی ناو زمانی ئاگایی دەقەکە نیە کە ووتراوە، بەقەد ئەوەی نهێنی ئەو زمانە لەکوێ حەشار دراوە، ئەو دەیەوێت ئەو نهێنیە بدۆزێتەوە، ئەوەش دۆزینەوەی بونیادی نەستی دەقە.





بونیادی نەستی دەق ئێمەی بەرەو دەنگی مۆسیقارەکان برد ئەوە وای کرد ئامێرە مۆسیقیەکان وقوماشی ڕەش لەبەرەنجامی خوێندنەوەی بونیادی نەستیەوە بێنە بوون، بونیادێك ئەزمونەکانی پێشووی قەسەب ئەو ماتریالانەی نەهێناوە، چونکە ئەگەر وابوایە ئەبوو ئامێرە مۆسیقیەکان شکاو بوونایە، بەڵام لەلای ئێمە چونکە بەرەنجامی بونیادی نەستی بوو، بۆیە ئامێرەکان ئامادەبوونی دەنگ بوو لە شوێندا.

ئەو بونیادە بەدوای ئەو ستراتیژە دەدۆزرێتەوە کە دەق لەو پرۆژەی پشکنینە دەگۆڕێت بۆ دەنگ، بە دەنگ کردنی دەق لەڕێگەی گۆڕینی ووشەکان نیە بۆ دەنگ، بەڵکو لەڕێگەی خوێندنەوەی قووڵی سێنتەری گوتاری دەقە، ئەوەش بە هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر جارێکیتر جەستەی کولتوری لەڕێگەی چەندین دەنگی جیاوازەوە ئەو دەقە دەنووسێتەوە، نووسینەوەی دەق پەیوەست نیە بە هاوارکردنەوە، بەڵکو بێدەنگی ئاماژەیەکی دەنگە، وەك چۆن جولە دەنگە، بەهەمان شێوە دەنگ بەتەنیا دەنگ نیە.. دەنگ جولەیە، لێرەدا کاتێ کولتورە جیاوازەکان لەناو ڕووبەری نمایش ئامادەییان دەبێت.. ئەوە ئامادەگی فرە دەنگیە، بەهۆی ئەوەی هەر کولتورێك دەنگێکە، کە لەناو خۆی کۆمەڵە دەنگێکیتر پێك دێنێت.

هەر بونیادێك توانای ئەوەی هەیە ببێت بە دەنگێك، جەستە چۆن دەبێ بە دەنگ بەهەمان شێوەش جل وبەرگ دەنگە، بەڵام ئەو دەنگە دەنگی کولتورە.. کولتورێك کە لەناو خۆیدا چەندین دەنگ و فرە زەمەنی لەخۆیدا کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەش ئەو دیزاینەی لە جل وبەرگی ئەکتەرەکاندا بەدی دەکرێت کە بۆخۆی جل وبەرگێکی شانۆیی تایبەتە بەرەنجامی وێناکردنی ئێمەیە بۆ ئاماژەیەکی شانۆیی تایبەتمەند کە پەیوەست نەبێت بە زەمەنەوە وەك مانا فیزیکی وجوگرافیەکەی بەڵکو پەیوەستی ناو زەمەنی شانۆ بێت، ئەوەش پڕۆسەی ئامادە بوونەوەی فرە دەنگیە لەناو کولتوردا

پەیوەندیی نێوان کولتورو دەنگ لەسەر فرە ئاماژەیی دەمانباتە ناو پرسیاری جیاوازەوە، بەواتای شانۆی پۆلیڤۆنی شانۆیەکی سیمیۆلۆژیە، ئەوەش کاتێ خوێندنەوەی ڕەخنەیی بیەوێ گفتوگۆ لەتەك ئەو پڕۆژە ئەزمونکاریە بکات، پێویستی بەوەیە لەناو هەردوو میتۆدی سیمیۆلۆژیاو هەڵوەشاندنەوەگەرایی سیستمی ڕێکخەری گوتاری نمایش هەڵوەشێنێتەوەو بونیادە لێکترازاوەکان

تەئویل بکاتەوە، سەر لەنوێ لەڕێگەی نووسینەوەی مانا نمایشەکە بنووسێتەوە. ئەوەش سووربوونمانە لەسەر ئەو دیدە ئەزمونکاریە کە ئێمە لەناو میتا شانۆ کار دەکەین، کە گەڕانەوەیە بۆ ووتەکەی گرۆتۆفسکی کاتێ ووتی "ئێمە لەسەدەی میتا شانۆداین" میتا شانۆ گۆڕینی تەواوی ئەو ڕەهەندو تێگەیشتنە مەعریفییە بۆ شانۆ، کە شانۆ وابەستەی چوارچێوە ناسراوەکان و هونەرێك نەبێت بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا کە بە قوتابخانەی گەل ناوی بەرین، میتا شانۆ فێری ئەوەی کردووین کە شانۆ هونەرێکە لەناو خۆی بنیات دەنرێت، واتە نووسینی ئامادە کراوی بەر لەمەشق بنیاتی نانێت، بەڵکو کارکردنی ئەو ساتەوەختەی دەمانەوێ شانۆی تیا ئەنجام بدەین ئەوە سەرچاوە سەرەکیەکەی کارکردنە، ئەوەش ئیشکردنێکە پێویستی بە کائینی بەئاگا هەیە کە بۆ شانۆ ئیش بکات، نەوەك خەمی پرۆژەی کۆمەڵایەتی و سیاسی هێنابێتی بۆ شانۆ، بەڵکو خەمی شانۆ بۆ شانۆی هێنا بێت، تاوەکو بتوانێ لەناو تێگەیشتنێکی تایبەتمەندەوە ئیش بۆ زانستی شانۆیی بکات، ئەو زانستە واتە شانۆناسی بەرەنجامی پەیوەندیی نێوان شانۆ وزانستەکانە لەسەر بنەمای تیۆریی ومیتۆدیی، کە گەڕان وپشکنینەکانی ناو مەشق لەڕێگەی جەستەو دەنگ تیایدا ئەیدۆزێتەوە، ئەوەش خولقاندنی چەمك و تیۆریی تایبەت بەخۆی هەیە، کە بەرەنجامی پشکنینەکانیەتی، بنەماکانی لە گرۆتۆفسکیەوە سەری هەڵداوەو لەویشەوە دەمانەوێ ئەو دنیا نەدۆزراوەیە بدۆزینەوە، ئەوە دووبارە کردنەوەی ئەزموونی شانۆی هەژاری گرۆتۆفسکی نیە کە دەشێ کەسانێك بۆ خۆ ڕزگارکردن لە پرۆژەی ئەلتەرناتیڤ ئاوا کورتی بکەنەوە، بەڵکو گرۆتۆفسکی تەنها ڕێگاکەی پێ نیشانداوین، ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ ئەو ووتەیەی شەماڵ عومەر کە لەنامەیەکی تایبەتدا بۆی نووسیبووین "دڵنیابە لەوەی ئەو پیاوە مەبەستی بووە ئەو ئەرکە ئاڵۆزو قورسە بەخۆمان بسپێرێت "

ئەو دەمەی لە خانوێکی کراوەی چەند خانویەکی لەناو یەکی قەڵا ویستمان ئەو پرۆژەیە ئەنجام بدەین ئەو دەمە ئەو ووتەیەی شەماڵ زیاتر شەرعیەتی وەرگرت بەوەی گرۆتۆفسکی کارە ئاڵۆزو قورسەکەی بە خۆمان سپاردووە، بۆیە ئیشکردنەوە لە شوێن گەڕانێکی بەردەوام بووە بۆ ئیکتیشافێکی جیاواز کە خوێندنەوەی شوێن گرنگتر بکات لە خوێندنەوەی دەق تا ڕادەی ئەوەی بەبێ دەق شانۆ بوونی هەیەو بەبێ شوێن ناتوانین شانۆ بکەین.

ئەگەر ئەو ئیشکردنەوانە بەلای کەسانێکەوە خولقاندنی گومانێك بێت کە بمانەوێ گرۆتۆفسکی بۆ دووبارە بکەینەوە، ئەوە کاتێ بەدوای وەڵام بۆ ئەو قسانە بگەڕێین، گەڕانەوەیە بۆ ئەو قسەیەی پیتەر بروك وایە کە لە نامەکەی شەماڵدا هاتووە "گرۆتۆفسکی وەکو دارەکەی "ڤوودوو" وایە کە هەموومان بە چوار دەوریا دانیشتووین و ووزەی لێ وەردەگرین، بەڵێ گرۆتۆفسکی هێشتا وەکو سێنتراڵە لە شانۆی ئەمڕۆی جیهاندا" ئەو قسەیە پێمان دەڵێت ئەوە دووبارە کردنەوە نیە، بەڵکو ووزە وەرگرتنە لەو داهێنەرە، لەوێشەوە هەر یەکەمان دەتوانین جیاوازیەکانی خۆمان دیار بکەین، دیاری کردنی جیاوازیەکانمان خاڵی جەوهەری پرۆژە ئەلتەرناتیڤەکانە، کە ئێمە هەمیشە بەدوای ئەو خاڵە جیاوازانە گەڕاوین، نەك بزانین لەکوێ لەیەك دەچین، لەهەر کوێ لەیەکچوون نزیکی کردینەوە هەست بە کۆتایی دەکەین وسەر لەنوێ گومان ڕووبەڕوومان دەبێتەوەو دەکەوینەوە پرسیارکردنەوە، ئەو کاتانەی هەست دەکەین جیاوازین و جیاوازیەکانیشمان لەیەکتریمان نزیك دەکاتەوە، ئەوساتە بەڕاستی هەست بە نزیکی دەکەین لەڕۆحی ئەزمونەکانی یەکتری.

گۆڕینی شوێن بەتەنیا گواستنەوەی ئەکتەر نیە لە شوێنێکەوە بەرەو شوێنێکیتر بەڵکو ئەوە گۆڕینی زەمەنیە ئەو دەمەی بینەر وەك ئەکتەر بەرەو خانوویەکیتر هەنگاو دەنێت ئەکتەرەکان بەڕووتی دەبینێت ئەوانەی داپۆشراون بە قوماشی سپی بریتین لە مۆسیقارەکان.

مۆسیقا ئەتمۆسفێرێکی تایبەت ئەخولقێنێت تا ئەو دەمەی چەمکێکی پێرفۆرمانسی لەکارەکتەری جان دمۆ لەلایان هەڵکەوت وکارگەر بەرجەستە دەکرێت ئەوەش لەدەیالۆگەکەی کارۆخ دەردەکەوێت ئەو دەمەی لەباڵکۆنی خانووەکەوە دەڵێت "جان ئەوە کێیە بە قەڵا کۆنەکەی کەرکوکدا تێدەپەڕێت ئایا ئەوە ئەو کەسە یە ئێمە نایناسین" ئەو دەیالۆگە زۆر نهێنی گوتار دەخاتە ڕوو کە مرۆڤەکان تارمایی ڕۆحی جان دمۆ وئەو گوتارە ڕۆشنبیریەی ئەمرۆی ناو شارەکەیە، بۆیە گوتارێکە مرۆڤەکان بە ئاستێك ئاراستەی داهێنەرەکانی دەکەن بۆ شکاندنی ڕۆحی ئیبداع کە لەرەخنەیەکەوە بەرەو شکاندنی وێنەوە دەڕوات تا دەگاتە ئەوەی خۆشیانی پێ ڕووت دەکەنەوە ئەوەش بە شکاندنی حەقیقەت لەڕێگەی شکاندنی ئاوێنە لەلایان تارماییەکانەوە کە دواتر ئەو

قوماشە سپیەی ئاوێنەکەی پێ شاردرابۆوە ئەوان ئەیکەنە پۆشاك بۆخۆیان وجەستەی رووتیانی تیا حەشار ئەدەن وبەرەو خانوویەکی تر وون ئەبن.

لێرەدا پێویستمان بە هەڵوەستە کردنێکە کە شکاندنی ئاوێنە وەك خورپەیەك کەوتە بەردیدەی ئەو شانۆکارانەی کە مانایەکیان لەلای خۆیان خوڵقاندووە کە تەنیا دیدێکی خورافیانەی ئەوانە تا گەیشتۆتە ئەوەی شکاندنی ئاوێنە بە کارەسات ناو دەبەن بە قەولی جەهل کەبەشێکیان نمایشەکەشیان نەبینیووە تەنیا بیستوویانە شکاندنی ئاوێنە واتە شکاندنی گوتاری کوردبوون لە قەڵا بەو تەفسیرەی کە ئەوە شکاندنی ئەو گوتارەیە لەڕاستیدا شکاندنی ئاوێنە شکاندنی ئەو حەقیقەتەیە کە نیتچەو سەهرەوەردی باسی لێوە دەکەن کە حەقیقەت ئاوێنەیەك بوو بەدەست خواوە کەوتە خوارەوەو شکا ئێستا هەر پارچەیەکی بە دەستی مناڵێکەوەیە.. ئەوەش هەمان ئەو وێنەیە بوو کە جان دمۆ لەدوای شکاندنی ئاوێنە پارچە شکاوەکان کە حالەتێکی نەرسیسی بەرجەستە ئەکرد لە پارچەکانەوە دواین نیگای خۆی لەسەر بەجێ ئەهێشت وبەسەر بینەران دابەشی ئەکرد ئەوانیش سەیری خۆیان ودوا نیگاکانی جان دمۆیان تیا ئەکرد تا ئەیانبینی جان بەرەو دەرگای خانوویەکی تر هەنگاوی ئەنا ئەو دەمە بینەرانیش بەرەو خانووی سێیەم دوای ئەکەوتن.

لێرەوە بینەر وئەکتەر بەیەکەوە بەشداری لەوێنەیەکی شیعری بەرز ئەکەن تیایدا نوسەری تێکست سەلاح قەسەب لەتێکستێکی دەنگی تایبەت بە نمایشەکە قسە لە یادەوەری خۆی وجان دمۆ ئەکات ئەوەش وەك وێنەیەکی شیعری بەرز لەنێوان جان وتارماییەکان بەرجەستە ئەکرێت تا بەرەو پەیژەیەك جان وتارماییەکانی ئاوێتەی یەکتری ئەبنەوەو وەك زەمەنێکی وەستاو دوا نیگایان ئەگرنە بینەر بۆ ئەوەی دوا وێنەیان بگرن.

ئەو پرۆژەیە سەرەتایەکیترە بۆ ناو شانۆیەك کە بەرەو دیدێکی جیگیرتری گوتاری بینین وبونیادی کەرنەڤاڵی دەڕوات دەیەوێ لەوەش دەری بکات کە شانۆیەکی نوخبەوی بێت، بەڵکو بەرەو شانۆیەکی ئاست بەرز کە یەکانگیر بێتەوە لەگەڵ خەون وخواستی بینەر، بەڵام نەك دابەزێتە ئاستێکی نزم، بەڵکو ئێمە بڕوامان وایە پێویستە زمانی شانۆو گوتارەکەی ئاستێکی بەرزی هەبێت ئەوەش ستراتیژی گوتاری ئێمەیە لە گروپی شانۆی کولتوری خاڵی گواستنەوەی ئەو گروپەو تیپی ئەزمونگەری کەرکوکە کە ئیدی شانۆی ئێمە شانۆی نوخبە نیە ئەگەر پێشتر







بەتەنیا لەگەڕانی ئەزموونیدابووین ئەمێستا دەستکەوتەکانی ئەو ئەزمونە ئەگوازینەوە بۆ پرۆژەو رووبەری فراوانتر کە نمایشی (تەنیایی خۆراوابوون) سەرەتای ئەو کارە بوو هەنگاوەکانی دواتر زیاتر سیماکانی ئەم شانۆیە دەخاتە روو کە دەیەوێت لەو دیدگا فەلسەفیە شانۆییە قوڵبێتەوە.. لەگەڵ پرۆژەکانی داهاتوو زیارت سیماکانی پرۆژەکان خۆیان دەخەنە روو.

# خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ مەراسیمی رۆژی شانۆ لە کەرکوک

رێبین قادر

من خۆم پێ شانۆکار نیە بەقەد ئەوەی خۆم پێ ئارەزوومەند یان بینەرێکی شانۆیە، بۆیە ئەوەی کە من لە ماوەی ئەم چەند ساڵە لە شانۆی کەرکووك بینیوومە، لە فیستیڤاڵەکان بێت یان لە مەراسیمە تایبەتەکانی شانۆ بە تایبەت لە مەراسیمی ڕۆژی جیهانی شانۆ، چ لە ناو پەیمانگای هونەرەجوانەکان بێت یان لە دەزگا و ڕێکخراوەکانی تردا بێت هەمان هەڵە دووبارە دەکرێتەوە هەمیشە ڕستەیەك دووبارە دەکرێتەوە ئەویش (هەوڵ دەدەین لە ساڵی داهاتوودا کارەکان باشتر بێت هەڵەکان دووبارە نەبنەوە)، ڕاست دەکەن لە ساڵی دواتر ئەو هەڵانە دووبارە ناکەنەوە، بەڵکو هەڵەگەلێکی زیاتر و خراپتر دەکەن کە ناکرێ بەسەر وەها دەزگایەکدا تێپەڕێت، ئێمە لە بری ئەوەی بەرەو باشتر هەنگاو بنێین بە پێچەوانەوە بەرەو دواوە ئەگەڕێینەوە.

من دەمەوێت خوێندنەوەیەك بۆ کارەکانی مەراسیمی ڕۆژی جیهانی شانۆ لەمساڵدا لە شاری کەرکوك بکەم. ئەگەر دەسپێك بۆ شانۆگەری (من کێم؟) بێت کە دەرهێنانی (نەژاد نەجم) بوو ئەبێ بپرسم ئایا دەقی ئەو ئەو نمایشە ئامادەکراو بوو یاخود بیرۆکە بوو؟چونکە لە سەر ڤۆڵدەری ئیشەکە نوسرابوو ئامادەکردن و لە هەڵمەتی ڕاگەیاندنی ئیشەکەشدا لە ئەنتەرنێت نوسرابوو بیرۆکە!!! کە ئەمە دووفاقیەتێکی خەتەرە چونکە ئەگەر ئامادەکراو بێت ئەوا پێویستە ئاماژە بە ناوی دەقە سەرەکیەکە و ناوی نوسەرەکەشی بدرێت.

ئەوەی کە لەو بەرهەمەدا پێشچاو دەکەوت ئەوە بوو کە دەرهێنەر کۆمەڵێك دیمەنی جوانی دروست کردبوو بەبێ ئەوەی کە زەرورەت وابخوازێت واتا گرنگی بەلایەنی ڕووکاری دابوو زیاتر لەوەی کە گرنگی بە لایەنی فیکری و بابەتی نمایشەکە بدات، ئەوە یەکێك بوو لە خاڵە لاوازانەی نمایشەکە کە دەبووە هۆی دابڕانی تەواوەتی بینەر لەگەڵ نمایشدا.

لە ڕووی نواندنیشەوە دەرهێنەر ڕووبەرووی کێشەیەکی تر ببوو ئەویش گرنگی پێدانێکی زیاد لە پێویست بوو بە (عومەر محەمەد) کە بەردەوام کۆمەڵێك جوڵەی نا پێویست و زیادەڕۆیی بوون و زیاتریش هەوڵی دەدا کە سەنتەری نمایش بێت و تەواوی ئاماژە و شفرەکان لای ئەوەوە ئاراستە بکرێت ئەمە بەرادەیەك هەستی پێدەکرا کە بوو بووە هۆی لاواز کردنی تەواوی ئەکتەرەکانی تریش.

دەرکەوتنی دەرهێنەر و جێبەجێکاری ڕووناکی و موزیکژەنەکان لەسەر تەختەی شانۆ هیچ گرنگی بۆ لایەنی فکری ئیشەکە نەبوو بە قەد ئەوەی کە هەولێك بوو بۆ ئەوەی شتێکی تازە بێت و پێشتر کاری لەسەر نەکرابێت و ئەوەندە هەوڵی ئەوە






نەدرابوو کە کارێکی وەهای لەسەر بکەن کە پەیوەندیەکی لەگەڵدا دروست بکەن تا سوود بە کۆی نمایشەکە بگەیەنێت و ئەو دیمەنەی کە لەسەرەتا و لە کۆتایی نمایشەکەش بوو بە هەمان شێوە خزمەتیکی بە ئیشەکە نەگەیاندبوو بە قەد ئەوەی کە حەزێکی کاتی دەرهێنەر خولڤاندبووی. خۆ ئەگەر لەسەر لایەنی تەکنیکی نمایشەکە قسە بکەین ئەوا ئەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە مۆسیقا و ڕووناکی بەشێوەیەکی جوان و دروست کاری لەسەرکرابوو و کۆنترۆڵی نمایشەکەشی کردبوو، زۆر جار دابڕان لە نێوان بینەر و نمایشدا دروست دەبوو بەڵام موسیقا دووبارە ئەو پەیوەندییەی دروست دەکردەوە، بۆیە کارکردن لەسەر موسیقای زیندوو لەو شانوییەدا کاریکی گونجاو بووکە مایەی دەسخۆشی بوو. دەرهێنەر لە کۆتاییدا جارەسەرێکی پێ نەبوو بۆ ئەو کێشەیەی کە خستیە ڕوو چونکە هەموو کەسێك ڕۆژانە ئەو پرسیارانە لە خۆی دەکات: (من کێم؟ ئێمە کێین؟ بۆ ئەژین؟ بوون و نەبوونمان چی بە ژیان ئەبەخشێت؟....) ئەوەی لەو نمایشە بینیمان تەنها گێڕانەوەی واقع بوو بەبێ بوونی هیچ گۆڕانکارییەك هەروەك شانۆکاری ئەڵمانی برتولڵد برێخت دەڵێت "گرنگ لێکدانەوەی ژیان نیە بەڵکو








دروستکردنی گۆڕانکاری ڕیشەییە"، بەڵام لەگەڵ خستنە ڕووی ئەو تێبینیانەشدا شانۆیی (من کێم؟) ئەزموونێکی باش بوو بۆ ڕۆژی جیهانی شانۆ چونکە بە هەموو مانایەك باشترە کە ساڵانە لەو ڕۆژەدا کاری شانۆیی نمایش بکرێت نەك پێشکەشکردنی گۆرانی و کۆنسێرت.

شانۆیی (مێژوویەك لە تەنەکە) دەرهێنانی عەزیز عومەر بوو، ئەم نمایشە لە ڕووی دەقەوە دەقێکی ئاڵۆز بووو دیمەنەکانی دوور و درێژ بووکە مێشکی بینەر جەنجاڵ و ماندوو ئەکرد و تێگەیشتن و لێکجیاکردنەوەی ڕووداوەکانی ئاسان نەبوو. دەقەکە باسی لە مێژووی نەتەوەیەك دەکرد کە بە درێژایی ژیانیان لە ژێر دەستی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر چەوسابوونەوە بەڵام لە کۆتاییدا دەسەڵاتەکەیان ڕووخاند و سەرکەوتن بەسەریدا.... ئایا ئەم گۆڕانکارییەی نەتەوەیەك شایانی ئەوەیە ناوی بنرێت مێژوویەك لە تەنەکە؟ لە ڕووی تەکنیکیەوە دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی دابوو کە کۆمەڵێك شتی تازە لەسەر شانۆ دروست بکات کە پێشتر کەسێك لە کەرکووك کاری لەسەر نەکردبن، مەبەستی بوو تەنها بە ڕووکار بیرۆکەکە بگەیەنێت بەڵام لە هەندێك شوێن هەست دەکرا کە لایەنی ڕووکاری تەواو زاڵ دەبوو بەسەر لایەنی فکری ئیشەکەدا، لایەنی

ڕووکارییەکەش بە شێوەیەکی دروست جێبەجێ نەکرابوو بگرە لە هەندێ دیمەندا فەوزایەکی وەها دروست دەبوو کە تەواوی نمایشەکەی دەشێواند لە ڕووی نواندیشەوە ئەکرێ ئاماژە بە ڕۆڵی (شادیە جەزا) بدرێت کە باشتر لە ئەکتەرەکانی تر دەردەکەوت و بە شیوەیەکی سەرنجراکێش ڕۆلی بەرجەستە دەکرد لەبەرامبەریشدا دلێر چالاك لە سەرووی هەموو ئەکتەرەکانی ترەوە کە بە فەوزاکەیان ببونە مایەی بیزارکردنی بینەر و ئارەزووی جێهێشتنی هۆڵەکە بکەن. بەکارهێنانی دیکۆریش گونجاو نەبوو لەگەڵ نواندندا کە دەکرا کاری زیاتری بۆ بکریت، دیکۆر سەرنجی بینەری ڕادەکێشا هەندێ جار هەست بەوە دەکرا کە ئەکتەرەکان نامۆن بە دیکۆرەکە کە ئەمەش بۆ کەمی و خراپی پرۆڤە دەکەڕێتەوە.

سێیەم نمایشی مەراسیمەکەش شانۆیی (تەنیایی خۆرئاوابوون) بوو لە دەرهێنانی نیهاد جامی، هەڵبەتە ئەمە یەکەم بەرهەمی گروپی شانۆی کولتوری شتێکی جیاواز بوو لە بەرهەمەکانی پێشووی ئەو کۆمەڵە شانۆکارە کە پێشتر لە ژێر ناونیشانی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کاریان دەرکرد، دیاری گۆرینی ناوی تیپەکە خۆی لە خۆیدا مانای ئەوەیە کە لەمەولا ستایلی ئیشکردنیشیان دەگۆڕن، دەکرێت بڵێین کە کاری ئەمجارەیان پەیوەندی تەواوی بە کولتورەوە هەبوو ئەگەرچی پێشتر ئەم گروپە هەر لە شوێنە مێژووییەکاندا کارەکانیان نمایش دەرکرد بەلاّم ئەمجارە جۆری کارەکەیان جیاوازتر بوو لە کارەکانی پێشووتریان و کارە شانۆییەکانی تری کەرکووك، لای ئەو گروپە شوێن دەبێتە دیکۆری نمایش بەبێ دەسکاری کردن واتا دیکۆری دروستکراو لای ئەوان بوونی نیە بەڵکو شوێنی نمایش هەیە، کارکردن لە فەزایەکی فراوانی لەم شێوەیە خۆی لە خۆیدا موجازەفەیەکی گەورەیە، ئەگەرچی پێشتر کۆمەڵێك خەڵك هەبوون پێیان وابوو شوێنی نمایشی (زولیخا لە خەونی یوسفدا) موجازەفەیەکی گەورە بوو بۆ دەرهێنەر و ستافی کارەکە بەلاّم من پێمووایە کە موجازەفەی گەورەی ئەو گروپە لەم کارەیاندا بووە چونکە ئەستەمە بتوانرێت پانتاییەکی وەها تەنها بە جەستەی ئەکتەر پڕبکرێتەوە، ئەم شانۆییە لە دوو خانووی کۆنی قەلاّ نمایش کرا کە نزیکەی نۆ شوێنی جیاواز لەو دوو خانووەدا بەکارهێنرابوو بۆ شوێنی نمایش و بینەریش بەشداری نمایشەکەی کردبوو بە گەڕانیان بە دوای ئەکتەرەکاندا، لە ئەزمونەکانی پێشوویاندا کە تەنها جەستە







و دەنگ بوونی هەبوو بەلاّم لەم بەرهەمەیاندا شانبەشانی جەستە و دەنگ حیوار بوونی هەبوو لەگەڵ ئامادەیی دەنگێگی تۆمارکراودا کە ئەویش دەنگەی نوسەری شانۆییەکە بوو، ئەمانەش ئەو دەسکەوتە تازانە بوو کە دەرهێنەر لەم بەرهەمەیدا پێیگەیشتبوو، لەم نمایشەدا لایەنی فیکری زاڵ بوو بەسەر نمایشدا و بە لایەنی فکری لایەنی ڕووکەش دروستکرابوو، خاڵێکی تری ئەم نمایشە بوونی موزیکژەن بوو کە هاوتای ئەکتەرەکان کاری نواندنیشیان دەکرد ئەگەر باسی نواندن بکەین لەو شانۆییەدا ئەوا ئەبێت پێشتر بیر لە شوێنی نمایش بکەینەوە چونکە لە بەرکارهێنانی شوێنێکی لەو جۆرە پێویستمان بە ئەکتەری زۆر بە توانا هەیە، بەلاّم سستی و لاوازی بە تەواوی ئەکتەرەکانەوە دەبینرا ئەویش بەرای من بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە وەکو فراوانی شوێنی نمایش و دابڕانی ئەکتەرەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لە کاری شانۆیی کەمی پرۆڤە و خۆئامادەکرن بۆ نمایش. ئەمەش وایکردبوو کە هەندیجار بە ڕوونی هەست بەوە بکرێت کە جووڵەکان (دروستکراون.(

دوای ئەم مەراسیمە پێویستە ئێمە بپرسین: ئایا لە شاری کەرکوك شانۆ لە چ ئاستێکدا بوو و ئەمساڵ لە چ ئاستێکدا بوو؟ ئایا ئەو کارانەی کە لە ماوەی ئەو ساڵەدا لە کەرکووك نمایش کرا تاچەند سلبیات و ئیجابیاتیان هەیە؟ دواتر دەبێت دیسان بپرسین: ئایا تا چەند ئەو کارانە خزمەتیان بە شانۆی کەرکوك کردووە؟ خیتابی ئێمە چیە لە کارەکانمان و دەمانەوێت چی بە بینەر بگەیەنین؟ ئەگەر ئێمە بە کەم بۆ بینەر بڕوانین ئەوا بەدڵنیاییەوە بینەر دەتۆڕێنین و جارێکی تر شانۆ بەرەو قەیران دەبەینەوە

# تەنیا بۆ مێژوو.. سیروان بێلانە

قسەکردن لە قۆناغێکی مێژوویی بەبێ بەڵگەو دیکۆمێنت لەهەر بوارێکدا بێت تووشی هەڵەو خوێندنەوەیەکی دوور لە واقیع دەکات چونکە کارێکی لەو جۆرە هەوڵ وماندوو بوونێکی جدی دەوێت ئەگەر مەبەست لەو کارە خستنە رووی راستەیەکانی ئەو سەردەمە بێت وەکو خۆی، ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە قسەی لەسەر بکەم مێژوویەکە زۆر دوور نیە تاوەکو بە ئارەزووی خۆم قسەی لەسەر بکەم بەتایبەت ئەو زەمەنە بەڵگەو دیکۆمێنتی باشی هەیە ولەبەر دەستتدایە ووردتر بڵێم مەبەستی من بزاڤی شانۆی کوردیە لەشاری کەرکوک لە ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٣.

بەداخەوە لێرەو لەوێ گوێم لە سرینەوەی هەوڵ وماندووبوونی چەندین تیپی شانۆیی وشانۆکاری چالاک دەبێت لەلایەن کەسانێکەوە کە هونەری ئەو سەردەمە بە گشتی و شانۆ بەتایبەتی زۆر بچووک دەکەنەوە هەروەکو ئەوەی هیچ نەبووبێت، بۆیە لێرەدا بێ زیادەڕۆیی وبەکورتی هەروەکو خۆی باسی ئەو ساڵانە دەکەم، دیارە مەبەستم هەڵسەنگاندنی بەرهەمە هونەریەکان نیە، چونکە کاری هونەری لەهەموو زەمەنێکدا قسە هەڵدەگرێ.. لەگەڵ هەموو ئەو بەربەست وکۆسپانەی کە رووبەرووی هونەرمەندان دەبوونەوە لەلایان ڕژێمی بەعسەوە.

دووبارە شانۆی کوردیان گێڕایەوە نێو گۆڕەپانی کەرکوک وئەو سەردەمەیان









زیندوو کردەوە کە شانۆی کەرکوک بەشێکی گرنگی شانۆی کوردستان بوو، هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی شانۆکارانی ناو شاری کەرکوک کە ئاوارەی شارەکانی تری کوردستان بوون لەهەوڵی بەردەوامدابوون بۆ بەرز ڕاگرتنی پێگەی شانۆی کەرکوک لە کوردستاندا.. چەند خاڵێکی ئەو قۆناغە دەخەمە روو بۆ بەرچاو روونی شانۆکاران تاوەکو خەڵکانێك هێلی راست وچەپ بەسەر قۆناغێکی گرنگی مێژووی شانۆی کوردیدا نەهێنن.

یەکەم: وەکو زەروورەتێکی مێژوویی وبۆ ئەکتیڤ کردنی بزاڤی شانۆی کوردی لە شارەکەدا چەندین تیپی شانۆیی بوونی خۆیان ڕاگەیاندوو شانۆی کوردیان دەرباز کرد لەوسڕبوونە دوور ودرێژیی کە تووشی هاتبوو لەپاش ساڵی ١٩٧٥ەوە بەشێك لەو تیپانە تا ئەمڕۆ بەردەوامن لە کاری هونەری خۆیان ونەفەسی درێژیان ئەوە دەردەخات کە لە بۆشاییەوە نەهاتوون.

دووەم: بە بەراوورد لەگەڵ ئەمڕۆدا جەماوەری شانۆ لەو قۆناغەدا لە لووتکەدا بوو بەتایبەت لە رووی ئامادەبوونی رۆشنبیران وهونەرمەندان و نووسەرانەوە جێی ئاماژە پێکردنە کە هاتنە ژوورەوەی جەماوەر لەزۆربەی بەرهەمەکاندا بە پلیت بوو کەچی لە رۆژێکدا دوو شانۆیی نمایش دەکراو هۆڵەکان شوێنی کەسی تری لێ نەدەبۆوە، رەنگە کەسانێك بڵێن ئەو نمایشانە کۆمیدی وبازرگانی بوون وبەشەرمی بزانن بۆ ئەمڕۆ وەکو ئەوەی بڵێی کۆمیدیا گرنگی تراژیدیای نەبێت لە شانۆدا.... ئەی وانیە؟

سێیەم: خاڵێکی گرنگی ئەو قۆناغە بەشداریکردنی شانۆی کوردی بوو لەچەندین فێستڤاڵی شانۆیی لەسەر

ئاستی عیرا قبه وەرگرتنی خەلاتیشەوە.

چوارەم: بەستنی کۆڕی ڕەخنەیی لەدوای نمایشەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی بەرهەمەکە، چونکە مەبەست لە کۆڕەکە خزمەتی شانۆی کوردی بوو نەوەکو ململانێی نێوان تاکەکان.

پێنجەم: نمایشکردنی چەندین شانۆیی لە دەرەوەی هۆڵی شانۆ بە هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو، دیارە هەر دەرهێنەرێك هۆکارو خوێندنەوەی خۆی هەبووە بۆ چوونە دەرەوەی هۆڵ وبەڵگەی نمایشی ئەزموونگەری جوانم لایە لەنێو هۆڵەکانی شانۆ ولە دەرەوەی هۆڵیش لەو زەمەنەدا.

شەشەم: سازدانی چەندین دیدارو فێستڤاڵی شانۆیی تایبەت بە شانۆی کوردی بە بەشداری قەزاو ناحیەکانی دەوروبەری شاری کەرکوك.

حە وتەم: لەبەر ئەوەی هیچ تیپ وگروپێك مۆڵەتی فەرمی نەبوو لایەنی دارایی ودابینکردنی سەرجەم پێداویستیەکانی نمایش دەکەوتە ئەستۆی تیپ یاخود بەشداربووانی نمایشەکە، لەو رۆژگارەدا کە هەموومان دەزانین ژیان چەند سەخت بوو.

هەشتەم: کەس ناتوانیّ بڵێت شانۆی ئەو زەمەنە بیّ بەش بووە لە جوانکاری ومەعریفە لەبەر ئەوەی بەدەیان پسپۆڕو دەرچووی ئەکادیمی کاریان کردووە لەو قۆناغەدا خۆ ناکریّ هەموویان هیچیان نەزانیبێت لە ستاتیکاو وشیاری شانۆ بۆ ئەو ماوە دوورو درێژە خەڵکیان فریو دابێت.

نۆیەم: پاش ئەوەی شانۆکاران باوەڕی تەواویان لەلا درووست بوو کە شانۆی کوردی لە کەرکوکدا گەشەیەکی باشی کردووە بیریان لەوە کردەوە کە نمایشە شانۆییەکان ببەنە شارەکانی تری کوردستان ئەوە بوو لەلایەکەوە چەند شانۆکارێك پەیوەندیان بە (سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی کەرکوك) وە کرد لەلایەکی ترەوە (تیپی شانۆی ئاشتی) پەیوەندی کرد بە (وەزارەتی رۆشنبیری ئیدارەی سلێمانی) وە...

هەرچەندە هەوڵەکان بیّ ئاکام بوون لەبەر چەندین هۆکار کە ئێرە شوێنی باسکردنیان نیە، بەڵام دواتر لەڕێگەی ئەو پەیوندییانەوە پردێك درووست کرا لەنێوان شانۆکارانی ناو شاری کەرکوك وشانۆکارانی شارەکانی تری کوردستان لەو زەمەنەدا کە سوودی ئەو پەیوەندییانە پاش ساڵی ٢٠٠٣ بەرچاو کەوت.

بەدڵنیاییەوە ناتوانم لە بابەتێکی لەم چەشنەدا مافی ئەو قۆناغە بدەم، چونکە





شانۆی ئەو زەمەنە بەهەموو لایەنە پۆزەتیڤ ونەگەتیڤەکانیەوە بناغەیەکی پتەو زەمینەیەکی لەباری بۆ شانۆی پاش پرۆسەی ئازادی درووست کرد، دیارە من ناتوانم نکوڵی لەوە بکەم کە نمایشی لاواز لەو قۆناغەدا هەبووە وچەندین بەناو شانۆکار خۆیان بە شانۆوە هەڵواسیبوو...

من باوەڕم وایە کە تا ئەمڕۆش شانۆی لای ئێمە حەزو ئارەزووە وتا ئەو ساتەی کە شانۆ دەبێت بە پیشە ئێمە لە قالبی (حەزو ئارەزوودا) کار دەکەین.

هەروەها نابێن نکوڵی لەوە بکەین کە شانۆی کوردی چ سوودێکی لە شانۆی جیهانی وەرگرتووەو ئەوەش وای کردووە زۆرکات لاساییکردنەوەیەکی نازانستیانەی شانۆی جیهانی بکەین وخۆمان بەوە نیشان بدەین هەریەکەو لەژێر کاریگەری ناوێکی دیاری دونیای شانۆدا کاری پرۆفیشینالانە دەکەین.

لەکۆتایی دەڵێم ناکریّ نەوەی ئەمڕۆ هێڵی ڕاست وچەپ بەسەر قۆناغێکی گرنگ وپڕ لەهەوڵ وماندوو بووندا بهێنیّ، چونکە پاش (١٠) ساڵیتر نەوەیەکی تر دێت ودیسان ئەوانیش هێڵی ڕاست وچەپ بەسەر ئەم قۆناغەی ئێستادا دەهێنن وبەو شێوەیە شانۆی کوردی لە کەرکوکدا زەرەرمەندی یەکەم دەبێت، بۆیە لێرەوە داوا دەکەم ئەگەر خوێندنەوە بۆ زەمەنێك دەکەین بەووردی و وەکو خۆی بیخەینە ڕوو نەك بەشێوەیەکی ڕەها ئەو مێژووە ڕەتکەینەوە.

# کێشەکانی شانۆی کەرکوک لە مێزگردێکی شانۆییدا



**سازدانی: هەڵکەوت عەزیز**





بەشداران: نیهاد جامی (گروپی شانۆی کولتوری) شوکر ساڵەیی (پەیمانگای هونەرە جوانەکان) عەزیز عومەر (شانۆکار)

بەمەبەستی قسەکردن لەسەر دۆخی شانۆیی لەشاری کەرکوک وگرفتەکانی ئەو گوتارە شانۆییە ئەو مێزگردەمان سازکردووە بۆ ئەوەی بەدوای ڕێگاچارەیەکی کێشەکان بگەڕێین وبتوانین لە ئاستی شانۆکەماندا گفتوگۆ بکەین .

هەڵکەوت عەزیز: بەو پێیەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوک دەزگایەکی گرنگە بۆ پێگەیاندنی هونەرمەند، ئایا ئەو پەیمانگایە لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە تا ئەمرۆ چی بە شانۆی کەرکوک بەخشیوە؟

شوکر ساڵەیی: ئێمە توانیومانە چەند خوێندکارو قوتابیەك پێبگەیەنین کە بەهرەمەند بوونە، هەموشیان جێپەنجەیان دیارە ساڵ دوای ساڵ چەند وەجبەیەك پێگەیشتون و مامۆستاکانیش هەوڵ و کۆشش ئەدەن وەك سەربازی ون ماندوو ئەبن تا بتوانن خزمەتی ئەو بەهرەمەندانە بکەن و پەرەیان پێبدەن بە کچ و بە کوڕ و لە هەموو نەتەوەکانی شاری کەرکوك، پێم وایە جێی دەستمان دیارە، لە ساڵی ٢٠٠٥ وە کاتێك بەرەسمی مۆڵەتی پێدرا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیمان بە



**نیهاد جامی**

هەوڵ و کۆششی دڵسۆزان لە وەزارەتی پەروەردەو بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگاکان و مامۆستایان و لێپرسراوانی کەرکوك توانیمان ڕۆژ بە ڕۆژ شانۆ بەرەو پێشتر بروات و بتوانین چەمکی شانۆ فەلسەفەی شانۆ دروشمی ئاشتی و خۆشەویستی پێکەوە ژیان لەم شارەدا بەرەو پێشتری بەرین بە بێ جیاوازی لە گەڵ هەمونەتەوەکان.

هەڵکەوت عەزیز: دەسکەوتەکانی شانۆی ئەزمونگەری چی بوە لە شاری کەرکوك بەو پێیەی ئێوە هەم تیپەکەتان بە ناوی ئەزمونگەری بوو هەم کارەکانیشتیان ئەزمونگەری بوون؟

نیهاد جامی: سەرەتا شتێك نیە کە دابڕاو بێت و بڵێت ئەمە پەیمانگای هونەرە



هەڵکەوت عەزیز

جوانەکانەو ئەمە تیپە شانۆییەکانەو ئەمە گروپە تەقلیدیەکانە، چونکە لە شارێکی وەکو کەرکوك دواتر هەموو بەشەکان بزوتنەوە شانۆییەکە دروست ئەکەن، لەوانەیە بە دەگمەن لە شاری کەرکوکدا ئەوە رویدابێت کە تیپێك پسپۆری لە بوارێکی تایبەتمەند بوبێت، ئێمە لە تیپی شانۆی ئەزمونگەری ویستومانە بە کۆمەڵێك قۆناغ ئیش بکەین، مەبەستی سەرەکیشمان ئەزمونکردن بووە، پێش هەموو شتێك کە تیپی ئەزمونگەری دامەزرا هاتینە دەرەوەی هۆڵ مەسەلەکە ئەوە نیە کە هەر شانۆیەك لە ناو هۆڵ کرا ئەزمونگەری نیە ئەوانەی دەرەوەی هۆڵ ئەزمونگەرییە، ئێمە بە قۆناغ ئیشمان کرد قۆناغی یەکەم ئەزمونکردن بوو لە دەرەوەی بیناسازی تەقلیدی شانۆ، هاتین ئەزمون بکەین لەرێگەی جەستەی ئەکتەرەوە، ئەوەبوو ئێمە لەو قۆناغەدا پێنج پرۆژەمان هەبوو، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا جیاواز بوو ئێمە پرۆژەیەکی ئەلتەرناتیڤمان هەبوو.

هەڵکەوت عەزیز: ئەو ئەولتەرناتیڤە چی بوو کە ئێوە هەتان بوو؟

نیهاد جامی: دەنگ بوو، تێکست و دەق وەك بیرۆکەش قبوڵمان نەکرد، ئێمە راهێنان و مەشقمان هەبوو، مەشقێکی درێژخایەنمان هەبوو، چاوەڕێ نەبوین نمایشی شانۆیی بەرهەم بێنین بەڵکو ئەوەی بۆ ئێمە گرنگ بوو مەشق و راهێنانەکانمان بوو لەو بیرۆکانە و ئەگەراینەوە بۆ ئەفسانەکان و سروتەکان، دیارە ئەو قۆناغەش پرۆژەیەکی درێژ خایەن بوو، جگە لە شاری کەرکوك کە چوار کارمان تیای بەر هەم هێنا، چوار کاری تریشمان لە رانیەو هەڵەبجەو دەربەندیخان و کۆیە ئەنجامدا، ئەزمونکردنەکەش بۆ ئێمە دەنگ بوو ناومان نابوو (میتا حیکایەت) واتە لەو دیو سێنتەری حیکایەت، قۆناغی سێیەم کە زۆر زۆر گرنگ بوو شانۆی پۆلیڤۆنی بوو لەو قۆناغەشدا ئەمان وت تێکست دەنگە





هەموو شتێك دەنگە واتە ئەزمونێك بێت هەموو ئەو قۆناغە ئیشکردنانەی تیا بێت، ئەوەبوو دوای ئەوەی قۆناغی سێیەم بە چوار پرۆژەی تر تەواو بوو، ئێمە هەستمان کرد خەریکە خاسیەتێك دروست ئەبێت ئەوەی ئێمە کردومانە وەك ستایلی شانۆی ئەزمونگەری لە گەڵ رێزمدا لە لایەن هەندێك گروپ و هەندێك برادەر بینیمان وەکو ئێمە ئیشەکە کرایەوە، ئێمە رامانگەیاندو وتمان شانۆی ئەزمونگەری تا ئێرەو مەهامی تەواو بوو تیپەکە هەڵوەشایەوە، ئەوەبوو گروپی شانۆی کولتوریمان راگەیاند، واتە ئێمە ئێستا ئەزمون ناکەین وەك ئەزمون بەڵکو کۆمەڵێك ئیکتیشافات هەیە لە شانۆی ئێمەدا کە پێی گەیشتووینە ئەویش لەناو کولتورو پۆلیڤۆنیەت و دەنگدا خاسیەتی سەربەخۆو جیاوازی بە ئێمە بەخشیوە.

هەڵکەوت عەزیز: پێت وایە تۆ لە هۆڵ هاتیتەوە دەروە ئیتر ئەبێن بڵێین ئەمە کارێکی ئەزمونگەرییە؟

نیهاد جامی: هاتنە دەرەوە لە شوێن ئەبێت ستراتیژی هەبێت کاتێك دەرهێنەرێك دێتە دەرەوەی هۆڵ ئەبێت بزانێت لە پێناوی چی هاتۆتە دەرەوە، بەپێی ئەو ئەرشیفەی کە شانۆی کەرکوك هەیەتی زۆر جار هەندێك گروپ هاتونە لە باخچەیەکدا نمایشیان کردوە، بەڵام ناتوانی ناوی بنێیت شانۆیەکی ئەزمونگەری لە بەر ئەوەی لە دەرەوەی هۆڵە زۆر جاریش بینومانە لە لایەن گەنجانەوە رەنگە لە ئاستی هونەری بەرزدا نەبێت بەڵام لەسەر تەختەی شانۆ کردویەتی هەوڵی ئەزمونیشی تیابوە لە پاڵ ئەوەیا هەندێك ئەزمونی دیکە هەیە ئەبێت ئیشارەی بۆ بکرێت من بۆ خۆم هەوڵی گەنجم بینیوە لە دەرەوەی هۆڵ کردویەتی هەوڵێکی ئەزمونی بوە راستە ئەو ئەزمونە تۆکمە نیە بە نمونە شانۆگەری (دۆراوەکان) ی شکۆ عومەر کە لە حەلەبەی ملاکەمە کرا ئەوە هەوڵێکی ئەزمونگەری بوو گەنجەکانە کە کردویانە یان شانۆیی هۆرۆسکۆب کە لەدەرەوەی هۆڵ کراوە لە بەرامبەریشدا کارم بینیوە لە هۆڵدا بۆ نمونە ئەو هەوڵەی فریاد ئەحمەد لە گۆرانی چایکادا ناشتوانین بڵێین ئەمە هەوڵێکی ئەزمونی نیە، ئەزمونگەرییەت ستایل نیە شێوازێك نیە میتۆدێك نیە بە تەنها بڵێت بێت ئاوا بێت، ئەزمونگەرییەت گەران و پشکنینە لە پێناو دۆزینەوەی زیاتر.

هەڵکەوت عەزیز: ژمارەیەکی زۆر نمایشی شانۆیی لە ساڵانی رابردودا بینراوە؟ بەڵام گوتاری رەخنەیی ئامادەبوونی نەبوە؟

هۆکاری ئامادەنەبوونی ئەو گوتارە رەخنەییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

عەزیز عومەر: دیاری ئەم پرسیارە زۆر هەستیارە دەبێت لەسەری بوەستین ئەگەر باس لە بزافی شانۆیی بکرێت بە هێڵی هاوتەریبی کارە شانۆییەکان دەبێت بەراستی رەخنەش هەبێت، ئەوەی کە ئێمە بەدیمان کردوە بە حوکمی ئەوەی رەخنە خودی رەخنە لە ناو شانۆدا کە بەدایکی هونەرەکان ناسراوە فرە جەمسەرە فرە رەهەندە بۆ پێکهاتەی شانۆ لێرەدا رامان ئەگرێت، شانۆ بریتیە لە کۆمەڵێك هونەری دیکە تێکەڵاو دواتر شانۆت بۆ دروست ئەبێت واتە دیکۆری تیایە رووناکی تیایە میوزیکی تیایە جەستەو جوڵەی تیایە و دەرهێنانشی تیایە هەموو ئەمانە سەرئەنجام پێی دەوترێت شانۆ، شارەزا بوون لە شانۆدا ئەبێت رۆشنبیرییەکی هەمە جۆری هەبێت.

هەڵکەوت عەزیز: ئەو باگراوندەی رەخنەگر پێویستە هەی بێت چیە؟

عەزیز عومەر: لە رووی دەقەوە ئەبێت کەسێکی شارەزات هەبێت و لە رێبازەکانی شانۆدا لە راستەوە بۆ چەب شارەزا بێت، درك نەکردن بەم بە ستایلەکانی شانۆ بە رێبازو قوتابخانەکان وات لێ ئەکات نەتوانی رەخنەیەکی ئەو تۆی لێبگریت لە



عەزیز عومەر

هەمان کاتدا ئەبێت رۆشنبیرەیەکی باشت لە هونەرەکانی دیکەدا هەبێت، کە لە شاری کەرکوك رەخنەگرێك دروست نابێت هۆی کەمی نمایشە شانۆییەکانە، ئەو کەسانەی لە بواری رەخنەدا کار ئەکەن ئەبێت ئەزمون ببینن تا ئاشنای رەهەندەکانی ئەو نمایشە بن کە لە بارەیەوە ئەنوسن، بەڵام کاتێك ژمارەی شانۆکان کەم ئەبن کاریگەری لەسەر رەخنەگرەکان دروست ئەکات، ئێستا خەڵکمان هەیە ئاکادیمیە بەڵام قەڵەمەکانیان تیژ نین، من بەئەستەم دەزانم بە لام دەبێت کارە شانۆییەکان زیاد بکرێت.

هەڵکەوت عەزیز: لە ساڵانی ٢٠٠٥ و ٦ و ٧ لە فێستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگادا، شارەکانی دیکەی کوردستان بە نمایشە







شانۆییەکان بەشداریان دەکرد؟ بەڵام لەدوای ئەم ساڵانەدا هیچ گروپ و لایەنێکی شانۆیی بەشداری لە فێستسڤاڵی پەیمانگادا نەکردوە؟ ئایا ئەمە سستی بەرێوەبەرایەتیە یاخود درێژە نەدانە بەو پەیوەندیەی کە لەگەڵ پەیمانگای شارەکارنی دیکەدا هەبوو؟

شوکرساڵەیی: فێستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگا بریتیە لە هەرسێ بەشەکەی دیکەی هونەر ئەوانیش شانۆ و میوزیك و شێوەکاری،وە خوێندکارەکان چیان وەرگرتوە و چی فێربونە لەو فێستیڤاڵەدا پێشکەشی ئەکەن، من پێم وایە لە ساڵی یەکەم و دووەم کە کرا ئەو کاتە پەیمانگای هونەرە جوانەکان ئەهلی بوو ئەوکات ئیجازەکەیان لێسەندبونەوە، بۆیە هەر پەیمانگایە کاری خۆیی هەیە یانی ناکرێت بچیت شانۆییەکی دیکەی بێنێت لە شارێکی تر واتە کارەکانی پەیمانگا تایبەت مەندی خۆی هەیە، بۆیە پێویست ناکات، بەڵام ئەگەر بە چالاکییەك بەشدار بکەن ئەوە جیاوازە.

هەڵکەوت عەزیز: بەڵام ئەنجامدانی نمایشەکانی دیکەی شارەکان کاریگەری نابێت لەوەی کە خوێندکاری کاری جیاوازترو ئەزمونی دیکە ئەبینن؟

شوکر سالەیی: من داوام لە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەیمانگاکان و مەشقکردن پێشنیارم کرد هەموو ساڵێك لە پەیمانگاکانی دیکەدا فێستیڤاڵێکیان بۆ بکرێت و وە کارە هونەرییەکانیش لە لایەن چەند شارەزایەك هەڵبسەنگێندرێت و وەزارەت چاودێری بکات، تا بزانن ئەو پەیمانگایە چی کردوە ئەو مامۆستاو خوێندکارانە چیان کردوە لە ماوەی ئەو شەش حەوت مانگەی خوێندندا، خۆی شانۆ کارێکی دەستە جەمعیە شتێکی جوانیشە ئەگەر بکرێت بەڵام نەك بەس لە کاتی فێستیڤاڵا بۆ نمونە ئەتوانی بانگهێشتی تیپێکی شانۆیی یان چەند کەسانێك بکەین تا بێنە کەرکوك.

هەڵکەوت عەزیز: تا ئێستا ئەو جۆرە کارانە کراوە؟

شوکر سالەیی: نەخێر نەکراوە وە من پێم خۆشە بکرێت و باسیشم کردوە کە ساڵانە بکرێت و شتێکی زۆر باشە هەروەها مامۆستاکانیش ئەتوانن خۆیان فێستیڤاڵ بکەن تا بزانین و بڵێین کوا تۆ چیت کردوە مامۆستا چیت هەیە کە شانازی پێوە بکەیت لە دەرهێنان لە نواندن لە شێوەکاری و میوزیکش بە هەمان شێوە، پێویستیشە بەرهەمت هەبێت تا بڵێت ئێمە هەین، ئێستا خوێندکارانی ئێمە کە



**شكور سالەیی**

ئەچنە هەولێر یان سلێمانی شانۆگەرییەك ئەبینن لایان غەریبە و دەڵێن لای ئێمە نیە، پێویستە ئەو پێشنیارە بکرێت وەزارەتیش بریاری لەسەر بدات تا بچنە شارەکانی دیکە شانۆیی بکەین جێپەنجەمان دیار بێت، وەك مامۆستا عەزیزش باسی کرد شانۆ زۆر رەهەندی تیایە بۆیە ناتوانی ڤ لە تەواوی شانۆکە بدەیت.

نیهاد جامی: مامۆستا شکور شتێکی جوانی وت کە ئەڵێت خوێندکار ئەچێتە شارێکی دیکە نمایش ئەبینێت ئەلێت بۆ لەوێ ئەوە ئەبینین و بۆ لەوێ ئەوە نابینین، بەراستی پێویستە بە میتۆدی خوێندندا بچینەوە، من بروام وایە کاتێك کە بەخۆمانە ئەچینەوە عەیبەیەك نیە





عەیبە ئەوەیە چاو پۆشی لە کەمو کورتییەکان بکرێت، بۆ نمونە یەکێك لە کێشە گەورەکان ئەوەیە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان ئەگەر لە رووی ئامارو ئیشکردنەوە سەیری بکەین بەداخەوە ئەڵێم ئیشکردن لەو پەیمانگەیەدا ساڵ بە ساڵ لەرووی بەرهەم وجۆری بەرهەمهێنانەوە بەرەو خراپی ئەروات نەك بەرەوە باشتر، یەکێك لەو رەخنانەی کە ئاراستەی مامۆستایانی بەشی شانۆ ئەکرێت ئەوەیە مامۆستاکان ئینتاجیان کەمە یانی ئەو خوێندکارە گوناهی نیە کاتێك لە کەرکوك نمایش نابینێت،ەمن بۆ خۆم لە گەڵ مامۆستاکانیشدا ئەو قسەیەم پێوتون، بۆ نمونە خوێندکارێك لە ساڵێکدا دوو نمایش ئەکات لە پاڵ ئەوە ئەبینین مامۆستاکە لە دوو ساڵدا نمایشێك ناکات بەراستی ئەوە جێگەی سەرنجە.

هەڵکەوت عەزیز: پێت وانیە ئەمە کێشەی سەرجەم پەیمانگاکانی دیکەی کوردستانە؟

نیهاد جامی: هەر چەند ئێستا من تەواو ئاگام لە شارەکانیتر نیە بەڵام تا رادەیەکی زۆر ئاگاداری پەیمانگانی هونەرە جوانەکانی هەولێرم و تارادەیەکش لە سلێمانی، مامۆستاکانی ئەوێ هیچ نەبێت لە ساڵێکدا ئینتاجێك یان دوو ئینتاجی هەیە، بەڵام ئەوەی لە مەنهەجی پەیمانگای کەرکوکدا حەق وایە بە مامۆستاکان بوترێت ریپۆرتوارو بەرنامەتان چیە یان بە لێپرسراوی بەشی شانۆ بوترێت بەرنامەی ئەو لەو ساڵەدا چیە بۆ بەشەکەی یانی هیچ نەبێت ئەبێت کۆی گشتی مامۆستاکان چوار ئینتاجیان هەبێت چونکە خوێندکار خۆی ئیش ئەکات خۆی ئەبینێت بۆیە پێویستە کارەکانی ئەوانیش ببینن.

هەڵکەوت عەزیز: ئایا ئینتاج گرنگە بۆ مامۆستا؟

شوکر سالەیی: بۆ مامۆستا ئینتاج گرنگ نیە دیارە مامۆستا نیهاد لە نزیکەوە ئاگاداری پەیمانگا نەبوەو رەنگە لە تەلەفیزیۆندا بینیبێتی، کاری باش کراوە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوك، مامۆستا نیهاد تۆ تەنها بەچاوی رەخنەوە سەیری مەکە ئەو مامۆستایانەی ئەوێ زۆر ماندون ولای ئێمە دراسەکە زۆر گرنگە، من بۆ خۆم پێشنیاریشم کردوە کە ساڵانە فێستیڤاڵیان بۆ بکرێت، من پێم وایە ئەو خوێندکارانەی کە پێگەیەندراون لە پەیمانگا هونەرە جوانەکانی کەرکوك دەنگیان داوەتەوە لە شارەکانی دیکەدا، لەوانە شانۆگەری کوێرەکانی نەژاد نەجم کە جایزەی لە سلێمانی بەدەست هێنا.

نیهاد جامی: تۆ ئەلێی خوێندکارەکان دەنگیان داوتەوە دەی باشە ناوی چوار خوێندکارم پێ بڵێ کە کاریگەری هەبوبێت لەسەر بزووتنەوە شانۆییەکەمان؟
شوکر سالەیی: نەژاد کە سلاح قەسەب ئیعترافی کردوە، دووەم چەن هەفتەیەك پێش ئێستا چەند خوێندکارێکی ئێمە بە شایەدی چەندین کە چاکترین رۆڵیان بینیوە چۆن ئەیسریتەوە امۆستا نابێت.
نیهاد جامی: ببورە ئەمە سرینەوە نیە من پێت ئەڵێم خەلەل هەیە، تۆ پێت وایە من ئیشەکانتان نابینم تۆ لە ناو پەیمانگای ئەگەر ریکلامێك نەکەی ئەگەر بانگی گروپە شانۆییەکان نەکەی ئەگەر لە پرسگەکەی تۆ من رابگرن وسەعاتێك بوەستم تاموافەقەی تۆم پێبێت بێمە پەیمانگا بەراستی ئەوە خەلەلەو ئەبێت چاك کرێت، دووەم من لە تەلەفیزۆن ئیشم نەدیوە بەڵکو راستەو خۆ ئیشم دیوە، کاری خوێندکاریش لەو ئاستەدا نەبوە کە لەو ئاستەیا نەبوە خەلەلێکی گشتی بزوتنەوە شانۆییەکەیە و پەیوەندیی تەنها بە پەیمانگاوە نیە تۆ پێت وانەبێت گەلە کۆمەکێ لە پەیمانگا ئەکرێت، ئەکرێت هەندێك مامۆستای پەیمانگا ئەو ئیحساسەی هەبێت، بۆ ئەوەی یەك شت وازح بێت لە لامان کاتێك ئیشی بەرز نیە هەوڵەکان زۆر زۆر متەوازحن و لەو ئاستە نین ئێمە دڵ خۆش بین پێی، ئەو بەرهەمەی کە خوێندکاریش هەیەتی حاڵەتێکی گەشبینی نیە بە دڵنیایەوە.
هەڵکەوت عەزیز: ئەتوانین هەندێك خەسڵەتی جیاواز لە شانۆی کەرکوکدا بەدی بکەین؟ کە ببێتە هۆی ئەوەی شانۆی ئێمە ناسنامەیەکی خۆی هەبێت لە بەرامبەر شانۆی شارەکانی تردا؟
عەزیز عومەر: بەراستی لە کەرکوك ئەگەر بڵێین ئیش نەکراوە.. کراوە، بەڵام لێرەدا ئەگەر بڵێین مۆرکێك و ناسنامەیەکی داوە بە کەرکوك، ئەوا من نایشارمەوەو دەڵێم نەخێر هیچ ناسنامەیەکی نەداوە، ئەو کارانەشی کراوە ئیشی باشی تیابوە ئیشی کرچیشی تیابوە لە گەڵ ئەوەشدا لە دوای شانۆگەرییەکان لە پەراوێزدا رەخنە ناکرێت، لە شانۆدا ئەگەر هیچی تیا نەبێت ئەبێت سەر ئەنجام شتێکی ستاتیکا ببینین، قسەو باسم بە شێوەیەکی کراوەیە بۆ هەموو تیپەکان بە تیپەکەی مامۆستا نیهادیشەوە کە کاری ئەزمونگەریان کردوە وەکو دەنگ وەکو جەستە وەك بالێی وەك ئۆپێرا سەرەنجام ئەوە کۆڵەکەی شانۆن، لێرەدا ئەتوانین بڵێین هەوڵ هەیە کۆشش هەیە لە پێناوی بەڵام ئەمانە ئەبنە رەهەندی سەرەکی بۆ پێگەیاندنی خوێندکاری شانۆکارێکی بە ئەزمون بۆ ئایندەی خۆمان و دەبێت مەشق و راهێنان بکرێت لە هەریەك دەنگ و جەستە و بالێی و ئۆپێرا، من ناڵێم ئەمانە نییە بەڵام ئەگە هەشبن لە ئاستی پێویستدا نیە، بەدەر لە پەیمانگاش دەبێت ئێمە جارێ خۆمان چاك بکەین ئەو رەهەندانە بێنینەوەو کاری لەسەر بکەین. کاتێکش خوێندکاران یان شانۆکاران نمایشێك لە شارێکی دیکەدا ئەبینن و سەرسام ئەبن ئەوەی هی ئەوەیە کە ئێمە شتە گرنگەکانمان پەراوێز کردوە خۆمان بەشتی لاوەکی خەریك کردوە، نابێت نکۆڵی لەوە بکەین شانۆی ئەزموگەری هەیەو کلاسیکش هەیە شانۆی لا مەعقولیش هەیە، بەڵام ناکرێت هێڵێکی راست و چەپ بدەمە سەر ئەوەی مامۆستاو بڵێم تەنها ئەوەی خۆم لاپەسندە.
هەڵکەوت عەزیز: بەر لە ئێوە تیپی شانۆی ئەزمونگەری لەم شارەدا هەبوە؟ ئایا ئێوە خۆتان بە درێژکراوەی ئەزموونی ئەوان ئەزانن؟ ئەگەر پێتان وایە ئێوە دابراون لە وان خاسیەتە جیاوازەکان چین کە دەکەوێتە نێوان ئێوەو ئەوانەوە ؟
نیهاد جامی: بەداخەوە ئەو تیپە هیچ ئارگۆمێنتێکی مێژوویی و بەڵگەیەکی نیە پێمان بڵێ ئەو تیپە چۆن ئیشی کردوە ئەوە یەکێکە لە گرفتەکان یانی ئێمە قسە لە سەر مێژووی شانۆ ئەکەین هاوارەکەمان لێرەوەیە، بەڵگەیەك نیە پێمان بڵێ تیپێکی ئەزمونگەری لە ساڵانی حەفتا یان هەشتاکان هەبووەو بەو شێوەیە کاری کردووە نازانین خسوسیاتی ئیشکردنیان چۆن بوە، بۆیە بە هیچ شێوەیەك خۆمان بەدرێژکراوەی ئەو تیپە نازانین وخاسیەتی ئەزمونگەری ئێمە زۆر جیاوازە وەك مامۆستاش وتی ئێمە لە شوێنەوارە مێژوییەکانی وەك قەڵاو قشلە ئیشمان کرد نەك ئەوەی بچین حیوار بڵێین لە پەیوەندی ئەنترۆپۆلۆژییەوە ویستومانە پەیوەندیی لەنێوان ئینسان و شوێنەوار دروست بکەین ئەزمونی هاملێتی کەرکوك یەکێك بوو لەو ئەزمونانە یادەوەری دەنگ کە لە قشڵە کرا یەکێکی دیکەیە لەو ئەزمونانە ئەوە یەکێکە لە خسوساتیەکان کە ئێمە دروستمان کردوە ئەوەش نیە من بڵێم ستایلی فلان دەرهێنەرم بۆ هێناوی ئەوەت بۆ ئەکەم وەك وتم ئەزمونگەری گەرانە، ئەکرێت هەموو گروپە ئەزمونگەرییەکان سوود لە گرۆتۆفسکی وەربگرن وەك هاورێم شەماڵ عومەر ئەڵێت گرۆتۆفسکی بە بربرەی پشتی خۆمی ئەزانم لە شانۆدا ئەکرێت هەمومان لە گرتۆفسکیەوە دەنگمان وەرگرت چۆن جارێکی تر بە



کاری ئەهێنیەوە، من نمونەیەك ئەهێنمەوە چەند مەشهەدێکی ئەکسیۆنی سێبەری لالشم بینی لە هەولێر کە نیگار حەسیب کردی لەوەوە تێگەیشتم جیاوازی ئێمە لە گەڵ لابۆری لالش چیە، لای ئێمە دەنگ خاسیەتی دەنگ ئەچێتە ناو سروتە ئاینەکان و ئەفسانەکانەوە ئەمجارە تێکی ئەشکێنین و لە مانا ئاینیەکە بەتاڵی ئەکەینەوە، کەچی لای برادەرانی لابۆری لالش لە ناو سیتەمێکی ئۆپێرایی زیاتر ئەیبینین، ئەوە جیاوای ئێمەیە لە گەڵ ئەو گروپانەی کە لەسەر دەنگ ئیش ئەکەن.

شوکر ساڵەیی: مامۆستا نیهاد من حەز







ئەکەم شتێك بڵێم من هیچ کەسێکم مەنع نەکردوە بە تایەبتی شانۆکاران بۆ ئەوەی بێنە ناو پەیمانگاوە، پەیمانگاش شوێنێکی تایبەتە هەمو کەسێك نابێت بێتە ناویەوە دەبێت ئاگادار بین، نازانم ئەگەر جەنابت هاتبێتی و کەسێك مەنعی کردبیّ، ئەو مامۆستایانەی لەپەیمانگان توانییان توانای خۆیان بگەینن بەو خوێندکارانە بە سەرکەوتوییش گەیاندویانە، جەنابت ئەگەر رازی نەبیت ئەوە شتێکی ترە، دواتر ئێمە خۆ وێستگە نین بتوانن ساڵێك ١٠ شانۆکار پێبگەینن هەر مەرحەلە و ٣ یان ٤ هەبێت بەسمانە، مامۆستاکانی ئێمە ماندون جێپەنجەیان دیارە هاوکات شوێنەکەشمان گرفتی هەیە بەراستی شیاوی ئەوە نیە هەر بە پەیمانگا ناچێت، هەر چەندێك ماندو ئەبین و خەریك ئەبین نە هۆڵێکی تەجریبمان هەیە نەهۆڵێکی باشمان هەیە بەو ئاستەشەوە توانیومانە خوێندکاری باش پێبگەینین، من پێم وایە لە کەرکوك شانۆ رۆژ بە رۆژ بەرەو چاکتر ئەروات بە هۆی پەیمانگاو تیپە بەرێزکان.

نیهاد جامی: من ئەمەوێت یەك شت بیری مامۆستا شکور بخەمەوە، گرفتەکان گرفتی ئەخلاقی نین، چونکە هەمومان لەسەر شانۆ قسە ئەکەین، کێشەکانیش شەخسی نین، کە من قسە ئەکەم لەسەر شانۆ قسە ئەکەم بەڵام بەداخەوە لە ناوەندەکانی ئێمە شتێك فێربوینە ئەگەر لە ئاستی هونەری لاواز بوین هەوڵ ئەدەین لە ئیدارەدا زەبتی بکەین، لە هەر شوێنێك ئاستی هونەری تۆکمە بوو لە ئاستی ئیداری کەمتر گرنگی پیّ ئەدەین، یەکێك لەو شتانەی کە لە شاری کەرکوك شانازی پێوە ئەکەین پەیمانگای هونەرە جوانەکانە چونکە بمانەویّ یان نەمانەویّ دیاردەیەکی ژیارییە لەناو شارەکەدا هەموومان کوڕی ئەو شارەین و دەبێت شانازی پێوە بکەین ئەگەر شارەکەمان خۆش بوێت من چۆن قسە لەسەر پەیمانگا ئەکەم و ئەڵێم خەلەل هەیە ئەبێت ئێوەش کە کەسی یەکەمن دەبێت موراجەعەی هەندێك شتی پەیمانگا بکەن، بۆ ئەوەی دواجار هاواری ئێمە لەسەر شانۆیەکی چالاکە لە شارەکەدا وەك وتیشم کێشەکە ئەخلاقی نیە، لێرەشەوە ئەوە قسەی منە بۆ هەموو مامۆستاکانی پەیمانگا کە من کێشەی شەخسیم نیە کێشە لەسەر شانۆیەو خەلەلی تیایەو ئەبێت چارەسەر بکرێت.

هەڵکەوت عەزیز: زۆر سوپاس بۆ هەمووتان بە هیوای ئەوەی بتوانین درێژە بەو مێزگردانە بدەین.

# مەلەفی گرۆتۆفسکی دژی گرۆتۆفسکی







# گرۆتۆفسکی لە پرۆسەی شانۆی ئەزموونگەریدا

**و: رزگار تەیب**

ئەو شتەی زەینی گرۆتۆفسکی بە خۆی سەرقاڵ کردبوو، جەوهەرو وزەی شاراوەی ناو ماسولکە نەناسراوەکانی ئەکتەر بوو، لە ڕێگەی جەستەی ئەکتەرەوە قسەی لەگەڵ بینەردا دەکرد. ئەگەر پیتەر بروک بە ڕاشکاوی بە بێ هاوتای ناوزەد دەکات، بە هۆی ئەزموونە کردارییەکانی ئەوەوەیە لە پرۆسەی گەشەی ئەکتەردا .

ئەو دەمەی کە زەرورەتی دروستکردنی ناوەندێکی توێژینەوەکاری لە بواری بەرزکردنەوەی ئاستی هونەری شانۆ ڕادەگەیەنێت، دەیویست هەلومەرجێ بێنێتە ئاراوە کە تەرکیزی ڕەها لەسەر کار بچەسپێنێت لە ڕێگای گروپێکی بچووکی شانۆییەوە. هەر بەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٥٩ دا گروپێکی شانۆی ئەزموونگەری فرەبزێو زۆر کاریگەری پۆڵەندی بە ناوی شانۆی ئەزموونگەری Theater laboratoryدادەڕێژێت و لە ساڵی ١٩٦٦ دا یەکەم نمایشی دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی دەباتە سەر کەسایەتیە جیاوازەکانی چەشنی پیتەر بروکی دەرهێنەر و گرۆم رایبنز رابەری سەما دادەنێت.

لە دەیەکانی پەنجا و شەستی سەدەی ڕابردوودا، وەرچەرخان لە دەقی نمایشدا بۆ جەستەی ئەکتەر، بە تێڕامانێکی مۆدێرن لە پانتایی شانۆدا هەژمار دەکرێت. ئیتر سەرجەم نهێنی و هێماکانی ئەزموونگەری لەگەڵ فاکتەر و نیشانە تایبەتییەکاندا بە هۆی پێداگرییەکانی جێرزی گرۆتۆفسکییەوە بەشاراوەیی دەمێنێتەوە، چونکە ئەو دەبێت ڕێگایەکی دژوار ببڕێت تاکو بگاتە دەرەنجامی دڵخواز









وخوازراو، لە ئاکامدا نایەوێت ئەزموونەکانی سەرەتا بە ئاسانی لە ناوچەی کارەکەیدا بنێرێتە دەرەوە. کاری ئەو لەگەڵ ئەکتەرەکاندا بە زمانی ئاخاوتن زۆر دژوارە، زمانی ئەو، زمانی زانستییە کە لەڕێگای تەرکیزەوە لەسەر دەروونی ئەکتەر بە زەین وجەستەیدا تێپەڕ دەبێت و وەکو "شۆك)) کاریگەری لەسەر ماسولکەکان دادەنێت. دەتوانین بڵێین بیرۆکەی سەرەتایی ئانتۆنین ئارتۆ بە گرۆتۆفسکی دەبەخشێت و لەگەڵ تیۆری "پەسەند کردنی توندوتیژی لەسەر خود)) بەشێکی نوێ لە بابەتی گەڕانەوە بۆ جەستەی ئەکتەر ئامادە دەکات. ئەگەرچی دوای بەسەرچوونی چەند دەییە، تیۆری ئارتۆ کۆن خۆی دەنوێنێت، بەڵام گرۆتۆفسکی لە ڕێنوێنییەکانی بێ ئاگا نابێت و لە کۆتاییدا ڕایدەگەیەنێت: "ئارتۆ وانەیەکمان پێ دەڵێتەوە کە هیچ کاممان ناتوانین رەتی بکەینەوە. ئەم وانەیە وانەی نەخۆشییەکەی ئەوە))

نەخۆشی، ئارتۆ دەگەنێتە قۆناغی شێتی کە لە ئاکامدا ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەکات. گرۆتۆفسکی بە شێوەیەکی تایبەتی دەڕوانێتە ئەم نەخۆشییەو بە سەرەتای دۆزینەوەی دەزانێت لەدەروونێکی ئاڵۆزدا، تەنانەت خودی ئارتۆش لە نامەیەکدا بۆ هاوڕێیانی خۆی بەم جۆرەی وسف کردبوو "من هەمووی خۆم نیم))



)نەخۆشی) ئەوی بۆ کەسێکی تازە گۆڕی بوو و گرۆتۆفسکی شەیدای ئەم (کەسی تازە دەرکەوتووە) بوو، چونکە خودی ئەویش ئەزموونێکی لەو چەشنە لە تەمەنی شانزە ساڵیدا تێدەپەڕێنێت. لەو تەمەنەدا تووشی نەخۆشییەکی سەخت بوو، یەك ساڵی لە نەخۆشخانەیەکدا بەسەربرد کە تایبەت بوو بە نەخۆشی شەرەفمەند بە مردن. ئەم ئەزموونە ژیانی گۆڕی، شۆك تەنها ڕێگەچارەی دەرپەڕاندنی بەشی زۆرینە دەروونێکی ئاڵۆز بوو بۆ گۆڕەپانی ئەزموونە مۆدێرنەکان. هەر بەم مەبەستە گرۆتۆفسکی رایدەگەیەنێت کە ئارتۆ، بە تەواوی خۆی نەبوو، کەسێکی دیکە بوو. نیوەی گرفتەکانی خۆی دۆزیبووەوە و نیوەکەی دیکە پاشکۆی کۆمەڵێ بەرکەوتە لەگەڵ زنجیرە دەمارێك کە لە پشتەوەی تەقەلایەکی مۆدێرنیستی فرێدەدرێتە دەرەوە، ئەوەی کە چۆن وزەی ئەکتەرەکان لەناوەوە بۆ دەرەوە فڕێ دەدرێت و لەم کاتەدا ئێمە دەبێت پاشڕەوی کام هەلومەرجی فیزیایی خوازراو بین، ئەو شتەیە کە زەینی گرۆتۆفسکی بە خۆی سەرقاڵ دەکات وبەردەوام هەوادارەکانی لێیان دەپرسی، ئەکتەر لە شانۆی ئەزموونگەریدا پێویستە چۆن خۆی بەیان بکات؟

ئیرادەی ئەو بە ستانسیلافسکی و سەرنجی ئەو بۆ دیالێکتیکی هەڵسوکەوتی ئەکتەر بۆ بەدەستهێنانی ئیحساس، ڕێگا









گەلێکی نوێ تاقی دەکاتەوە بۆ گەیشتن بە وزەی نواندن. من بە ڕێچکەی ستانسیلاڤسکی پەروەردە کرام، توێژینەوە بەردەوامەکانی، پێداچوونەوەی بۆچونەکان و نوێکارییە ڕێکوپێکەکانی لە شێوازەکانی (مشاهدە) و پەیوەندییە دیالێکتیکیەکەی لەگەڵ کارەکانی پێشوویدا، کردوویەتی بە ئامانجی خوازراوی من.

گرۆتۆفسکی سەرجەم شێوازە سەرەکییەکانی پەروەردەی ئەکتەری لە ئەوروپادا، لە ناو سیستمە "میتۆدۆلۆژی)) یەکەی خۆی دا، خستە ژێر تاقی کردنەوە و دەرەنجامی بەوە دەگات، کە بۆ دۆزینەوەی کاردانەوە دەرەکی و ناوەکی، پێویستە بە میتۆدەکانی کارە جەستەییەکانی ستانسیلاڤسکی، پەروەردەی ڕێچکەی ئیجرایی بایۆمیکانیکی مێرهۆڵد (Meghold) و فاختانکۆف (Vahtanghov) یان تەکنیکە پەروەردەییەکانی شانۆی ڕۆژهەڵاتی بە تایبەتی ئۆپێرای پەکین و کاتاکالی هندستان و شانۆی نوی یابان تێپەڕبێت. بەم هۆیەوە بە ڕاشکاوی دەیگووت: "لە کاری ئێمەدا هەموو شتێ لە سەر –پێگەیشتن– ئەکتەری جێگیرە، کە بە هەوڵ و کۆششی ئەو، بەرەو زیادە ڕەوی لە تەواو داماڵینی لە پێشینە زەینییەکانی پێشووی و ئاشکرا بوونی ناوەکیترین بزوێنەرەکانی بەیان دەکات. ئەم تەکنیکە راکێش وتێهەڵکێشی هەموو هێزە دەروونی وجەستەییەکانی ئەکتەرە کە لە ناوەکیترین توێژەکانی بوون وغەریزەی ئەودا سەرهەڵدەدات و جۆرێکی



– شەفافیەت و ڕوونی– پێدەبەخشێت. پرۆڤە پێکهاتەییەکان لە بەجوڵە خستنی بزوێنەرە دەرەکی و ناوەکییەکانی ئەکتەردا، یەکێکە لە بنەمای هەموار کردنی شەقامێك کە ئەکتەر بەسەریدا بۆ چینە ناوەکییەکان تێپەڕ دەبێت، تاکو لەم لابیرنتە دوانەهاتووانە بگاتە خۆی. پرۆڤە پێکهاتەییەکان، ئەو پرۆڤانەن کە لە ڕێگای پەروەردەی جەستەیی، پلاستیك و دەنگییەوە ئەکتەر بەرەو تەرکیزی دروست کێش بکات. ئەزموونەکانی ئەو لە ڤرۆتسلاڤدا بە دەستپێکی چەرخێکی تێرامانی مۆدێرن لە شێوازی زانستی هەژمار دەکرێت و وەك سەرچاوەیەکی نواندنسازی سەرسوڕهێنەر بووە مایەی سوودمەند بوونی کەسانی وەکو پیتەر بروك، ئاندرێ گریگۆری، جۆزیف چایکین و زۆرێك لە نوخبەکانی ئەم هونەرە، هەر بەم







مەبەستە لە ساڵی ١٩٦٦ دوای نمایشی "هەمیشە شازادە" بەرهەمی کالدیرون لە شانۆی گەلاندا لە پاریس، پیتەر بروك کۆمپانیای ڕۆیاڵ شەکسپیری خستە سەر ئەوەی کە گرۆتۆفسکی بۆ هاوکاری بانگهێشت بکات. بەرهەمی ئەم هاوکارییە –بروك دێنێتە ئاراوە، چونکە خودی ئەویش بە دوای بەدەستهێنانی هەر ئەم لابرینتانەی نواندنەوە بوو، واتە کەشفی قەیرانە ناوەکی و ناسینی یەکێك لە توخمە گرنینگەکان "نواندن چیە؟"

بروك لەم بارەیەوە دەڵێت : "{ئەو} هەریەك لە ئەکتەرەکانی تووشی سەرسامییەکی زۆر کرد، سەرسامی بەرەو ڕووبوونەوەی خود لەگەڵ قەیرانە سادەکان و ناگوماناوییەکان. ئەو سەرسامییەی کە لە ڕوانین بە هەڵاتنەکان، فێڵەکان و کلێشەکانیان سەری هەڵداوە، سەرسامی لە دەرکی ژێدەرە بەرفراوان و دەست لێنەدراوەکانی خۆیان ، سەرسامی لە ناچاربوون و تێگەیشتن لەوەی کە پرسیارگەلی لەو جۆرە خراوەتە ڕوو و بە پێچەوانەی نەریتی ڕەگاژۆی ئینگلیزی دوورەپەرێزی لە جددی بوونی هونەری شانۆ – کاتی ئەوە هاتووە کە بەرەو ڕووی ئەو پرسیارانە ببێتەوە، سەرسامی لە تێگەیشتنی ئەوەی ئێستا ئەکتەر خۆی دەیەوێت بەرەو ڕووی ئەو پرسیارانە ببێتەوە. سەرسامی لەوەی کە ئەکتەر لە جێگایەکی جیهاندا هونەرێکی هاوزایە لەگەڵ سەرسپاردنێکی ڕەها، ڕەبەنییەت و گشتگیر"

لە یەکەمین دەیەی چالاکی شانۆی ئەزموونگەری پۆڵەندا، شێوازی گرۆتۆفسکی ئەوە بوو کە سوود لە ئەفسانە پیرۆزکراوەکانی نێو نەریتی باوی زەمانە وەربگرێت و ڕواڵەتی تاپۆئاساکەی ئاشکرا بکات. ئەکتەرەکان، هێرشیان دەکردە سەر تاپۆ، تەکفیریان دەکرد و بۆ کاتی ئێستایان ڕادەکێشا و لەگەڵ نەهامەتییەکانی ڕۆژانەیان گرێ دەدا.

بۆ نموونە ئەو لە شانۆنامەی ئاکرۆپلیسدا، لە نووسینی ڤیسپیانسکی، بەو جۆرە سوود وەردەگرێت کە دەیبەستێتەوە بە ئەزموونەکانی پۆڵەندا لەمیانی جەنگی جیهانی دووەمدا، فەزای هۆمێریی ئەم نمایشە ڕادەکێشرێت بۆ چێکردنێکی بەرفراون و بە ئازاری کورەی سووتاندنی مرۆڤ ئاشوڤیتسن. شانۆکە لەسەر تەختە شانۆیەکی لاکێشە شێوە و لە نێوان بینەراندا نمایش کرا، تەختە شانۆی نمایشەکە پڕبوو لە پارچە کانزا، تەنەکە و شتگەلی بێ کەڵك، لەو کاتەدا کەمانجەژەنێکی شڕپۆش لەگەڵ چەند

ئەکتەرێکدا کە پێڵاوی داریان لەپێ بوو، دەرکەوتن. دەیانەوێت بە جەستەیەکی بێ سەرەوە برۆنە بەهەشتەوە (ژوورە بچووکەکانی سوتاندنی مرۆڤ)، دیتنی ئەم وێنەیە لە خەیاڵی کلاسیکی شانۆنامەدا دوورمان دەخاتەوە ، ئیرڤینك واردل (Irving Wardle)کە ئەم شانۆیە لە ساڵی ١٩٦٨ لە فیستیڤاڵی ئەدینبۆرگدا دەبینێت، رەخنەی لێ دەگرێت و وێنە بەهێز و مۆدێرنەکانی بەرز دەنرخێنێت.

ئەوەی بە خەیاڵدا دێت، هەستێکە بە توونديەکی تایبەتی لەو بارەوە کە واقیع بوون لە قۆناغی لەناوچووندا چی حاڵەتێکی هەیە. روخسارەکان بەرەو رووپۆشە پتەوەکان رادەکێشرێت کە پێدەچێت چاوەکانیان خەویان لەبیر کردبێت، جەستەکان بە شێوەیەکی میکانیکی بە جۆرێ لە باری ئامادەدا رادەگیرێت، وەك ئەوەی برستیان لێ برابێت... من لە شانۆی مۆدێرندا کەمتر وێنەی بەهێزی چەشنی بۆنەی زەماوەندی ژاکوب لەگەڵ بووکە شرپۆشەکەی ودواین گۆرانی چرین، لە کاتی کەوتنە ناو تەنوورەکان دەناسم. لە چرکەساتی لەم جۆرەدا بە بۆچوونی من بینەری بیانی واخۆی دەنوێنێت کە گرۆتۆفسکی زیاتر خەریکی خوڵقاندنی ئەفسانەیە نەك سوود لێ وەرگرتنی.

بەڕاستی لە تەرکیز کردنە سەر ئەکتەردا ، گرۆتۆفسکی بێ ئاگا نەبوو لە تەماشاداو ئەم بدە و بستێنەیە تەختە شانۆیەك لەگەڵ بەشداری بینەر لە ناو دەقی نمایشدا، دەخاتە توێژینەوەیەکی کۆمەڵی، کاتێك لە ساڵی ١٩٧٠ رایدەگەیەنێت، ئەکتەرەکانی چیدی بە دووی نمایش کردنی شانۆنامەدا نین، بەڵکو توێژینەوەی داهاتوویان لەبەر خوڵقاندنی بینەر دەبێت، نەك ئەکتەر، وەرچەرخانێکی تازەی دیکە لە شانۆی ئەزموونی ئەودا دەردەکەوێت، چونکە لەو باوەڕەدایە کە بەشداریکردنی بینەرێك لە نمایشدا، چالاکییەکی ناوەکییە، چونکە ئەوەی کەوا رووودەدات پێویستە پەیوەندی بە بینەرەوە هەبێت، لە ڕاستیدا شانۆ نهێنیەکە لەنێوان بینەر و ئەکتەردا کە هیچ کاتێ ئەم نهێنییە ناکرێتەوەو بۆ هەتاهەتایە بە دوای خۆیدا کێشمان دەکات، ئەم راڕەوە جگە لە دۆزینەوەی پارچە نادیارەکانی (خود) هیچی دیکە نیە.

لە کۆی ئەو بەرهەمانەی کە گرۆتۆفسکی بردوونیەتیە سەر تەختەی شانۆ، نهێنی گەیشتن بە خودی وون بوو، بینەر لە زمانی جەستەی ئەکتەر نزیك دەکاتەوە، تاوەکو بەردەوام لە سەر ئاشکرا کردنی





ئەو نهێنییە بێت. ئەم کۆتاییە خراپە کە بە (زمانێکی تایبەت) دەدوێت ، بە ئاسانی دەتوانێت بینەر بۆ ناو ئەتمۆسفێرێك کێش بکات تاکو لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بیگۆڕێت بۆ هەمان توخم (زمانی تایبەت).

گرۆتۆفسکی بە گەڕان بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی وزە لە ئەکتەر و بینەردا دەیەوێت روخسارێکی مۆدێرن بە دیالێکتیکی ئاکاری وبزاوتە شۆڕشییەکانی خۆی ببەخشێت و شانۆی مۆدێرن لەتێوەگلانی بەشی نەریتی و کلێشەیی رزگار بکات، بۆ ئەو "پەیوەندییەکان" ، "ئەنگێزەکان" ، "جووڵەکان" ، "بەڵگەخوازییەکان" ، "دەنگەکان" ، "مۆسیقا"، "فەزا" ناوەندی ئیلهامە (سروش) و لەم سۆنگەیەوە کە بەرەورووی دیاردەیەکی نامۆ و لە هەمان کاتدا زۆر ئاشنامان دەکاتەوە. گشتگیر بوونی ئەم شۆڕشە شانۆییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تیپە چالاکەکانی وەکو لابۆری سەمای ئانا هلپرین، "شانۆی نان و بووکەشووشەی شۆمان" و "لابۆری ئۆدین" بە پێڕەوی لە شانۆی ئەزموونگەری پۆڵەندادا، شانۆی سێیەم بنیات بنێن .

"ئەم تیپانە، شانۆ بە سەرگەرمییەکی باڵا یان سەرقاڵیەکی رۆشنبیرانە، ئەزموونێك لە خودی ژیان دا نازانن" لەم بوارەدا جان ئەم شرۆڤەیە دەخاتەروو کە :"لەو نێوانەدا هونەرمەندانێك هەن کە بەڕاستی سەرو سیما بەویژدانی سەردەمەکەیان دەبەخشن و ولامەکەیان بە خوازە و بە ئەفسانە روون دەکرێتەوە"

هەوڵی سەرەکی گرۆتۆفسکی لە "خستنە رووی پرۆسەی دەروونی" ئەکتەردایە. ئەم خستنە رووی وزەو خاڵی بوونەوە ناوەکییە بە درێژایی ماوەی نمایشدا، بینەر لەگەڵ شەپۆلەکانی وزەدا هاوئاراستە دەکات. گۆڕەپانی (خولسەهێنەری) بۆنەیەکی ئایینی-نمایشی لەگەڵ گوزەری توانای جەستەیی و دەنگی ئەکتەردا، ئەو ئیمکانە بەبینەر دەبەخشێت کە لە رەهەندی دیکەوە (خود) بدۆزێتەوە.

چونکە لەم حاڵەتەدا بینەر بە تەواوەتی خاڵی و ئازادە یان بە وتەیەکی دیکە خۆی رادەستی کاتی ئێستا کردووە تاکو قووڵترین هەستی ناوەکی بە باوەڕ بەخۆبوونەوە بە فەزادا بڵاو بکاتەوە.

هەموو ئەمانە لەسەر بوونی ئەو ئەکتەرانە راوەستاوە کە بە تەکنیکی سەختی جەستەیی تێپەڕیوون وئێستا لە بەرامبەر بینەراندا گەیشتوونەتە دانوستان. هەموو ئەمانە فەراهەم نابن مەگەر ئەوەی کە جەختێکی فراوان لەسەر پابەندی تەکنیك



و پەروەردەی پرۆڤە بکرێتەوە. ئەو دەڵێت "ئەو ئەکتەرەی کە خەریکی بیرکردنەوەیە لەخۆیدا، گەشتێکی دەست پێکردووە کە وردەکارییەکانی بەکاردانەوە جۆراو جۆرەکانی دەنگ وهەڵسوکەوتی خۆی دەچەسپێت وجۆرێکی بانگهێشت لە بینەردا ڕیزبەندی دەکات، بەڵام ئەم هێما ئاخاوتەییە ڕواڵەتیانە و پەیکەر ڕێژییە ڕێکوپێکەی ڕۆڵ، پتەو نابێت ونیشان نادرێت، بە ڕەهایی کۆتایی نایەت وبە دوای پێکهاتەیەکی پەتیدا دادەکەوێت" گرۆتۆفسکی وهەموو هاوکارەکانی بە چڕکردنەوەی هێزی کارەکەیان لە سەر پتانسیلی شاراوە لەنێوان خەڵکیدا کۆمەڵە چوونیەکیەك لەئەفراندنی هونەری خەڵکیدا دەدۆزنەوە ومیتا شانۆ بە دەست دێنێت کە تێدەگات دەستەویەخەی جۆرێکی واقعیەتی ناوەکی بووەتەوە، بە جۆرێك کە ئیدی لەگەڵ چەند خولەکێکی پێش نمایشی شانۆکە جیاوازییەکی زۆری بەسەردا هاتووە. لەم سۆنگەیەوە بە ڕاشکاوی رایدەگەیەنێت کە (دەق) کرۆکی بابەتەکە نیە، کرۆکی بابەتەکە بەرکەوتەو بەم بەرکەوتە دەقی نەنووسراو دەردەکەوێت کە پێشتر نەبووە، بەڵکو لەناو تانو پۆی ئۆرگانیزمی بینەردا شاراوەو دەست لێنەدراو مابوویەوە. ئەم جووڵەیە جۆرێکی دۆزینەوەی نەفسە کە پایەو بنەمای شانۆی ئەزموونگەری یان لابۆریە. کەواتە پەیوەندی لەگەڵ خودی





نائامادەبوودا بۆ سەرچاوەی ژیانمان دەگەڕێنێتەوە. دۆزینەوەی بینەر، دۆزینەوەی ئەکتەر، دۆزینەوەی کاتو شوێن لەگەڵ ترۆپکی دەنگو مۆسیقادا بۆ دۆزینەوەی خودمان دەبات. لەم ڕێگایەوە هەست و ئاگایی لەشانۆی موناجات ئاسادا تێماندا زیندوو دەبێتەوە کە بەوتەی گرۆتۆفسکی ئێمە بۆ خود دەگەڕێنێتەوە. گرۆتۆفسکی بە وەرچەرخانێکی تازە لە ئەفراندنی فەزایەکی تازە و دەست لێنەدراو، نەناسراو و پەیوەندی جادوویی، جارێکی دیکە جیهانی سیحرئامێزی موکاشەفە تۆمار دەکات. ئەو بۆ وەها نمایشێکی سەروو شانۆیی، پێویستی بە کۆمەڵێکی زۆر نەبوو، هەروەك دەسپێکی کارەکەی لە ساڵی ١٩٥٦ وگەڕانەوە لە مۆسکۆ بۆ کراکۆف لە پۆڵەندا و پاشان گواستنەوەی شوێنەکەی بۆ ئۆپێل و ڕاپەڕاندنی لابۆر بە چل بینەرەوە، لە فەلسەفەی زۆری بینەر دوورە پەرێزی دەکات. ئەو بینەر ناچار دەکات لە شێوە بەخشین بەبابەتێکی موناجاتی لە پرۆسەی سەرووشانۆدا، بەشداری بکات. بینەر لەم جۆرە شانۆییەدا، پرسیارکەرە، ئەکتەرە و شێوەگۆڕینی خۆی لەم لایەوە دەبینێت.

ئەمڕۆ کە لە ساڵی ٢٠٠٤ بەسەردەبەین و شانۆی ئەزموونگەری پۆڵەندا دوای بیست و نۆ ساڵ دەستیان لە چالاکی کێشاوەتەوە، کۆمەڵە تیپێکی نوێتر توانیویانە بە میتۆدگەلی تازەتر جێگای شانۆی ئەزموونگەری بگرنەوە، لەوانە زبیگنیڤ سنیکۆتس (zbigniev Cnkutis)بە پرۆژەیەکی ئەزموونی بە ناوی لابۆری دووەم درێژە بەم ئەرکە دەدەن، بۆ کۆتاییەکی جوان، باشترە سەرنجی ئەو بەیاننامەیە بدەین کە لە دوا ڕۆژانی چالاکییەکانی شانۆی ئەزموونگەری پۆڵەندا بڵاوکرایەوە.

ئەم گروپە تا ماوەیەك بەکرداری، چیدی وەك گروپێکی پێکەوە پەیوەست بوونی نابێت، ئێمە لەو باوەڕەداین ئەو شتەی کە بەدوایدا بووین، بە دەستمان هێناوە بۆ خودی ئێمەش سەرسوڕهێنەرە کە لە ماوەی چارەگە سەدەیەکدا وەك گروپێك لە تەك یەکدا ماوینەتەوە، بەردەوام لە گۆڕاندا بووین، ئیلهام بەخشی یەکدی بووینە. هەمووومان لەبیرمان دەمێنێت کە ڕەسەنایەتیمان لە سەرچاوەیەکی هاوبەشەوە ڕەگ و ڕیشەی هەیە کە ناوی جێرزی گرۆتۆفسکی یە. لە ئێستا بەدواوە هەریەکەمان ناچارە، ژیانی خوڵقێنەری خۆمان وهەروەها ئەو زەمەنەی تێیدا دەژین، بگرینە کۆڵی خۆمان.



## شەونخونی*

# چەند وتەیەکی جێرزی گرۆتۆفسکی، یاتسک زمیسلۆفسکی

نووسینی : فرانسوا کان
وەرگێڕانی: شانۆکار

ئەم نووسینە بریتیە لە بەشی بیست و چواری کتێبی (The sourcebook of Grotowski) وەکو خۆی وەرگێڕدراوە و چەند وتەیەکی جێرزی گرۆتۆفسکی، یاتسك زمیسلۆفسکی و فرانسوا کان دەربارەی پڕۆژەی نمایشی (شەونخونی)ی زمیسلۆفسکی دەگرێتە خۆی.

لە فەرهەنگی نەریتی پۆڵەندا وشەی (Gzuwanie) لە نێوان خەڵکیدا بە واتای ئەو شتە دێت لە ئاهەنگی زەماوەند یان بۆنەی پرسەداری مردنی کەسێکدا ڕوو دەدات، وشەیەکی کۆنە, کەم بەکار دەهێنرێت وئەم واتایانە دەگەیەنێت: چاودێری کردنی شتێك، ورد بوونەوە لەشتێك وئامادە بوون بەر لە شتێك (یاتسك زمیسلۆفسکی.(

شەونخونی پڕۆژەیەك بوو لە لایەن یاتسك زمیسلۆفسکیەوە دەرهێنرابوو "من لە بەهاری ١٩٧٧ لە پۆڵەندا کارم تێدا دەکرد





تا دوا بەرفراوان بوون وپەرەسەندنی لە زستانی ٢ – ١٩٨١ لە نیویۆرك" کارێکە هاوکات لەگەڵ خوڵقێنەرەکەی لەبیر کرا، ئەو شیکار وپێناسە کەمانەی تایبەت کران بەم کارە. بەهۆی کەمی ژمارەیانەوە هیچ کاتێك نەیانتوانی بایەخی فراوانی ئەم پڕۆژەیە بۆ ئەوانەی لە دوور ونزیکەوە بەدوای توێژینەوەکانی شانۆی لابۆرن ڕوون بکاتەوە.

تا ڕادەیەك لە پێناو قەرەبوو کردنەوەی ئەم کەم وکورتیە وەك هەوڵێك بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم قۆناغە بنچینەییەی چالاکیەکانی شانۆی لابۆر، من دووو سەرچاوە بەکار دێنم: لە لایەکەوە دەپەرژێم بە کۆنفراسێکەوە کە لە مانگی ئایاری ١٩٨١ لە نیویۆرکدا (کالج هانتەر) جێرزی گرۆتۆفسکی تایبەتی کردبوو بە (Gzuwanie) و لە لایەکی دیکەوە ئاماژە بە گفتوگۆی نێوان ئەندامانی تیپی (ڕێنما) لە پڕۆژەی) (Gzuwanie) و بە شێوەیەکی دیار و تایبەتی بە زمیسلۆفسکی) دەکەم.

ئەندرێ گرگۆری لە ١٩٧٩ لە شاری میلان ئەم گفتوگۆیەی بۆ بەکارهێنانی لە فلمێکی دیکۆمێنتیدا کە لەلایەن مێرسیدس گرگۆرییەوە دەرهێنرابوو تۆمار کرد، ئەم فلمە لە لایەن تیپی شانۆی ئەتڵەسەوە ئامادە کرا، بۆ سادەتر کردنی ئەم دەقە و دوورە پەرێزی لە دووبارە کردنەوە، من ئەم دوو دەقەم پێکەوە تێکەڵ کردو لەڕێگای ژمارەوە لێکیانم جوێ کردۆتەوە، ژمارە (١) بۆ گرۆتۆفسکی و ژمارە (٢) بۆ زمیسلۆفسکی.

)١( گ {لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ شانۆی لابۆر ئاراستەی توێژینەوەکانی خۆی بە گشتی گۆڕی، لەو سەردەمەوە بوو کە کارەکانی ئەم ناوەندە چیدی بە شێوەیەکی ورد (بە تەواوەتی) شانۆیی نەبوو، ئەزموونگەلێکی نوێ بوون کە لەگەڵ ئامادەگی بینەری ناچالاکی نەریتی لەشانۆدا بۆ بەرەو ڕووبوونەوە ڕاپەڕین و لە پێناو ئامادەگی ئەوان لە پرۆسەی داهێنانەدا کە ئارەزوومەند بوون ئامادەگیانی تێدا بێت, کۆمەڵە ئیمکانیەتیەکیان فەراهەم کرد.

سەرەتا تەنها کۆمەڵە گروپێکی بچوکی خەڵکی بە وردی هەڵبژێردران تاکو بتوانن لە بری پڕۆژەی پێشنیاریدا بەشداری بکەن، لە ١٩٧٥ بوو بۆ یەکەم جار دەروازەی شانۆی لابۆر لە ڕووی ژمارەیەکی زۆرتری خەڵکی کرایەوە، هاوکات لەگەڵ زانکۆی توێژینەوە (university research) کە لە پۆلەکاندا کرایەوە, ئەو بەشداربووانەی لە سەرتاسەری جیهانەوە دەهاتن دەیانتوانی بەبێ هیچ سەرمایەیەکی پێشینە لە یەك یان

چەند چالاكیەكدا ئامادە بن.
لە سالّی ١٩٧٩ یاتسك زمیسلۆفسكی یەكێك لە لاوترین ئەندامانی شانۆی لابۆر بەو ئامانجەی لەسەر پرۆژەیەكی فرە ئالّۆز كار بكات گروپێكی چەند نەتەوەیی پێك هێنا: شەونخونی، ڕێگا و ڕووداوی كۆتایی كە دوو هەفتەی خایاند: كوێستانی ئاگر.
لە كۆتایی ئەم پرۆژەیەدا بوو, شەونخونی، ئەو كارەی لەسەری ئەدوێم، پێك هات و تەواو بوو، ئیمكانیەتی جیاوازی ئەم ئەكشنە (Action) چەشنی ژمارەی بەشداربووان بەدرێژایی كارەكە خرایە ژێر تاقی كردنەوەوە، بەلاّم هەمیشە یاسا بنچینەیی وبنەڕەتییەكان لەشوێنی خۆیاندا مابونەوە و مایەی سەرنج بوون“ بەشداربووان هەلّنەدەبژێردران, پەیوەندی حیواری و زارەكی بەكار نەدەهێنراو هیچ بینەر یان تەماشاكەرێكی ناچالاك لەئارادا نەبوو.
{ز} ئێمە تا ئەو سەردەمە خوومان گرتبوو، هەمیشە لەگەلّ خەلّكیدا لەو دانیشتنانەی لەگەلّ یەكتر هەمان بوو بدوێین و هەولّ بدەین لە نێوانیاندا گروپی بچوك بۆ بەشداری كردن هەلّبژێرین، بەلاّم لەم شێوازەدا (هەلّبژاردنی خەلّكی) گرفت هەبوو“ شتێك بوو بە دروستی كاری نەدەكرد یان لانی كەم من ئێستا جۆرێكی دیكە بیر دەكەمەوە، لەبەرئەوەی تەنها ڕێگای شیاو بۆ ناسینی تاكێكی دیكە دیتنی یەكدی و كاركردنە پێكەوە، تەنها هەبوونی گفتوگۆیەكی سادە بەس نیە, لەم ئەكشنە دا تەنها شتێك كە بوونی هەیە فەزایەكی بۆشە.
ئەو مرۆڤانەی كە ئامادەگییان هەیە و نەك شتێكی دیكە، لەم ساتەدا شتگەلێكی سادە ڕوو دەدەن، سادە بەو واتایەی هەر كەسەو لە ڕادەی ئەو توانایەی هەیەتی دەتوانێت لەم فەزایەدا، لەم ڕووداوەدا، هەموو كارێك ئەنجام بدات، ئەو كەسەی لە دەرەوە تەماشای ئەم پرۆسەیە بكات ڕەنگە هەموو شتێكی بە سادە وەربگرێت، بڕێك خەریكن دەجولّێن“ هەندێك جار لەیەك ڕووداودا زۆر ورد و نەرم دەجوولّێن، تەواو بە شێوەی كەسانی ورد و پیر (بەسالاّچوان) ئەم جۆرە كارانە ئەنجام دەدەن، بەلاّم ئەم پرۆسەیە زۆر زۆر لەگەلّ هەر شتێكی دیكە كە ئێمە وەك عادەتەكانی ڕۆژانە لە ژیانی خۆماندا ئەنجامیان دەدەین جیاوازە.
كاتیّ لەژیانی ڕۆژانەی خۆماندا بۆ ئاخاوتن جوولّە بەكار دێنین لە ئاستێكی تەواو جیاوازدا پەیوەندی ڕۆدەنێین، دەمەویّ بلّیم ئاسایی ئێمە عادەتمانە بدوێین و وشەكان بەكار بێنین، بەلاّم لە شەونخونیدا بەهیچ جۆریّ و لە هیچ شوێنێكدا دەنگمان بەكار نەهێنا، لە ڕاستیدا ئەمە ئەكشنێكی تەواو





بیّ دەنگ بوو.
بۆ ئەو كەسەی بۆ یەكەم جار دێتە ناو فەزاكەوە، ئەم كپیە, شتێكی سەیرە، بەهۆی ئەوەی لە دەرەوە كپی بوونی نیە، نەمانی پەیوەندی حیواری شتێكی سەیرە، ئەم پرسە پێگەیەكی جیاواز دێنێتە ئاراوە و لە نێوان ئەو مرۆڤانەی تا پێش ئەمە یەكدیان نەدەناسی، پەیوەندگەلێكی جیاواز دروست دەكەن (ئەگەریش من چاوپێكەوتنم لەگەلّ هەندیّ لەم كەسانەدا هەبێت، هیچ شتێكیان لەبارەوە نازانم) بەلاّم بەهۆی سادەیی ئەم پرۆسەیەوە هەندیّ جار هەلّگرتنی هەنگاوی یەكەم دژوار دەبێت، من پێم وایە یەكێك لەو كارانەی دەبیّ ئەنجامی بدەین ئەوەیە هاوكاری بكەین تاكو ئەم یەكەم هەنگاوە هەلّبگرێت و كەس لەوەی دەبێت بجولّێت نەترسێت و ئەم ڕاستیە پەسند بكات كە لەوێدا هیچ حوكمێك نیە“ ئێمە نامانەوێت سەبارەت بەو خەلّكانەی هاتوونە بڕیار بدەین“ "من نامەوێت لە ڕێگای كەسانی دیكەوە بڕیار بدەم"
(١) ئێستا دەمەوێت سەبارەت بە ساز و كاری شەونخونی بدوێم، یان زیاتر دەربارەی جۆرێكی ستراتیژی كە سەبارەت بە بەشداربوونە و هەروەها لە نێوان خودی ئەندامانی گروپدا هەیە.
ئەو دەمەی یاتسك خەلّكی بانگی ناوەوە كرد و لە ژوورەكەدا داینیشاندن، لە مالّێكدا لە دەوروبەر و لە نێوان خەلّكیدا چەند ڕاڕەوەیەك بۆ تێپەڕین هێلّرابوونەوە، وەك هەمیشە هەموو فەزاكەی بەكار هێنا، ئەم پرسە ئەو ئیمكانەی بۆ ڕێنماكان فەراهەم كرد كە لە دەوروبەر و لەنێوان بەشدار بوواندا جوولّە بكەن و هاوكات جۆرێكی تۆڕی پێكەوە بەستراوی جوولّە دروست بكەن، نهێنی لەم جوولّەیە لە ڕاستیدا شاراوە بوو كە سەبارەت بە بەشدار بووان ئەم كارە دەرهێنرابوو، بەلاّم لەنێوان ئەندامانی گروپی ڕێنما لە كاتی پەیوەندی دوولایەنەی ئەواندا بە شێوازێكی تایبەتی دروست كرابوو، ئێمە دەتوانین بلّێین بەندی فڕین بوو كە توانای بە هەموان دەدا بێنە ناو ئەكشنەوە.
كارەكە لە كاتێكدا دەستی پیّ دەكرد، لەو ساتەدا بەشداربووان دەستیان بە جوولّە دەكرد، ئەوان خۆیان ڕیتمی ئەكشنیان بە گروپی ڕێنما پێشنیار دەكرد، ئەم ڕیتمە گونجاو بوو لەگەلّ توانای بەشداربووان، لەگەلّ وزەكان و سستیەكاندا وەك هەمەكیەك، سست یان خێرا، بەو جۆرە دەبوو بلّێین گروپی ڕێنما زیاتر هەولّیان دەدا بە شێوەیەكی هەست پیّ نەكراو فەزاكە بووروژێنن تا ئەوەی مرۆڤەكانیش

بووروژێنن.

ئەوان لەكۆتاییدا لەباری خۆیان دادەهێڵرانەوە، درەنگ یان زوو بەبێ ئەوەی زۆرەكی لە میاندا هەبێت دەهاتنە ناو ئەكشنەوە، قۆناغی یەكەمی ئەكشنەكە هەیكەلێكی كراوەی هەبوو كە تیایدا جۆری پۆزسیۆنەكان و جووڵەكان هەرگیز چەسپاو و شیاوی نەگۆڕین نەكرابوون دەگۆڕدرا، قۆناغی دووەمی ئەكشنەكە كاتێ دەستی پێ دەكرد كە گروپی ڕێنما بەشداربووانیان لە دواوەی جووڵەكە لەناو تۆڕی جووڵەدا خستبووە دواوە، ئەم قۆناغە زۆر كراوەتر بوو و پەیوەندی بەو شتانەوە هەبوو كە ڕوویان دەدا.

بە شێوەیەكی گشتی دوو جۆر شوێنگە هەبوو: ئەگەر جووڵەی بەشداربووان بۆ لایەك بچووبایە ڕێگە بدەن بڵێم: هەڵە، یان ئەگەر ئەكشن دەستی بكردایە بەرەو تێكچوون، لەم ساتەدا ڕێنمایان دەگەڕانەوە بۆ نزیكترین قۆناغی پێشوو و لە كاتێكدا كە مەودایەكی دیاری كراویان لە فەزادا لەوان دەپاراست، درێژەیان پێ دەدا، بەڵام ئەگەر بەشدار بوان ڕێگەیان بە خۆیان بدایە جووڵەی خۆیان بهێننەوە ناو ڕێنمایانەوە، ڕێنمایان دەمودەست لە بەرامبەر جووڵەی بەشدار بواندا كاردانەوەیان نیشان دەدا، لێرەدا بوو بنچینەكانی تاك گەرایی بۆ یاتسك زۆر گرینگ بوو.

چەقبەستكردنی سەرنجی تاكێك لەسەر هەموو كارێك مەحاڵە، لەوێ یەك، دوو یان سێ كەسی بەشداربوو كە خۆیان لە ڕاستیدا لەناو هەلومەرجێكی خوازراو یان چركە ساتێكی لێبڕاو دەدۆزیەوە، بۆیە پێویست بوو هەموو شتێ لەگەڵ كاری بەشداربووان دا هەماهەنگ بكرێت تاكو بە سانایی خۆیان لە پەیوەندی لەگەڵ یەكدیدا بدۆزنەوە.

ئەم ستراتیژەی ((دڵبەستنە شاراوەیە)) هەندێ كەس لەو ڕێگایەوە هەندێكی تریان لەسەر ڕووداوێكی دیاری كراو دادەنا كە پێیان خۆش نەبوو، ئاماژە بە كەمبوونی یان نەبوونی (كۆنترۆڵی ئەكشن) ناكات، بەڵام ئەم پرسە مومكین دەكات تاكو تەركیز لەسەر ئەو كەسانە بكرێت كە زیندووترن، بەڵام وەك پێویستی چالاكترینەكانیان نیە، بەڵام دەتوانین دەربارەی ئەوان بڵێین زۆرترین ڕادەی ئۆرگانی بوون.. ئەو پرسیارەی بۆ هەركاتێك كە لە باری ئەنجامدانی كار دایە دەخرێنە ڕوو، بەدەست هێنانی پریشكێكە لە بڕێكی وزە.

زۆر جار بۆ بەدەست هێنانی ئەم پریشكە پێویستە هەوڵێكی جەستەیی گەلێ زۆر ئەنجام بدرێت، لە دەرنجامی ئەم كارەدا خەیاڵەكان، خەونەكان و كارە سەیر و





نامۆكان شیاوی پەسند نین" بەربەستەكان و سنووربەندیەكانی تاك شیاوی پەسند نین" ئەو فەزایەی تاك تیایدا قەرار دەگرێت، شیاوی پەسندە، شتەكانی دیكە شیاوی پەسندن، لەوانە ئاوێنە، لەوانە ئەو شوێنەی تاك وێنای زەینی خۆی (هەڵبەتە نەك بە شێوەیەكی خۆ پەرستانە) دەدۆزێتەوە، مرۆڤ، فەزا وەك دەریاچەیەك كە دەتوانێت مەلەی تێدا بكات وەربگرێت، ئەو ڕاستیەی ئەو لە نێوان بەشداربوواندا هاتۆتە دنیاوە ڕاستیەكی سادەی بەستراو بە وزەوەیە، هەروەها بەم ڕاستیە بەستراوەوەیە كە مەلە دەكات و وزە وەردەگرێت.

كەسانی ناو ژوورەكە بەو جۆرەن كە هەن، ژوورەكەش بو جۆرەیە كە هەیە" یەك فەزا.

ئەمە چەند خاڵێكی ڕوونن لەناو ئەم ڕاستیەدا كە لە ڕێگای مرۆڤەكانەوە هاتۆتە دی و لەناو جووڵەدا كەوتۆتە خوڕ، نەك لەناو وێنا زەینیەكاندا... كۆتایی ئەكشن هەرگیز پێشتر هەیكەل ڕێژ نەكرابوو، بەڵام بەردەوام لە كپیدا بوو، ئەمە كپییەكی ڕووحانی نەبوو" كپی بەو واتا سادەیەی كە قسە ناكەین نەبوو" بەڵام بەهۆی توندی جووڵەوە هەمیشە ئەكشن دەگەیشتە خاڵی تێربوون، لێرەدابوو ڕێنمایان تەماشایان دەكرد" بۆچی ئەگەر ئەكشنەكە درەنگ تەواو بووایە، كپییەكە تێكدەشكا، ئەوان لە چركە ساتێكدا هەموو شتێك كە دەگەیشتە ڕادەی تێربوون، تەواو دەكرد.

لەم بێ دەنگییەدا كەس چاوەڕوانی گەڕانەوەی دەنگ نەبوو (درێژەیان بەبێ دەنگی دەدا) لەم بێ دەنگی وكپییەدا بوو، بڕێ وزە دەكەوتە بزاوتەوە، دەتونین بڵێین ئەمە (كپییەكی قووڵ بوو)، لەو ساتەدا بوو یاتسك یەكەم كەسی هەڵدەبژارد وبۆ دەرەوەی ئەو فەزایە ڕێنوینی دەكرد.

)٢( }ز{ لەگەڵ بوونی ئەو حەقیقەتەی ئەمە گردبوونەوەیەكی سادەیە، من هەست دەكەم بایەخی هەیە بۆ چركەساتی (واقعیەتی دەگمەن) سەبر بكەیت، پاشان جیا بیتەوە، پێم وایە ئەمە پێگەیەكی ڕاستگۆیانەیە چونكە هەموو ئەو كەسانەی هاتبوون توانای دووبارە كاركردنیان لەگەڵ ئێمە هەیە، ئەمە كارێكی تەواو كراوەیە چونكە شەخسەكە لەسەرەتای ئەكشنەوە دەرگیر نەدەبوو، بەڵكو لە دوایین خاڵی كۆتایی دا، تەواو لە هەمان ئەو جێگایەوە كە كاری پێشوو كۆتایی پێ هاتبوو دەست پێ دەكات و بەم جۆرە هەمیشە ئیمكانی پەیداكردنی شتگەلێكی تازە لەم كارەدا هەیە.

}فرانسواكان} لەسەر بنەمای شەخسی



خۆم، دەمەوێ جەخت لەسەر ڕاستیەکی سەرەکی بکەمەوە، یاتسك بە درێژایی کارەکەی هەرگیز تیۆردارێژیی بۆ ئەکشنی (Gzuwanie)نەکرد، بە درێژایی موقەدیماتی ئەکشنەکە بەرەو چێ کردنی کەشی دۆزینەوەی پەیوەندیەکی زیندوو لە نێوان ڕێنمایان، نەك چەشنی گروپێك، بەڵکو چەشنی تاکە کەسی ڕێنوینی دەکرا، بە درێژایی شەونخونی ئەم هێمایانە بوون ئێمەیان ڕێنوینی دەکرد، هەستێکی چەشنی ئەوکاتەی ئەکشنەکە بۆ ساتەکانی (واقعیەتی دەگمەن) یان بۆ ئەم هێمایانە







دەگەڕایەوە، ئێمە هەرگیز دەربارەی ئەوە نادوێین تەنها ئەو دەمە بوو کە دیدار، جوامێری یان بوێری خەریك بوو لەنێوان ئێمەدا کەم دەبوویەوە، یاتسك لەگەڵ ئێمەدا بە تەنیایی و هەمیشەش زۆر واقیعی و هەستپێکراو دەدوا.

ئەو کاتەی یاتسك وشەی بەکاردەهێنا، نیشاندەری هەڵبژاردنێکی پێویست بوو لە کارەکەیدا، ئەم پرسە گەلێ زۆرتر لەوەی ئیستاتیکانە بێت ئەخلاقی بوو، ئەم سادەییە جەختی لەسەر ڕاستێتی مافی هەڵبژاردنی دەکردەوە، مافی هەڵبژاردن بۆ خودی خۆی و هەموو ئەندامانی گروپ" سەرجەم شتەکان، سەرجەم جوانکارییەکان" سەرجەم نەریتەکان" هەموو ئەو شتانەی لە پشت شتگەلێکەوە هەبوو, دەکرا بشاردرێنەوە، سەرجەم بڕیارە هەڵەکان، ئەم هەڵبژاردنە ڕاستیە (کات، فەزا، کەسانی واقیعی) و نەبوونی حیوار (هەروەها لەنێوان ئەندامانی گروپدا) و هەڵبژاردنی بەشداربووان، هەموو بۆ ئەم سادەترین خاڵە دەگەڕێتەوە" لەم پێگەیەدا کە پەیوەندیەکانی نێوان جۆری مرۆڤەکان لە هەموو شتێکی پەیوەست بە ستاتیکاوە خاڵی بووەتەوە، (بەلاَم ناتوانین بڵێین بێ بەش لە جوانی) زەمینە بنەڕەتییەکان بۆ کاری توێژینەوە فەراهەم دەبێت و تاکو ئەمڕۆ لەگەڵ شێوە پەیداکان یان ناپەیداکاندا لە باری بەرفراوان بووندان.

)١(     }گ} یاتسك هەمیشە جەختی لەسەر ئەو ڕاستیە دەکردەوە کە چی شتانێك لە کاردا لەوپەڕی سادەییدا دەژمێردرێن، جووڵە و فەزا — جەستە و جووڵە، هەر ئەمەو نەك شتێکی زۆرتر، بەڕاستی شتێکی زۆر نا، نە کاری سروشتی" نە هێما و نهێنییەك" نە میتافیزیکا، نە روحانیگەری" تەنها سادەترینی شتەکان، ئەو هەمیشە لەم پێناسە و شرۆڤانەدا بۆ هاوکارەکانی جەختی لەسەر ئەم ڕاستیە دەکردەوە کە پەسند کردنی بەربەستە سەرەکیەکان بەتایبەتی بەربەستە فیزیاییە جەستەییەکان پێویستە، بۆ نمونە ئێمە دەزانین ناتوانین بفڕین کەواتە چیدی دەربارەی ئەوەی چۆن بفڕین قسە ناکەین.



# لابۆری گرۆتۆفسکی دوای بیست ساڵ

**رابێرت فیندلی**
**و: کاریز نەردا**

فینـــدلی ئـــەم وتـــارەی لـــە ســـاڵی ١٩٨٠ دا ڕاستەوخۆ پاش ئـەزموونی کەسێتی خـۆی لـە شـانۆی لابـۆردا نووسـیوە، ئـەم نوسـینە لـەو لایەنەوە شـیاوی سـەرنجە کـە داگـری کۆمەڵـە خـاڵێکی تـازە و ڕوونکەرەوەیـە سـەبارەت بـە کارەکـانی دەورەکـانی یەکـەم و دووەمـی گرۆتۆفسکی لە شانۆی لابۆردا.

لـە دەیـەی ناسـەقامگیری ١٩٦٠ دا (سـەدەی ڕابـردوو) بایـەخی شـانۆی ئەزموونگـەری گەشـەیەکی ئەفـسانە ئاسـای وەرگـرت، ئـەو تیپانەی کە ئێستا زۆربـەیان هەڵوەشـاونەتەوە یان بە هۆکاری نادیار لـە تەختـەی شـانۆ دوور کەوتوونەتـەوە، بـۆ نمونـە لـە ئـەمریکادا دەتـوانین ئامـاژە بـە تیپـی (OPEN THEATER)بکـەین (بـە دەرهێنـەر جۆزیـف چـایکین) لـە سـاڵی ١٩٧٤ هەڵوەشـایەوە، هۆکارەکـەی ڕەنگـە تـا ڕادەیەك ئـەوەبێت کـە لـە لایەکـەوە زەمـەن گۆڕابـوو، لـە لایـەکی دیکـەوە شـێوازەکانی ئەفڕانـدنی گروپـەکان بـۆ ئێرتیجـالی کـردن و شـێوەگۆڕینی کـاری ئەکتـەرەکان کـە تـا سنورێك کاریگەر بـوو لـە سـەرکەوتنی تیپـە ئەزموونگەریەکانی شـانۆ، جێمـاو و ئاسـایی دەهاتە پێش چاو.

تیپـی) (LIVING THEATER) بـە دەرهێنـەران جۆلیان بیـك و جۆدیـت مالینـا) بەسـەختی لەگـەڵ هاتوهـەرای بـەرفراوانی شۆڕشـگێڕی لـە دەیـەی ٦٠ دا، دەرگـیر بووبـوو، ئـەمڕۆش دوور لـە ڕەگ و ڕیـشە ئەمریکیەکـەی لـە ڕۆمـا و لـە ئارامییـەکی ڕێژەییـدا بەسـەردەبات، بـەم حاڵـەوە (PERFORMANCE GROUP) )بـە دەرهێنـەری ڕیـچارد شـێکنەر) ئـەمڕۆ هێـشتا لـە نیویـۆرك کـار دەکـات، کۆمەڵـە کارێك کە نمایـشگەلێکی فـرە ڕەسـەنی ئـەم تیپەمان وەك نمایشی (دیۆنیسۆس لە سـاڵی ١٩٦٩) لـە ڕابردوویـەکی دووردا وەبـیر دێنێتەوە.

لـەو سـەردەمانەدا یـەك لـە بـەناوبانگترین و کاریگەرترین لە نێوان تیپگەلی لـەو جـۆرەدا، شـانۆی لابـۆری جێـرزی گرۆتۆفـسکی بـوو، تیپێـك وەك نمایـشگەرەکانی هاوشـان ڕەسـەنایەتی، ئـەمڕۆش کاردەکـەن و بەردەوام بـەناو پانتـایی ئەفڕانـدن و ڕێـچکە



نوێیەکاندا هەنگاو هەڵدەگرن و پێشدەکەون. ئەنـدامانی تیپەکـە پـار سـاڵ ئاهـەنگی بیستەمین ساڵڕۆژی توێژینەوە شـانۆییەکانی خۆیان گـیڕا، ئـەم پرسـە خـۆی لەخۆیـدا تـا ڕادەیـەك نیـشاندەری ئەوەیـە کـە تیپەکـە خەریکـە پـێ دەخاتـە تەمەنـەوە، بـەلاّم بەردەوام لەناو گێـژەنگی داهێنـانی خۆیانـدا ڕۆدەچن، مـن تـاڕادەی ئـەزموونی شەخـسی خـۆم تێدەکۆشـم لـە چوسـت و چـالاکی تیپەکەیان بدوێم.

ئـەوەی ئـەمڕۆ بـەناوی شـانۆی لابـۆرەوە ناسـراوە، لـە سـاڵی ١٩٥٩ لەشـاری ئۆپـۆلی پۆڵەنـدا لەلایـەن دەرهێنـەرێکی نەناسـراوی بیـست و شـەش سـالاّنەوە بـەناوی جێـرزی

گرۆتۆفسکی (لەدایکبووی ١٩٣٣) و یەکێکتر کە ڕەخنەگرێکی ڕەسمی بوو و لۆدوێن فلاشن (لەدیک بووی ١٩٣٠)ی ناو بوو، دامەزرا، گرۆتۆفسکی لە نمایشەکانی سەرتاییدا تیپێکی بچووکی لە ئەکتەر کۆکردبووەوە، نمایشی وەک ئورفە (ژان کوکتو) و قابیل (لۆرد بایرۆن)، لەم نێوانەدا سێ کەس لەکارەکانی دواتر لەگەڵ تیپەکە مانەوە، کە بریتین لە ڕێنا میرتسکا (لەدایك بووی ١٩٣٤)، ئانتۆنی یاهولکوفسکی (لەدایك بووی ١٩٣١)، و سیگمۆند مۆیك (لەدایك بووی ١٩٣٠)، لە ساڵی ١٩٦١ دا بوو، دوو ئەکتەری گرنگی دیکەش کەبەردەوام لەگەڵ تیپەکەدان، هاتنە ڕیزی تیپەکەوە: ڕیچارد چیشلاك (لەدایك بووی ١٩٣٧) و زبیگنیڤ تسینکۆتیس (لەدایك بووی ١٩٣٨ (

دواتر لە دەیەی ١٩٦٠ دا ستانیسلاڤ سچیرسکی (لەدایك بووی ١٩٣٩) و ئەلیزابێس ئەلباهاتس (لەدایك بووی ١٩٤٢) هاتنە ڕیزی تیپەکەوە و هێشتا لە تیپدا چالاکی دەنوێنن.

لە هەمان ڕۆژانی سەرەتای دەسپێکی چالاکی شانۆی لابۆردا، هەموو ئەندامانی تیپ خۆیان تەرخان کرد بۆ پرۆڤەی ڕێك و پێك و مونسەجمی جەستەیی، دەنگی و زەینی تاکو لەم ڕێگایەوە توێژینەوەی سیستماتیك و هونەرمەندانە لەمەڕ تواناکانی شانۆ — وەك گەیەنەر — مومکین بکەن.

ئەم کۆمەڵە بەدواگەڕانە بە درێژایی دەیەی شەستدا، بەرەوە جۆرێکی توێژینەوە ڕێنوێنی کرا، کە زیاتر پەیوەندی بە ئەکتەرەوە هەبوو. هەروەها دواتر بەرەو کۆمەڵە ئەزموونێك لەمەڕ پەیوەندی ئەکتەر / بینەر و دارشتنی تەرحی فەزا شانۆییەکان پەرەی سەند، هەموو نمایشێکی تازە لەسەر بنەمای دەرەنجامە لۆژیکی — هونەرییەکانی ئەو شتەی لە ڕەوتی ئەزموونەکانی پێشوو بەدەست هاتبوون، ڕۆ دەنرا و پەرەی دەسەند، بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٦٢ دا گرۆتۆفسکی نمایشی کوردیانی لەسەر بنەمای دەقێکی ژۆلیۆس سلۆاسکی پێشکەش کرد، لەم نمایشەدا جەختی لەسەر بەشێك لە کردەی نمایشی کردەوە کە لە







نەخۆشخانە دەروونیەکاندا ڕوو دەدەن، ژوورێکی گەورە کە ژمارەیەکی زۆری قەرەوێڵەی تایبەتی نەخۆشخانەی تێدا دانرابوو، کۆمەڵە بینەرێك کە لەسەری دانیشتبوون و کۆمەڵە ئەکتەرێکی لەخۆ گرتبوو کە بە جووڵە ئەکرۆباتە ئاساکانیان سەرقاڵی نمایش کردنی ڕۆڵ بوون، لە ساڵی ١٩٦٣ دا تراژیدیایی مێژووی دکتۆر فاوست بەرهەمی کریستۆفەر مارلۆ، نمایشێکی دیکەی تیپەکە بوو.

ئایدیای سەرەکی ئەم نمایشە لەسەر ئەو بنەمایە چێ ببوو کە کاتژمێری یانزەیە، ماوەیەکی گەلێ کەمی ماوەتەوە بۆ نیوەشەو، فاوست دەبێت توشی نەفرەتی هەمیشەیی بێت، هاوڕێیەکانی — بینەران — بۆ میوانی شەوانەی خۆی بانگێشت کردووە، فاوست لەسەر مێزی تایبەتی میوانداری دادەنیشێت و بینەرانیش کە لە بەشە جیاوازەکانی دوولای مێزەکەوە دەبن، ڕابردووی خۆی لە چوار دیمەن دا ڕاڤە دەکرد، کە لە ڕێگای نمایشکەرانەوە لەسەر مێزەکە نمایش دەکرا.

گرۆتۆڤسکی لە ساڵی ١٩٦٤ دا لەسەر بنەمای شانۆنامەی ئاکرۆپۆلیس (١٨) کە ڤیسپیانسکی لە ساڵی ١٩٠٤ دا نوسیبووی، نمایشی بۆ ڕێکخست، جیهانی خەیاڵی و نەریتی کۆشکی واویل (wawel) لە کراکۆ — لە شانۆنامەکەدا — بۆ فەزای کوورەکانی



سووتانی مرۆڤ — لە نمایشدا — گۆڕا بوو، ئەکتەرەکان کارە نمایشیەکانی خۆیان لەپاڵ بینەرانەوە بەبێ هیچ مەودایەك ئەنجام دەدا، خۆیان فەزای تاریکی کوورەکانی سووتانی مرۆڤیان بە کۆمەڵێك لولەی بوخاری و سیم کە لەسەر تەختەی شانۆ کەوتبوون، بە درێژایی نمایشەکە دروست کرد.

لە ساڵی ١٩٦٥ دا هەمیشە شازادەی لەسەر بنەمای دەقێکی سلۆاسکی، کە خودی ئەویش تراژیدیای سەدەی حەڤدەهەمی کالدرون دارشتبۆوە نمایش کرد، بینەران لە بەرزایی لێواری باڵەخانەی تەختەی شانۆوە ئەشکەنجەیان بەرچاودەکەوت، خولسەی کۆتایی مەرگ و شەهید بوونی شازادە لە تەسویرەکانی ناوەڕاستی تەختەی شانۆدا

بوو، باڵەخانەی تەختەی شانۆ شتێك بوو لە تەلارسازی هۆڵەکانی گابازی ( گەمەی گا) یان ژوورەکانی توێکاری دەچوو کە بینەر لەسەرەوە هەموو شتێکی دەبینی.

شانۆی لابۆر لەسەرەتادا لە هەلومەرجی دابڕاو، نەناسراو هەڵبەتە لەناو خەرمانێك لە شاردنەوەدا چالاکی دەنواند، بەڵام دوای ١٩٦٥ دەوڵەمەندی هونەری نمایشەکان و ڕێکوپێکی و دیسپیلینەکانیان، تیپەکەی لە ناوەندی شانۆی ئەزموونی ئەوروپاو ئەمریکادا گەیاندە ناوبانگی، دوای ١٩٦٥ * لابۆر لەشاری بچووکی ئوپۆلەوە جیگای بۆ شاری گەورەتری ڤرۆتسلاڤ گواستەوە، لەم سەردەمەدا بوو کە تیپەکە بۆ یەکەم جار کۆمەڵە نمایش و لابۆرێکی لەدەرەوەی پۆڵەندا، لە فەرەنسا، بەریتانیا، سوید، دانیمارك و دواجار لە ١٩٦٧ لە ئەمریکادا بەڕێوە برد.

ڕەنگە گرنگترین ڕووداو لە ڕەوتی کاری لابۆردا کاتێ بووبێت کە لە ساڵی ١٩٦٨ دا بیردۆزی شێوازە کردەییەکانی گرۆتۆڤسکی لە پەرتوکێکدا بەناوی (بەرەو شانۆی هەژار) (٢٥) بڵاو کرایەوە، ئەم پەرتووکە داگری کۆمەڵێك لە نووسراوەکانی ئەو وکەسانی تر بوون دەربارەی کارەکانی، ئەم بەرهەمە بە ڕواڵەت وەکو مانیفێستی ئانتوان ئارتۆ لە پەرتووکی شانۆ و هاوتاکەیدا خۆی دەنواند، هەڵهێنجانی گرۆتۆڤسکی لە شانۆدا، لە وتاری بەرەو شانۆی هەژار بە تایبەتی پەیوەندیەکی توند و تۆڵی لەگەڵ کارە پراکتیکیەکەی و پاراستنی ڕێکو پێککردنی هەبوو بۆ چارەسەر کردنی پرس و کێشە تایبەتیەکان لە شانۆدا، ئارتۆ لەسەر کۆمەڵێك تێور قسەی دەکرد، سابارەت بەوەی کە شانۆی هاوچەرخ پێویستە لەسەر ئایین وئەفسانە ڕۆ بنرێت، ئەوەی کە شانۆ گەرەکە لە ڕوانگەی ڕوحی ــ دەروونیەوە بەرەو ڕووی بینەر ببێتەوە گرۆتۆڤسکی ڕووناکی بە شێوازەکانی ئەو بەخشی، پەرەی پێدان و بەرەو پرۆسەی مەشق کێشی کردن.

شانۆی لابۆر لە ساڵی ١٩٦٨ دا بۆ یەکەم جار ئاپۆکالیپسی نمایش کرد، ڕەخنەگران ئەم نمایشەیان بە شاکاری گرۆتۆڤسکی ناوزەد کرد، چی ئەم نمایشە تایبەتە؟ ئەمڕۆ ـ پاش دوانزە ساڵ ـ سەرنج ڕاکێش دەکات ((کاتی نووسینی ئەم وتارە ١٩٨٠ یە)) ئەم بەرهەمە هێشتا بە شێوەیەکی ڕێکوپێك نمایش دەکرێت و لەگەڵ کاری یەکبینەی تیپەکەدا بەردەوام لە پێشوازی گۆڕانکاری دایە، ئەمە دوا نمایشی شانۆیی بوو کە گرۆتۆڤسکی و هاوکارەکانی لە ئاستی پەرەپێدانی ئامانج و توێژینەوەکانی خۆیاندا ئەنجامیاندا، ئاپۆکالیپس چەشنی ئەزموونە نوێیەکانیان وەك خەلاقییەتێکی سەرزەوی (Ground Work)



ئامادەکرا، لە درێژەپێدانیدا و لە ساڵانی سەرەتای دەیەی حەفتاش دا کۆمەڵە توێژینەوەیەك دەستی پێ کرد، ئەوشتەی کە دواتر ناوی سادەی ئەزمونەکانی میتا شانۆیی ( پارا شانۆیی ) وەرگرت.

ئاپۆکالیپس لە بنچینەدا بەرهەمی دووساڵی کارکردن، ئیرتیجالی و توێژینەوە بوو کە لەسەر بنەمای هیچ دەقێکی شانۆیی تایبەتی نمایش نەکرا، ئەوشتانەی لەناو فەزای پرۆڤە ــ نمایش بەدەست دەهاتن پەرەی سەند، نمایشەکە کۆلاژێك بوو لە ئینجیل، برایانی کارامازۆفی دستۆفسکی، کۆمەڵە شیعرێکی تی.ئیس ئیلیۆت (لە چوار شەممەی خۆڵەمێشی دا، زەویەکی وێران و بە ساڵاچوو) و هەروەها زانیاریەکانی سەروو سروشتی بەرهەمی سیمۆن ڤێل، شوێنی نمایشەکەش کەشێکی کڵێسایی بوو، بە دووریەکانی ٢٥ x 25 x 30 مەتر چوارگۆشە، دوو ڕووناکی دەری خڕ (Stop)لەسەر زەوی بوون وفەزای نمایشەکەی ڕووناك دەکردەوە، لە تەنیشتیانەوە سەد بینەر لەسەر زەوی، لەکاتێکدا پاڵیان دابوو بە هەرچوار دیوارەکەوە، دانیشتبوون، نمایشەکە نزیکەی کاتژمێرێك درێژەی کێشا.

ئاپۆکالیپس ــ لە تێڕوانێکی ڕوکەشی و تاکڕەهەندیدا ـ گروپێکی پێك هاتو لە پێنج مرۆڤی بێ فکری نیشان دەدا، چوار پیاو و ژنێك، کەسایەتی شەشەمیش کە سیمۆنی سادە دڵی ناونراوە، سادەیە، گەمژەیەکی گوندی کە لەناو فەزای تاریکی بینەرانەوە دەردەکەوێت و لە ڕێگای ئەوانی دیکەوە هەڵبژێردراوە بۆ سەرگەرمی و خۆشی، هەڵبەتە ئەم تەسویرە لەوەش دەچێت وەك ئەوەی ڕزگارکەر گەڕابێتەوە، نمایشە جیاوازەکانی ئەم بەرهەمە لەکاتی فراوانبوون و گۆڕانکاریەکانیدا بە ئاراستەیەکدا چووە پێشەوە کە ئاگایەنە وبە ئەنقەست جەخت لەسەر هیچ مەسیحێکی تایبەت نەکرایەوە، لەم بەرهەمەدا چەشنی گەمەی گەڕانەوەی دووبارە دەبینرێت کە نسبەت بە ئاستی کارەکەی دستۆفسکیدا بەرفراوانتر ببۆوە، دوای ئەوەی ڕزگارکەر ناسێنرا، ئەکتەرەکانی دیکە ڕۆڵێکی لێکچوویان بە ئەستۆوە گرت: سیمۆن پیتەر: یاهوکۆڤسکی، لازارۆس: تسینکۆتیس، جۆن: سچیرسکی، یەهودا: فولیك و مریەمی مەجەدلیە: بە دەبل کاست لە لایەن میرتسکا وئەلباهاتساوە نمایش دەکرا. ئەم کارە نمایشێکی فرەدیو و ئاڵۆز بوو، هەروەها نمایشنامەیەك بە پێکهاتەی کینایەی پیراندلینەوە کە سنووری نێوان ژیانی واقعی نمایشگان وئەو ڕۆڵانەی دەیانگێڕا، لەنێو دەبرد.

سەرەتا تەختەی شانۆ هەبوو، تیایدا نانێك

له لایەکی تەختەی شانۆکەوە بۆ لایەکی دیکە فڕێ دەدرا، بەو ئەوینبازیەوە و دواجار بە چەقۆیەك کون کرا، پاشان ئەم نانە لە لایەن لازارۆسەوە پارچە پارچە و بە نامیهرەبانیەوە بەرەو ڕوخساری سیمۆن فڕێ دەدرا، سوکایەتی کردن بە ئەفسانەی مەسیح، کە گەڕانەوەیە، دەست پێ دەکات، هەرچەندە گاڵتەجاریەکان پێدەچن باش نەبن، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە چاوانی کراوەی سادەدڵ مەترسی ڕاڕایی و گاڵتەجاڕی دۆستانەییەکان دەگوازێتەوە، ئەو لە ئیدامەدا بە توندی پێدەکەنێت و سووئیسفادەی جەستەیی و جنسی دەخاتە نمایشەوە، سیمۆن زیاتر دەرگیر دەبێت و بەکارامەییەوە چالاکی دەنوێنێت، دەگاتە ئەو باوەڕەی کە سادەدڵ شیعری ئیلیۆت لە حیوارەکەیدا بەکار دێنێت، لە چوارشەممەی خۆڵەمێش دا:

ـ چونکە من ئومێدێکم بە گەڕانەوەی دووبارە نیە.

ـ چونکە من ئومێدێکم نیە.

ـ چونکە من ئومێدێکم نیە بە گەڕانەوە.

ـ من زیاترلەوە تێناکۆشم، تیکۆشان بەرەو شتگەلی وەکو ئەمە

ـ بۆچی هەڵۆی پیر دەبێت باڵەکانی بکاتەوە؟

نواندن بە جدیەتێکی زیاترەوە درێژە دەکێشێت، خۆشگوزەرانیەکان و یارییەکان، ئارام لەناو تیشکی مۆمدا دەڕەوێنەوە، لێکچوونسازی (دوا شێو)، سادەدڵە گوندیەکە بوو بە قوربانی، بۆنەیەکی ئاینی ساڵوەگەڕ بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی بەڕێوەچوو، سادەدڵ کە لە خاچ درا بوو، لە کۆتایی نمایشەکەدا هێشتا زیندو بوو غروری هەبوو، بەرەوڕوو بوونەوەی ئەو لەگەڵ سیمۆن پیتەردا، ئەو کەسەی کە بە ووشەکانی لێکۆڵەری گەورەی دستۆفسکی دەدوا، ڕوونی دەکردەوە کە ڕزگارکەر گەڕاوەتەوە، بەڵام ئەوەی ئەو دەیبینێت: "بزانن کە من ترسێکم لە ئێوە نیە، من ئامادەم ئەو کەسە بم کە ئێوە هەڵتان بژاردووە... من بە هەستەکانمەوە هاتووم بەڵام نەمهێشت تاکو سنوری شێتی بڕواتە پێش."

سادەدڵ شێت ئاسا، بەچۆکدا دەکەوێت و هەڵدەستێتەوە، دیسان بە چۆکدا دەکەوێت، چەند دێر لە تێکستێکی نائومێدانەی ئیلیۆت دەخوێنێتەوە، گۆرانیەك بە زمانی لاتینی دەچڕێت لە کاتێکدا کە توندی دەنگی زیاتر دەبێت، بە ئارامی بە زەویدا دەکەوێت، بەهەمان شێوە مۆمەکان هەموو لە فەزای نمایشەکەدا دەکوژێنەوە، سیمۆن پیتەر دەجوولێت، لە ناخی تاریکیدا دوایین قسەکانی دەکات: "بڕۆن و چیدی لەوە زیاتر نەگەڕێنەوە" کە گڵۆپەکان دادەگیرسێنەوە، فەزاکە خاڵی بووە: مۆمەکان و پارچە نانەکان کە لەسەر زەویدا کەوتبوون، هەموو جێگایەك بێدەنگی حوکمی دەکرد، چەپڵەلێدان لە ئارادا نەبوو،





بینەران بە بێدەنگی تەواوە هۆڵەکەیان بەجێهێشت.

گرۆتۆڤسکی لە سەرەتای دەیەی حەڤدەدا ڕایگەیاند کە چرکە لەدوای چرکە زیاتر لە شانۆ خەریکە دەچێتە دەرەوە، ئەو کاتەی گروپی هەبوو خەریکی نمایشە ڕێکخستووەکانی ئاپۆکالیپس بوو. گرۆتۆڤسکی وتی هەیکەلی کاملی لابۆر لەبارەی نوژەنکردنەوەی گروپەکەدایە لەگەڵ ژمارەیەك ئەکتەری تازەکار و لاو، ئەو لاوانەی تەنانەت بە بێ هیچ پێشینەیەکی شانۆییش بۆ گروپەکە زیاد دەکران، ئامانجی تازەی ئەوان، تاقی کردنەوەیە لەسەر ئەو شتەی بە ئەزموونەکانی سەروشانۆیی ناوزەد دەکرا و ئەمە زاراوەیەکە لە بەرامبەر چەمکی کارە شانۆییەکاندا، (کۆمەڵە جیاوازیەی ئاشکرا لە نێوان ئەم دوو چەمکەدا لە تێوری و لە نمایشدا هەیە) کاری تازە لەسەر کەمکردنەوی جیاوازی نێوان ژمارەیەك لە پرۆژەکانی میتا شانۆیی چڕ بۆتەوە، ئەم پرۆژانە بە درێژایی دەیەی حەفتادا بەناوی جۆراو جۆرەوە نیشان درابوون. لەوانەش : (holiday)، پرۆژەی تایبەت، پرۆژەی کوێستان و ...هتد. ئەم ئەزموونانە بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی لابور وهەروەها ژمارەیەکی زۆری کەسانی ناشانۆیی بانگێشتکراوی چوارلای جیهان بەڕێوە دەچوو. ئەم پرۆژانە بە جۆرێ ڕێکدەخران کە چەند ڕۆژێك یان چەند هەفتەیەکی دەخایاند و هەندێ جار لە دارستان، لە کوێستان و هەندێ جاریش لە کەشێکی ناوەوە پارێزراو بەڕێوە دەچوون. بە هەرحاڵ گرۆتۆفسکی لەبەر ئەوەی گووتبووی دەستی لە شانۆ هەڵگرتووە ، کەوتە بەر ڕەخنە. تازەترین چالاکی میتا شانۆیی ئەوان لە ڕاستیدا پەرەسەندنی سروشتیانەی هونەری لە ئەزموونە شانۆییەکاندا نیشان دەدات. گرۆتۆفسکی سوورە کە ئەم پرۆژانە جۆرێکی پرۆڤەی نواندن نین، لێکچونێکی لەگەڵ دەروون تیماری، عیرفان یان شتگەلی وەکو ئەمانە نیە. ئەمانە بە سانایی واتای ئازادی لە ئەفراندنی فەردییان وەرگرتووە، ئیمکانی دیدار و پێکەوە کارکردن (هەڵبەتە بە بێ حیوار) لە کەشێکدا کە بە وردی بۆ پێکگەیشتنێکی لەو جۆرە داڕێژراوە. ڕەنگە باشترین ڕێگا بۆ تەشریحی پرۆژەی لەو جۆرە، فەراهەم کردنی نووسینێکی بێت هەمبەر بەمانە.

پرۆژەی درەختی خەڵکی (przewo Ludzi)ئەو کارە بوو کە لە پێنجی کانوونی دووەمی ١٩٧٩ دا دەستی پێکرد، ڕۆژی هەینی نزیکەی کاتژمێر پێنج و سی خولەکی پاش نیوەڕۆ، ئێمە کە نزیکەی پەنجا کەسێ دەبووین لە هەموو جێگایەکی

جیهانەوە گەیشتینە ئۆفیس و ژوورەکانی پرۆڤەی شانۆی لابۆر لە ناوەندی شاری ڤرۆتسلاڤ. خواردنی گەرمیان پێدایین. داوایان لێ کردین کە خێراتر شمەك و جلەکانمان دابەشی دوو دەستە بکەین، ئەوانەی واجب و پێویستە لەگەڵ خۆمان هەڵیانگرین و ئەوانەی دەیانهێڵینەوە، کەمێ پاشتر هەریەکەیان بە تەنها بردیانین تاکو بە فەزایەکمان ئاشنا بکەن کە دەبێت حەوت شەو و حەوت رۆژ لەوێ بمێنینەوە: خواردن لە نهۆمی یەکەم بوو، بیست و چوار کاتژمێری شەوانە رۆژ، لە نهۆمی دووەم و چوارەم هەر کاتێ حەزمان لێبوایە دەمانتوانی لە کیسەی خەودا بنووین، دواجار ئێمەیان برد بۆ فەزایەك بە بنمیچێکی زۆر بڵند و دیواری خشتی، کە لە نهۆمی سێیەمدا بوو. لەوێ دایاننناین، کە لە ساڵی ١٩٦٥ دا هاتبوونە ڤرۆتسلاڤ، لەوێ پرۆڤە و نمایشیان دەکرد. جگە لە ئێمە پەنجا کەس کە لە دەرەوە هاتبوون، نزیکەی پانزە کەسیش لە ئەندامانی شانۆی لابۆر ئامادەبوون، خودی گرۆتۆفسکی، لۆدویکفلاشن و گروپی کاملی ئەکتەران کە هێشتا ئاپۆکالیپسیان نمایش دەکرد، وێڕای تازە هاتووان و ئەو ئەندامە لاوانەی لە دەیەی حەفتادا پەیوەندیان پێوە کردبوون. هەموومان دوای ئەنجام دانی دیمانە لە رێگەی خودی گرۆتۆفسکی – یان ئەندامێکی دیکەی گروپەکەوە – هەڵبژێردرابووین، داوەتنامەمان بۆ هاتبوو. پێیان گوتبووین کە بیر لە ئاسوودەیی، خواردنی رێکوپێك و خەو نەکەینەوە و هەروەها نابێت چەشنی ئەو قوتابیانە بین کە چاوەڕوانی فێرکردنن لە مامۆستاکانیان، هەروەها نابێت لە چاوەڕوانی مەوقعیەتێکی خولقاندنی شانۆیی یان کارکردنی دا وەك ئەکتەرێك بین. لە نامەیەکدا کە داگری کۆمەڵێ پێشنیار و رێنوێنی بوو، هەروەها بە ئەنقەست و شاراوە و شاعیرانە بوو و ئەگەری هەڵهێنجانی جیاوازیشی دروست دەکرد، هاتبوو: "درەختی خەڵکی بۆ ئێمە وەکو رووباری ئوپۆسە، ئەو شوێنەی تاك دەتوانێت تیایدا ئازاد بێت. کەواتە کاتێ ئێوە گەیشتن، لە کاتی رەوان بوون دا، بەشێك بن لە گروپەکە، رێگە بدەن ئەمەتان تێدا لە دایك بێت، گیان وەربگرن، رێگە بدەن لە ئێوەدا گەشە بکات. لە پێناو بەدەستهێنانی ئەم چانسە، دەبێت تاك دەست لە ئیلتزام هەڵگرێت لە پێناو سوودمەندخوازی، لەبری ئەوە ، نزیك بوونەوە لە توخمی وردبینی و سەرڕاستی و راشکاوانە بوون, بکاتە پیشەی خۆی "

بەو جۆرەی بۆیان روون کردبووینەوە ، لەسەر ئەوە سوور بوون کە لە هەر چوار نهۆمەکەدا کاتژمێرەکانمان بەکار نەهێنین. بۆیە بۆ ماوەی حەوت شەو و حەوت رۆژ بە شێوەیەکی ورد هەستمان بە زەمەنی هێڵی نەکرد. وێڕای ئەوە ، پەنجەرەکان بە





تەواوەتی رەنگ کرابوون تاکو دابڕانمان لە جیهانی دەرەوە توند بکەن، ئەمە پتر جۆرە هەستێکی وەرچەرخان نەخوازی بوو هەمبەر بە زەمەن. تەنها تیشکێ کە لە دەرەوە پێماندەگەیشت، تیشکی هەتاو بوو، ئەمەش لە چوار پەنجەرەی گەورەوە کە لە قەوسی بنمیچی فەزای نمایشەکە جێگیر ببوو .

کاتێ ئێمە کارمان دەکرد، تەنها بە دوای یەکی شەو و رۆژمان دەرك دەکرد. ئێمە لەسەر ئەو شتانە کارمان دەکرد کە باشترە بڵێم ئیرتیجالی کردن و ئەفراندنە دەستە جەمعییەکان کە هەڵبەتە هەموو بێ حیوار بوون. ئەگەرچی زیاتر لە ژوورەکانی خەو و پلیکانەکاندا قسەمان دەکرد، بەڵام لەسەر بنەمای تەوافوقێکی دوولایەنە و (شهودی) زمانمان بەکار نەدەهێنا. ئێمە لە فەزای نمایشدا گفتوگۆی کەلامیمان نەبوو، سەبارەت بەو کارەی ئەنجاممان دابوو نەدەکۆڵینەوە، کارەکە لە فەزای نمایشدا ئەنجام دەدرا و تەواو دەبوو. لە نیگایەکدا، گشت گروپەکە لەم حەوت رۆژەدا بە کۆمەڵە یاسایەکی زانراو– بەڵام دەرنەکەوتوو– پەرەی بە رۆشنبیری خۆی دەدا . هەڵبەتە روونکردنەوەی هەموو ئەفراندنە دەستە جەمعییەکان – ئەویش بە وردەکاری زۆرەوە– سەختە. هەر یەکە و لە لایەن یەکێك لە ئەندامانی لابۆرەوە بۆ ماوەی نزیکەی یەك یان دوو کاتژمێر رێنوێنی دەکرا. هەموو ئەمانە سەرەتا و دەستپێکێکی ڕوونی هەبوو، نێوانێکی درێژخایەن و کۆتاییەکی تەواو لێبڕاو.

سەبارەت بە داهێنگەرییەکان پێشنیار نەدەدرا کە فۆڕمی هێڵی (تاك رەهەندی) و نەریتی چوونە پێشەوەی چیرۆك رەچاو بکرێت، فۆڕمیان زیاتر مۆزیکاڵ بوو، زیاتر کۆمەڵێك تەسویری پێکەوە بەستراو بوون. لە پلەی بەراوردا دەتوانین بڵێین گروپەکە وەکو ئەندامانی گرۆپێکی گەورەی جاز کاریان دەکرد کە ئەندامەکانی هەریەکەیان پێڕەوی لەوەی دی دەکەن، دەستییان لە نواندن هەڵدەگرت و تاکێکی دیکە هەم لە رووی بەیانی هەم لە رووی جووڵەییەوە رێنوێنی دەکەن. ئەفڕاندنێکی دەستەجەمعی ئاسایی لەگەڵ هەنگاو هەڵگرتن و رێکردنی گروپەکە لەناو شێوە هێلکەییەکی گەورەدا – بە پێچەوانەی ئاڕاستەی میلەکانی کاتژمێر– دەستی پێدەکرد. هەندێجار رێکردنمان ئارام دەبوویەوە، هەندێ جاریش دەبوو رامانبکردایە و بازمان بدایە. پاشان هەندێ کاتژمێر ئێمە دەبوایە لەگەڵ ئەوی دیکە – و بە جەستەمان – بەرەو روو ببینەوە، ئیحساسی گروپەکە زیاتر بەیان دەکرا، هەندێ جار جەستەکان بەسەر یەکدا دەکەوتن، بە جووڵەیەکی هێواشی پێشبڕکێی زۆران رووی دەدا. هەندێ جار



دەمانتوانی پێکەوە کاری ئیرتیجالی بکەین، گۆرانی بچڕین، هەڵبەتە نەك بەو شێوەیەی کە باوە: بەئیحساس ومیلۆدی.

بڕێ لەو شتانە هەندێ جار لە سەمای ئەمریکی– هندی لایلایەی ئەسکەندەنافی یان میلۆدی بلوز دەچوو و دەیتوانی فراوان ببێتەوە. هەندێ جار کەسێك تەنها بە دەنگی, کاری ئیرتیجالی دەکرد تا ئەو جێگایەی کە ئەوانی دی بە جەستە کاردانەوەیان نیشان دەدا. لەدوایین شەودا کە پێکەوە بووین، ئەوە لاوترین ئەندامانی لابۆر بوون وەك رێنما کاریان دەکرد، لەو فەزایەدا مۆسیقای گیتار هەبوو لەگەڵ برێکی زۆری گۆرانی چڕین و کاری ئیرتیجالی بێ حیوار و روحی پڕبوو لە یەکرەنگی.

پیرترەکان کە ئێمە بووین لە شەودا تابەیانی دەهات، لەپاڵ دیوارەکانی دوواوە دادەنیشتین، تەماشای لاوترەکانمان دەکرد و گۆرانیمان لەگەڵیان دا دەچڕی. سەرجەم بەشداربووان و بینەران، ئەوەیان دەبینی کە لەباری رووداندا بوو، کەچی لەهەمان کاتدا هاوکار وهاوقەتاری ئەوانیش بوون، هەمووان ( زیاتر ئێمە) نزیکەی کاتژمێر پێنجی بەیانی دەچووین بۆ کیسەکانی خەو و تەنها یەك کاتژمێر دواتر دەبوو هەڵساباین، دەبوو پەلە بکەین تا بە ترۆمبیل بەرەو هۆتێلی نزیك وێستگەی شەمەندەفەرەکە بەرێکەوین.

درەختی خەڵکی ئیدی بە شێوەیەکی روون تەواو بووبوو، بەو جۆرەی کە خودی گرۆتۆفسکی دەربارەی ئەم چالاکیە میتا شانۆییە دەیووت "he commuion is : "only temporary، "بەشداریکردن زوو تێپەڕە" بەڵام ئەم ئەزموونانە چۆن سەروسیما وەردەگرن؟ وەڵامەکان تەنها







گریمانەن. بێ گومان ئەم ئەزموونانە بەگشتی جیاوازی هەیە لەگەڵ لابۆرە ئیرتیجالییە باوەکان، شانۆی لابۆر نیشانیدا کە دەیەوێت توێژینەوە لە هەندێ لە رەگ وریشە بنچینەییەکانی داهێنگەری و جۆرەکانی ئەو زەمینانەی کە داهێنانی تێدا گەشە دەکات، بکات .

هەروەها نیشانی دەدەن کە دەیانەوێت دەربارەی دیاردەکانی (شهودی) و توانای ئەفراندنی مرۆییش توێژینەوە بکەن، ئەو شتانەی کە خەڵکی لە نێوان خۆیان بەبێ بەکارهێنانی وشەکان لێك دەگەن. بەڵام گرینگتر لە هەموو رەنگە ئەوە بێت کە ئەم ئەزموونانە لەشتێکی وەکو پانتایی سێیەم بکۆڵێتەوە، ئەو شتەی کە لەلایەکەوە نەهونەرەو نە ژیان بەڵام لە لایەکی دیکەوە شتێکە کە بەبێ ئەوەی لێبڕاوانە یەك لەم دووانە بێت، پێکهاتووە لە هەردووکیان، رەنگە خەریك بین سەبارەت بە پانتایی تەڵەکە بازییەکان و فێڵەکان قسە بکەین .

بەوجۆرەی ئیرڤینگ گافمن لە کۆمەڵناسیدا دەڵێت: "خەڵکی ئاسایی دەتوانن بە رێگایەك کە بەیان ناکرێت، بەڵام کۆمەڵە گرێبەستێکی دەرك پێکراون. پێکەوە پەیوەندی رۆبنێن. ئەو مرۆڤانەی کە زۆر لێهاتوو دێنە بەرچاو رۆژ لە دوای رۆژ – لەناو خولێکی زەمەنی و لە ناو فەزایەکی دیاردا – شتێك خەڵق دەکەن, کولتوورێکی زوو تێپەڕ کە پڕە لە پەیوەندی خوازەیی و وێنای شاعیرانە، یان بە زمانێکی تر تاك لەوەدا کە پەیوەندییەکانی هونەرمەندانە دروست بکات، شارەزایی پەیدا کردووە"

رەنگە شیاوی سەرنج بێت کە پۆستەری شانۆی درەختی خەڵکی خۆی لەخۆیدا پێناسەیەکی حازری بۆ لابۆرەکە هەیە. شانۆی لابۆری جێرزی گرۆتۆفسکی سەنتەرێکە بۆ توێژینەوە لە نێوەندی کولتووردا کە تەرکیز لەسەر هونەریش دەکات، بە تایبەتی شانۆ، هەموو ئەمانە داگری ئەزموونەکانی وەکو: ئاکرۆپۆلیس، هەمیشە شازادە و ئاپۆکالیپس نەبوو، کە هەریەکەیان بەرهەمی کاری درێژخایەنی گرۆتۆفسکی بوون، بەڵکو داگری هەموو چالاکیە میتا شانۆییەکانیش دەبێت. گرۆتۆفسکی بۆ دڵنیابوون، کۆمەڵە پرۆژەیەکی بە ریسکێکی فرە بەرزەوە بەرێوە برد کە لە دەرەوەی کەشی کۆمەڵایەتی (پێش هونەری) ئەنجام دەدران. ریسك لە بیست ساڵی دواییدا تۆخمێکی بنچینەیی بووە لە کاری لابۆردا و هۆکارێك نیە تا داوا لە گرۆتۆفسکی و هاوکارانی بکەین کە راوەستن و کاتیان بە دووبارەکردنەوەی سەرکەوتنەکانی رابردوویان بە فیڕۆ نەدەن.

# گرۆتۆفسکی: میتا شانۆ

نیهاد جامی



ئەم ووتارە لەبنەڕەتدا هەوڵێکی بەراییە بۆ خوێندنـــــەوەی چـــــەمك وتێگەیـــــشتنە ئەزموونکاریـــەکانی گرۆتۆفـــسکی، لەســـەر ئـــەزموونی میتـــا شـــانۆ، ئـــەوەش پرۆســـەی لـــەدایکبوونی ئـــەودیوی ماناکـــانی شـــانۆیە، تەنانـــەت بـــەدژی هـــەموو ئـــەو بنەمایانـــەش دەوەستێتەوە کە بیەوێ بیکات بە یاسـای نـــەگۆڕ، هـــەر بۆیـــە تـــەوەری یەکـــەمی ئـــەم نووســـینەمان ناونـــاوە (گرۆتۆفـــسکی دژی گرۆتۆفسکی) ئـــەم نووسـینە لەسـەر چـەند تەوەرێك پۆلین کراوە، ئـــەوەی لێـرەدا لـــەم مەلەفـــە بـــڵاو دەبێتـــەوە بەشـــێکی ئـــەو توێژینەوەیە، بەشەکانی تری لەسەر دەنگ و ڕاهێنانـــــەکانی جەســـــتەیە، خوازیـــــاری ئـــەوەین بتـــوانین لـــەداهاتوودا بەشـــەکانی تریشی هەر لەم گۆڤارەدا بڵاو بکەینەوە

## گرۆتۆفسکی دژی گرۆتۆفسکی

خوێندنـــەوەی ڕەخنـــەیی بەتـــەنیا هاتنـــە دەنگی میتۆدێك نیە، بەڵکو خولْقاندنەوەی چەمك و پرسیارکردنە لەناو واتاو ماناکـانی نێو میتۆد، ئێمە هەمیشە وا ڕاهـاتووین لـە ئاســـتی میتـــۆدی بیریـــارە شـــانۆییەکان ستایـشکاربین، ئـــەوە ستایـــشە نایـــەڵێت ئەزموونکار بین، چونکە توانای خوێندنەوە







تیایدا سنوری زمـان تێناپـەڕێنێت، لەگـەڵ ئەوەی خوێندنەوە سڕینەوە نیە، هێنـدەی ئیـــــشکردنەوەیەکی نوێیـــــە، پرســـــیار کردنەوەیە لەناو میتۆد، ئـەوە پرۆژەیـەکی گومانکاریـــە لـــەپێناو گـــەڕان بـــەدوای نهێنیـــەکی ئاشـــکرا نـــەکراو، پرۆســـەیەکە بـــەدوای خوڵقانـــدنی جیـــاوازی تێگەیـــشتن دەگـــەڕێت، جیـــاوازی تێگەیـــشتن لـــە گرۆتۆفسکی نەك وەك میتۆدێکی جـێگیر و وەستاو کە مەبەستی ئەو نـەبووە، بـەهۆی گـەڕانی ئـەزموونکاری بـەردەوامی، بـەڵکو گرۆتۆفسکی بۆخۆی دژی ئەو گرۆتۆفسکیە وەســـتاوە، ئـــەوەش بـــەرەنجامی کەشـــف کردنـــی پەیوەندیەکانیـــەتی لـــە شـــانۆدا، بەتایبـــەت پەیوەنـــدی نێـــوان (شـــانۆ و کولتـور) و (شـانۆ و فەلـسەفە) و (شـانۆ و بینـــەر) ئەگەرچـــی ئـــەو پەیوەندیانـــە پێویستیان بە گفتوگۆی قووڵ هەیە، بـەڵام خـــــاڵی ســـــەرەکی ئەزموونکاریـــــەتی گەڕانـــەوەی سەرچـــاوەیە بـــۆ ئەکتـــەر، بەواتای ئەو کاتێ بەرەو جەستەی ئەکتـەر دەگەڕێتەوە، مانای وایە دەیەوێ سەرجەم پەیوەندیـەکان جەسـتە بەرهـەمی بێنێـت، ئـەوە سـەرەتایەکی نـوێ بـوو بـۆ شـانۆی ئەزموونگـەری، کـە جەسـتە زمـانی شـانۆ بێت.

چونکە توانای لەدایکبوونی ئەو پرۆسەیەی هـەبوو، ئـەو پرۆسـەیە پەیوەنـدی نێـوان شـانۆ و فەلـسەفەی لـە شـانۆ گـۆڕی بـۆ شـانۆی فەلـسەفی، چـونکە ئەگـەر شـانۆ

ئەم ووتارە لەبنەڕەتدا هەوڵێكی بەراییە بۆ خوێندنەوەی چەمك وتێگەیشتنە ئەزموونكاریەكانی گرۆتۆفسكی، لەسەر ئەزموونی میتا شانۆ، ئەوەش پرۆسەی لەدایكبوونی ئەودیوی ماناكانی شانۆیە، تەنانەت بەدژی هەموو ئەو بنەمایانەش دەوەستێتەوە كە بیەوێ بیكات بە یاسای نەگۆڕ، هەر بۆیە تەوەری یەكەمی ئەم نووسینەمان ناوناوە (گرۆتۆفسكی دژی گرۆتۆفسكی) ئەم نووسینە لەسەر چەند تەوەرێك پۆلین كراوە، ئەوەی لێرەدا لەم مەلەفە بلاو دەبێتەوە بەشێكی ئەو توێژینەوەیە، بەشەكانی تری لەسەر دەنگ و ڕاهێنانەكانی جەستەیە، خوازیاری ئەوەین بتوانین لەداهاتوودا بەشەكانی تریشی هەر لەم گۆڤارەدا بلاو بكەینەوە

## گرۆتۆفسكی دژی گرۆتۆفسكی

خوێندنەوەی ڕەخنەیی بەتەنیا هاتنە دەنگی میتۆدێك نیە، بەڵكو خولڤاندنەوەی چەمك و پرسیاركردنە لەناو واتاو ماناكانی نێو میتۆد، ئێمە هەمیشە وا ڕاهاتووین لە ئاستی میتۆدی بیریارە شانۆییەكان ستایشكاربین، ئەوە ستایشە نایەڵێت ئەزموونكار بین، چونكە توانای خوێندنەوە تیایدا سنوری زمان تێناپەڕێنێت، لەگەڵ ئەوەی خوێندنەوە سڕینەوە نیە، هێندەی



ئیشكردنەوەیەكی نوێیە، پرسیار كردنەوەیە لەناو میتۆد، ئەوە پرۆژەیەكی گومانكاریە لەپێناو گەڕان بەدوای نهێنیەكی ئاشكرا نەكراو، پرۆسەیەكە بەدوای خولڤاندنی جیاوازی تێگەیشتن دەگەڕێت، جیاوازی تێگەیشتن لە گرۆتۆفسكی نەك وەك میتۆدێكی جێگیر و وەستاو كە مەبەستی ئەو نەبووە، بەهۆی گەڕانی ئەزموونكاری بەردەوامی، بەڵكو گرۆتۆفسكی بۆخۆی دژی ئەو گرۆتۆفسكیە وەستاوە، ئەوەش بەرەنجامی كەشف كردنی پەیوەندیەكانیەتی لە شانۆدا، بەتایبەت پەیوەندی نێوان (شانۆ و كولتور) و (شانۆ و فەلسەفە) و (شانۆ و بینەر) ئەگەرچی ئەو پەیوەندیانە








پێویستیان بە گفتوگۆی قووڵ هەیە، بەلاّم خاڵی سەرەكی ئەزموونكاریەتی گەڕانەوەی سەرچاوەیە بۆ ئەكتەر، بەواتای ئەو كاتێ بەرەو جەستەی ئەكتەر دەگەڕێتەوە، مانای وایە دەیەوێ سەرجەم پەیوەندیەكان جەستە بەرهەمی بێنێت، ئەوە سەرەتایەكی نوێ بوو بۆ شانۆی ئەزموونگەری، كە جەستە زمانی شانۆ بێت.

چونكە توانای لەدایكبوونی ئەو پرۆسەیەی هەبوو، ئەو پرۆسەیە پەیوەندی نێوان شانۆ و فەلسەفەی لە شانۆ گۆڕی بۆ شانۆی فەلسەفی، چونكە ئەگەر شانۆ تاساتەوەختی ئیشكردنی ئارتۆ گوزارشت كردن بووبێت لە فەلسەفەی شانۆ، كە لە ڕاستیدا فەلسەفەی ئەدەبی شانۆ بووە، ئارتۆ ئەدەبی تیا گۆڕی بۆ شانۆ خۆی، ئەوەش ڕێگایەكی درێژی لەكۆڵ گرۆتۆفسكی كردەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ شانۆ لەڕێگەی زمانی ڕاستەقینەی خۆیەوە، دوور لە گریمانەی نووسراوی نووسەر و پێكهاتە شێوەكاریەكان، شانۆی لەڕێگەی جەستەوە بردە نێو فەلسەفە.

بەوەش شانۆكەی بوو بە شانۆیەكی فەلسەفی، ئەوە بانگەشەیەكی هەڕەمەكی و ڕواڵەتخوازانە نیە، بەڵكو بەرەنجامی ئیشكردنی بوو، لەنێو چەندین زانستی وەكو (ئەنترۆپۆلۆژیای كولتوری، سیمیۆلۆژیا، سایكۆلۆژیا، فۆنۆلۆژی) بەلاّم بەهۆی فراوانی ئەو زانستانە لە ئیشكردنی شانۆیی ناتوانین لەنێو ڕەهەندێكی دەست



ئەم ووتارە لەبنەڕەتدا هەوڵێکی بەراییە بۆ خوێندنەوەی چەمك وتێگەیشتنە ئەزموونکاریەکانی گرۆتۆفسکی، لەسەر ئەزموونی میتا شانۆ، ئەوەش پڕۆسەی لەدایکبوونی ئەودیوی ماناکانی شانۆیە، تەنانەت بەدژی هەموو ئەو بنەمایانەش دەوەستێتەوە کە بیەوێ بیکات بە یاسای نەگۆڕ، هەر بۆیە تەوەری یەکەمی ئەم نووسینەمان ناوناوە (گرۆتۆفسکی دژی گرۆتۆفسکی) ئەم نووسینە لەسەر چەند تەوەرێك پۆلین کراوە، ئەوەی لێرەدا لەم مەلەفە بڵاو دەبێتەوە بەشێکی ئەو توێژینەوەیە، بەشەکانی تری لەسەر دەنگ و ڕاهێنانەکانی جەستەیە، خوازیاری ئەوەین بتوانین لەداهاتوودا بەشەکانی تریشی هەر لەم گۆڤارەدا بڵاو بکەینەوە

## گرۆتۆفسکی دژی گرۆتۆفسکی

خوێندنەوەی ڕەخنەیی بەتەنیا هاتنە دەنگی میتۆدێك نیە، بەڵکو خولڤاندنەوەی چەمك و پرسیارکردنە لەناو واتاو ماناکانی نێو میتۆد، ئێمە هەمیشە وا ڕاهاتووین لە ئاستی میتۆدی بیریارە شانۆییەکان ستایشکاربین، ئەوە ستایشە نایەڵێت ئەزموونکار بین، چونکە توانای خوێندنەوە تیایدا سنوری زمان تێناپەڕێنێت، لەگەڵ ئەوەی خوێندنەوە سڕینەوە نیە، هێندەی ئیشکردنەوەیەکی نوێیە، پرسیار





کردنەوەیە لەناو میتۆد، ئەوە پرۆژەیەکی گومانکاریە لەپێناو گەڕان بەدوای نهێنیەکی ئاشکرا نەکراو، پرۆسەیەکە بەدوای خولڤاندنی جیاوازی تێگەیشتن دەگەڕێت، جیاوازی تێگەیشتن لە گرۆتۆفسکی نەك وەك میتۆدێکی جێگیر و وەستاو کە مەبەستی ئەو نەبووە، بەهۆی گەڕانی ئەزموونکاری بەردەوامی، بەڵکو گرۆتۆفسکی بۆخۆی دژی ئەو گرۆتۆفسکیە وەستاوە، ئەوەش بەرەنجامی کەشف کردنی پەیوەندیەکانیەتی لە شانۆدا، بەتایبەت پەیوەندی نێوان (شانۆ و کولتور) و (شانۆ و فەلسەفە) و (شانۆ و بینەر) ئەگەرچی ئەو پەیوەندیانە پێویستیان بە گفتوگۆی قووڵ هەیە، بەلاّم خاڵی سەرەکی ئەزموونکاریەتی گەڕانەوەی سەرچاوەیە بۆ ئەکتەر، بەواتای ئەو کاتێ بەرەو جەستەی ئەکتەر دەگەڕێتەوە، مانای وایە دەیەوێ سەرجەم پەیوەندیەکان جەستە بەرهەمی بێنێت، ئەوە سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ شانۆی ئەزموونگەری، کە جەستە زمانی شانۆ بێت.

چونکە توانای لەدایکبوونی ئەو پرۆسەیەی هەبوو، ئەو پرۆسەیە پەیوەندی نێوان شانۆ و فەلسەفەی لە شانۆ گۆڕی بۆ شانۆی فەلسەفی، چونکە ئەگەر شانۆ تاساتەوەختی ئیشکردنی ئارتۆ گوزارشت کردن بووبێت لە فەلسەفەی شانۆ، کە لە ڕاستیدا فەلسەفەی ئەدەبی شانۆ بووە، ئارتۆ ئەدەبی تیا گۆڕی بۆ شانۆ خۆی، ئەوەش ڕێگایەکی درێژی لەکۆڵ گرۆتۆفسکی کردەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ شانۆ لەڕێگەی زمانی ڕاستەقینەی خۆیەوە، دوور لە گریمانەی نووسراوی نووسەر و پێکهاتە شێوەکاریەکان، شانۆی لەڕێگەی جەستەوە بردە نێو فەلسەفە.

بەوەش شانۆکەی بوو بە شانۆیەکی فەلسەفی، ئەوە بانگەشەیەکی هەڕەمەکی و ڕواڵەتخوازانە نیە، بەڵکو بەرەنجامی ئیشکردنی بوو، لەنێو چەندین زانستی وەکو (ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوری، سیمیۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا، فۆنۆلۆژی) بەلاّم بەهۆی فراوانی ئەو زانستانە لە ئیشکردنی شانۆیی ناتوانین لەنێو ڕەهەندێکی دەست نیشان کراو تەماشایان بکەین، نەك هەر بۆ ئەزموونکارێکیتر، بەڵکو بۆ خودی گرۆتۆفسکی خۆشی، چونکە هەریەك لەو زانستانە بەمەبەستی نمایش کردنیان نەبوو لەناو شانۆ، هێندەی بنیاتنانی زانستی شانۆ بوو، زانستی شانۆ بەدوای شانۆیەکی فەلسەفی هاتە بوون، ئەوە سەرباری ئەو جیاوازیانەی کە کێشەیەکی دیالەکتیکی ئەزموونگەریە لەبارەی ئەو

ئەزموونەوە.

ئەزموونی گرۆتۆفسکی پرۆسەی دژە شانۆیە، بەواتای ئەزموونگەری بەلایەوە دژایەتی کردنی تەواوی ئەو هەولانەیە کە باس لە تازەگەری دەکەن، چونکە تازەگەریەکی تەکنەلۆژیە، وەك چۆن ئەدەب و تەکنەلۆژیا ئاوێتەی یەکتر دەبن و شوناسی تازەگەر بەو شانۆیە دەبەخشن، ئەوە ئەگەر شوناسی تازەگەری بووبێت لە شانۆدا، کە برێخت و بسکاتور زیاتر بەرهەم هێنەری بوون، ئەوە گرۆتۆفسکی لەڕێگەی تواناکانی ئەکتەر کۆتایی بە پرۆژەی تازەگەری هێنا، ئەوەش سەرەتایەکی تر بوو بۆ شانۆی پاش تازەگەری، بەدوای ئەوەی ئارتۆ بنەمای تیۆریی بۆ ئەو شانۆیە هێنایە کایەوە، گرۆتۆفسکی بانگەشەی بۆ هاتنە دی ئەو قۆناغە نوێیە کرد، ئەوەشی لەڕێگەی ووتەیەکی گرنگی دەرخست کاتێ ووتی "ئێمە لە سەدەی میتا شانۆدا دەژین"(١)

ئەوەش کۆتایی هاتن بوو بە کۆتایی هاتنی ئەو تازەگەریەی کە لەسەدەی خۆی لەنێو گۆڕان و ئەزموونەکانی گەیشتە چلە پۆپە و ئیدی شانۆ پێویستی بە سەدەی میتا بوونی خۆی هەیە، ئەو سەدە نوێیەش تێگەیشتن لەشانۆ بنەماکانی خۆی لەڕێگەی جەستەوە بنیات دەنێت، جەستەی ئەکتەر تاکە سەرچاوەیەکە، هەر ئەویش زاراوەی جەستەی قەدیسی بە ئەکتەر بەخشی، بەکارهێنانی زاراوەی قەدیس بۆ ئەکتەر پەیوەندی بە تێگەیشتنێکی ئاینیەوە نیە، هێندەی تێگەیشتنێکی کولتوریە، بەوەی ئەکتەر پیرۆزترین توخمە لە نمایشی شانۆییدا.

بەواتای گرۆتۆفسکی مەبەستیەتی هەموو پیرۆزیەك بە شانۆ ببەخشێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە ناو لە ئەزموونەکەی دەنێت (شانۆی هەژار) کەچی ئەو لەگەڵ ئەوەدا نیە کە ئەوانە ببنە یاسای کۆنکرێتی، بەڵکو بنەمای تیۆری ئەزموونەکەیەتی، بۆیە بڕوای وایە ئەوەی ڕێسایەکی پیرۆز لە شانۆ دروست دەکات ئەوە نەبوونی ڕێسایە، ئەوەش وای کردووە، گرۆتۆفسکی نەیەوێ ببێ بە گرۆتۆفسکیزم، بەڵکو ئەزموونگەری لە شانۆدا ناوی (گرۆتۆفسکی دژی گرۆتۆفسکی) پێ ببەخشێت.

ئەوەش سەرەتا پێویستی بە خولڤاندنی ئەو پرۆسەی میتا شانۆیە هەبوو، چ لەڕووی گۆڕینی چێژی شانۆیی یاخود تێکشکاندنی هەموو ئەوانەی بە داهێنان و تازەگەری ناو دەبران، بەتایبەت کە تازەگەری خۆر ئاوایی لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە تەنیا جەنگ و کوشتاری بەرهەم نەهێنا بوو، بەڵکو دەیویست هونەر و هەموو جوانیە مرۆییەکان لە مرۆڤ بسەنێتەوە و بیداتەوە بە تەکنەلۆژیا، هەروەك چۆن تازەگەری تەکنەلۆژیای بۆ شانۆ هێنا، بەڵام لەو ڕێگەیەوە تواناکانی لە شانۆ سەندەوە، بەهۆی ئەوەی نمایشی شانۆیی لەوە دەردەچوو کە جەستەی مرۆیی بەرهەم هێنەری بێت، بەڵکو ئەوە تەکنەلۆژیا بوو پێکهاتە و تەنانەت ئیستاتیکاشی تیا بەرهەم دێنا، ئەو بوو بەشداریەکی چالاکی دەکرد تەنانەت لەگەڵ دەرکەوتنی سینۆگرافیای شانۆیش دیسان تەکنەلۆژیا زیاتر خۆی پتەو کرد تیایدا.

### دەرکردنی تەکنەلۆژیا لە شانۆدا..

دەسپێکی ئەزموونی جیاواز بوو، ئەزموونێك پێویستی بەوە بوو زمان و ئیستاتیکا و پانتایی و دارشتنەوە و خولڤاندن بە ئاقاری هاودژ ببات، گرۆتۆفسکی توانی لەڕێگەی تەکنیکی جەستەوە میتۆدێك بۆ نواندن دابنێت، کە تەکنەلۆژیای پێبکاتە دەرەوە، ئەو دەرکردنەش ساتە وەختێکی هەڵچوون و پاڵنەری سۆز نەبوو بۆ شانۆ، هێندەی مەعریفەی شانۆیی بۆی بەرهەم دەهێنا، چونکە ئەو دەسبەرداری هەموو ئەو پێکهاتە شانۆییانە دەبۆوە کە تەکنەلۆژیا بنیاتی دەنا، بۆیە دژی ئەو ئیستاتیکایەش کاری دەکرد کە تەکنەلۆژیا دروستی کردبوو، ئەو هات لەڕێگەی میتۆدێکی سەربەخۆ بۆ ئەکتەر، ئەکتەری کرد بەو کائینە شانۆییەی کە بەهیچ شێوەیەك پێویستی بە تەکنەلۆژیای تازەگەریەوە نەبێت، تەنانەت چەمکی دەرهێنەریش لەناو ئەو میتۆدە سنوری دەسەڵاتەکەی دەگۆڕا. ئەوەش شانۆی پەیوەست دەکرد بە پرۆسەیەکی رۆحی و جەستەییەوە، کە ببێت بە هونەرێك خاوەنی زمان و شوناسی تایبەتی خۆی بێت، هیچ هونەرێك نەتوانێ هەڕەشە بێت بۆسەر بوونی، بەڵکو ئەوە شانۆبێت ببێت بە هەڕەشە بۆسەر هونەرەکانیتر، ئەوەش چەمکی نوێی ڕەخنەیی تایبەت بەخۆی هێنایە بوون، ئەگەرچی ئەو چەمکانە لەبنەماوە چەمکی نوێ نەبووبن، بەتایبەت لە ڕووی ڕەخنە یاخود زانستە مرۆییەکانەوە، بەڵام بەکارهێنانی لای گرۆتۆفسکی خاڵی کردنەوە بوو لەهەندێك ڕوودا یاخود بارگاوی کردنەوەیان بوو بە مانا و دەلالەتی شانۆیی وەك لە چەمکی (مردنی نووسەر) کە بەهیچ جۆرێك لەمانا بونیادگەریەکەیەوە سەیری نەدەکرد.

بۆیە ئەو چەمکە بریتی نەبوو لە گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەکانی نووسین بۆ نووسەر هێندەی پێدانی ئەو دەسەڵاتە بوو بە خوێنەر، بەوەی خوێنەر بەرهەم هێنەرەوەی مانا بێتەوە لەناو دەق نەك نووسەر ببێتەوە بە تاکە سەرچاوەی دەق، کەچی لای گرۆتۆفسکی ماناکان ئەو چەمکە دەگۆڕێتە سەر ئەو ئاستەی کە نووسەر وەك هەر کەسێکی بەشداربوو بەشداری لەشانۆ دەکات، نەك فکری ئەو سەرچاوەی شانۆکە بێت، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەق بەدوای ئامادەبوونی لەناو پرۆسەی نمایش نووسەر تیایدا بەرەو فەنابوون دەچێت، هەریەك لە دەرهێنەر و ئەکتەر سەرلەنوێ بەشداری لە نووسینەوە و بنیاتنانەوەی دەقەکە دەکات، ئەوەش کۆتایی هێنانە بەهەر شتێك کە ناوی پیرۆزی لێنراوە کە بە پیرۆزی دەق ناوبراوە، چونکە هیچ شتێك لەو ڕوانگەیەوە پیرۆز نیە، ئەوە دەرهێنەرە چ دێر و ڕستە و دەستەواژەیەك دێنێتەوە یاخود دەسڕێتەوە، چونکە نووسەر وەك هەر پێکهاتەیەکیتری شانۆ لەپێناو یەکەی نمایش کار دەکات. لێرەوە هەر دەسەڵاتێك کە بە دەسەڵاتی دەق و دەسەڵاتی نووسەر ناو دەبرێت، کۆتایی دێت، ئەوە مەرگی دەسەڵاتی نووسینە، ئەو مەرگە نووسەر و دەق بەیەکەوە دەکوژێت، لە پێناو دەسەڵاتی نمایش، دەسەلاتێك شانۆ لە ئەدەب دەسەنێتەوەو دەیداتەوە بە شانۆ خۆی، ئەو دەسەلاتە دەرهێنەر بنیاتی دەنێت، بەلام نەك بۆ بەرز ڕاگرتنی دەسەلاتی دەرهێنان، بۆ ئەوەی لە شوێنی نووسەر دەرهێنەر دابنێت، بەڵکو تاکە دەسەلات لە شانۆدا دەبێت بە دەسەلاتی ئەکتەر، ئەکتەر ئەو قەدیسە شانۆ بنیات دەنێت و هەر ئەویشە دەبێتەوە تاکە سەرچاوەیەك بۆ کارکردن، چونکە پەیوەستە بە خولقاندن و بنیاتنانەوە، ئەوەش بنەما و سەرەتا بوو بۆ میتۆد و قوتابخانەیەکی نواندنی جیاواز، کە هەموو گروپە ئەزموونگەریەکان بتوانن بیکەنە زەمینە بۆ کارکردن لەتەك پرۆسەی چۆنیەتی ئامادە کردنی ئەکتەر لەپانتاییدا.

## پرۆژەیەکی ئەلتەرناتیڤ بۆ شانۆ

شانۆی هەزار شانۆیەك کە گرۆتۆفسکی ناوینا، هەولێك نەبوو بۆ درێژەدان بەشانۆی ئەزموونگەری، هێندەی هەولێکە بۆ ڕزگارکردنی شانۆی ئەزموونگەری خۆی، چونکە زۆر ووردبینانە لەئەزموونەکانی پێش خۆی وورد دەبێتەوە بۆ ئەوەی بگاتە ڕەگی ئەو شانۆیە، کاتێ





دەبینین تەکنەلۆژیا لەڕێگەی شێوازەکانیەوە ڕووبەری شانۆکان بەناوی نوێگەری داگیر دەکات، ئەو دێت دژی ئەو نوێگەریە دەوەستێتەوە، وەستان گەڕانە بەدوای پرۆژەیەکی ئەلتەرناتیڤ بۆ شانۆ، لێرەوە جیاوازی گرۆتۆفسکی لەگەڵ ناوەکانی پێش خۆی دەست پێ دەکات.
ئەوەش لەدایکبوونی بیرۆکەی لابۆری شانۆییە لە پێناو توێژینەوەو گەڕان، تاوەکو دیدی ئاشکرا نەکراو بە پەیوەندیەکانی شانۆ ببەخشێت، دیارترین ئەو گۆڕانکاریەی کە پیادەی دەکات لەو تێگەیشتنەی ستانسلافسکی یەوەیە بۆ پەیوەندی نێوان ئەکتەرو بینەر، هەڵبەت نایەوێ لەو پەیوەندیە بگاتە ئەو تێگەیشتنەی برێخت بە تیۆری نامۆبوون ئەنجامیدا، وەك چۆن ئەکتەر لەلای گرۆتۆفسکی لەبنیاتنانی کارەکتەر چەندە لەدەرەوەی ئیشکردنی ستانسلافسکیدایە، بەهەمان شێوە ناچێتەوە سەر ئیشکردنەکانی پێش خۆی کە لە ستانسلافسکی جیابوونەوە لەهەوڵەکانی مایەر هۆڵد وتایرۆف و فاختانکوف، ئەوەش دیدێکی خوێندنەوەیەکی لایەنگرانەی ئێمە نیە، بەڵکو ڕەخنەگرتنی گرۆتۆفسکی خۆیەتی لەو هەولانە "ئێمە نامانەوێ ئەکتەر فێری ئەوە بکەین کە کۆمەڵە شارەزاییەك ئەنجام بدات کە لەسەری ڕێکبکەوین یاخود (جانتای فێڵەکان) ی پێبدەین، ڕێگاکەشمان ئارەزوو کردن نیە بۆ بەرهەم هێنانی کۆکردنەوەی شارەزاییەکان" (٢)
ئێمە لەو بۆچوونەوە زۆر بەڕوونی تێبینی ئەو خاڵە دەکەین، کە ئەو نەك هەر خوازیاری بۆچوونێکی هاوشێوەی مایەرهۆڵد نیە، بەڵکو زۆر بەڕوونی ڕەخنە ئاراستەی بایۆمیکانیك دەکات، هۆکاری سەرەکی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەکتەر لەکردەیەکی ئەلتەرناتیڤ وجیاوازدا، واتە ئەکتەر توانا سەرسوڕهێنەرەکانی جەستەی دەرناخات، لێرەدا پێویستە جیاکاریەك بکەین لەنێوان (کاریگەری) و(سەرسامی).
سەرسامی بەرەنجامی جولەی ئەکتەرە کە جولاندنەوەکانی تووشی سەرسام بوونمان دەکات، بەلام ئەو جولانە سەرباری ئەوەی توانای بنیاتنانی نمایشیان هەیە، بەلام توانای بەجێهێشتنی کاریگەریان نیە لای بینەر، بەقەد ئەوەی بینین بینەر تووشی سەرسامی دەکات، هەرچی کاریگەریە لەناو تواناو بزاوتەکانی ئەکتەر تووشی سەرسامیمان ناکات، هێندەی توانای بەجێهێشتنی کاریگەری هەیە لەلای بینەر، ئەو کاریگەریە بەرهەم هێنانی شارەزایی

ئەکتەر لەوانەی ئەنجامی دەدات دەیگۆڕێت بە خولّقاندنی پرسیاری جیاواز لەناو نمایش.

ئەکتەر لەو ئاراستەیەدا هەڵچوونە دەروونیەکانی ناخاتە ڕوو، بەڵکو لەتەك تواناکانی بزاوت لەناو هەستەکانی بینین و بیستن چڕی دەکاتەوە، گرۆتۆفسکی ئەوەش بۆ ئەکتەر لە کۆکردنەوەی شارەزایی دەگۆڕێت بۆ لابردنی بەربەستەکان، ئەوە گۆڕینی هەستە سرووشتیەکانی ژیانە، بەوەی ئەگەر لەژیاندا ترس ودڵەڕاوکە مرۆڤ بشلەژێنێت لەڕێگەی شارەزایی ئەکتەر بەهەڵچوون وگریان، ئەوا لەڕێگەی لابردنی ئەو بەربەستانە ئەکتەر هەڵدەستێ بە سەماو گۆرانی، بەواتای لەڕێگەی ئاماژەکانی جولەو دەنگ بینەر دەخاتە ناو دەلالەتە شانۆییە ئاشکرا نەکراوەکان، ئەوەش بەشداریکردنی بینەرە لەناو مانادا.

گرۆتۆفسکی هەر زوو ئەو ئاگاییەمان پێدەدات کە مەبەستی لە مانا تەکنیکیەکەی فۆرم نیە بۆ فرە ئاماژەیی، هەروەك شانۆی خۆرهەلاتی لەسەری ڕاهاتووە، بەڵکو ئەو فرە ئاماژەییە بە چڕکردنەوەی ئاماژە ناو دەبات، ئەوەی فرەیی وەردەگرێت ئەوە دەلالەتەکانی ئاماژەیە، نەك ئاماژە خۆی.

پەیوەندیی نێوان (شوێنی نمایش) و(شوێنی بینەر) وابەستە نیە بەڕووبەرێکی نەگۆڕ، بەڵکو ئەو پەیوەندیە وابەستەی پرۆژە شانۆییەکەیە، کە توانای چوونە ناو یەکتریان هەیە، واتە سنوورێك نیە ئەوانە لەیەکتری جیا بکاتەوە، ئەوەش ڕوانینە بۆ بینەر وەك بەشێکی چالاکی ناو نمایشی شانۆیی، بەهۆی ئەوەی ئیشکردن لەتەك شانۆ گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چیتر لەگەڕانەوە بۆ ناو ئەفسانە پێویست بەو ئاوێتە بوونە ناکات، تاوەکو تەواوی ڕەهەندە مێژوویەکانی ئەفسانە بخرێتە ڕوو.

کە ئەو ڕەهەندە مێژووییە دۆڕا، هەڵبەت وەزیفەی بینەریش گۆڕانی تەواوی بەسەردا دێت، بینەر وەك ئەکتەر بەشداری لەچۆنیەتی سەیرکردنەوەی ئەفسانەدا دەبێت، ئەوەش لای گرۆتۆفسکی لە ئاوێتە بوونەوە گۆڕا بۆ ڕووبەروو بوونەوەی ئەفسانە.

## شانۆ وەك ئامانج لای ستانسلافسکی بۆ کردار لای گرۆتۆفسکی

لەنێوان گرۆتۆفسکی و ستانسلافسکی ئەوەی کۆیان بکاتەوە ئەو خاڵە جەوهەرییە کە ئەو دوو داهێنەرە دوو میتۆدی تایبەت وسەربەخۆیان بۆ نواندن






هێناوەتە کایەوە، بۆیە لەو بارەیەوە پیتەر بروك لە پێشەکی کتێبی (بەرەو شانۆی هەژار) دەنووسێت "گرۆتۆفسکی بێ هاوتایە لەو ڕێگایە، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی بەپێی زانیاری من، بێجگە لەو هیچ کەسێك لە جیهاندا، لەستانسلافسکیەوە لەسرووشتی نواندن و فینۆمینۆ وماناکانی بتوێژێتەوە، سرووشت وزانستی پرۆسە بیرە –گیان– سۆزیەکەی لەسەر بەرەو قولآیی تەواو ببات کە گرۆتۆفسکی پێی هەڵسا" (٣) بەواتای گرۆتۆفسکی بەدوای ستانسلافسکی میتۆدێکی سەربەخۆ بنیات دەنێت، هەموو ئەمانەی بەناوی میتۆد بنیاتنراون نەیانتوانیووە دابڕانی تەواوەتی لە ستانسلافسکی بخولّقێنن، تا هاتنی گرۆتۆفسکی، بەلآم ئەوەی گرنگە ئەو لەکوێ لە ستانسلافسکی جیا دەبێتەوەو ئەو تێگەیشتنە جیاوازە کامەیە کە بنیاتی دەنێت؟

ئیشکردنی گرۆتۆفسکی بۆ ڕەتکردنەوەی ستانسلافسکی نیە هێندەی پرۆژەیەکە بۆ ئەوەی ئەکتەر بە دەرەنجامی کەشف نەکراو بگەیەنێت، بۆ ئەوەش لەڕووی نەگەڕانەوە بۆ ستانسلافسکی گومانەکانی بە کۆمەڵە پرسیارێك دەگۆڕێت، چونکە ئینتیماکردنەوە بۆ کتێبی (ئامادەکردنی ئەکتەر) ی ستانسلافسکی پێی وایە بۆ ئەو گرنگیەکی نیە، لەبەرامبەر ئەوانەی ئینتیما دەکەن بڕوای وایە "تۆ یان داهێنەریت، یان داهێنەر نیت. ئەگەر داهێنەر بیت، ئەوا بەشێوەیەك لە شێوەکان ستانسلافسکی تێدەپەڕێنی، ئەگەر نا وەفاداریت، بەلآم نەزۆکانە، پێویست ناکات بپرسی: ئایا ستانسلافسکی ئەمڕۆ گرنگە؟ ئەگەر بۆتۆ گرنگ بێ لەخۆت بپرسە بۆچی؟ مەپرسە ئایا گرنگە بۆ خەڵکی تر؟ یان بۆ شانۆ بەشێوەیەکی گشتی؟" (٤)

لێرەدا دەبینین دوو ناونان وەك دوو چەمك ئاماژە پێدەدات (داهێنەر) و(وەفادار) داهێنەر بریتیە لەو شانۆکارەی ئیشکردنەکانی ناچاری ناکات ئینتیما بۆ ستانسلافسکی بکات بەڵکو ئیشکردنە جیاوازەکانی وا دەکات ئەو تێپەڕێنێت، هەرچی ئەوەیترە (وەفادار) ئەوە دڵسۆزیی نیە بۆ ستانسلافسکی هێندەی بە پیرۆزکردنیەتی تا ڕادەی دۆگما بوون، بۆیە دەبێ بە دۆگمایەکی نەزۆك، بەپێویست نازانێت کەسی دۆگما نەزۆکی بیرکردنەوەی خۆی بسەپێنێ بەسەر بەرامبەرەکان، چونکە ستانسلافسکی کە بۆ ئەو گرنگە مەرج نیە بۆ داهێنەرەکان لەکارکردندا گرنگ بێت، ئەو لۆژیکە نەگۆڕە لای دۆگما پێویست ناکات بیکات بە لۆژیکی شانۆ، بەڵکو دەبێ بە لۆژیکی

ئەم ووتارە لەبنەڕەتدا هەوڵێکی بەراییە بۆ خوێندنەوەی چەمك وتێگەیشتنە ئەزموونکاریەکانی گرۆتۆفسکی، لەسەر ئەزموونی میتا شانۆ، ئەوەش پڕۆسەی لەدایکبوونی ئەودیوی ماناکانی شانۆیە، تەنانەت بەدژی هەموو ئەو بنەمایانەش دەوەستێتەوە کە بیەوێ بیکات بە یاسای نەگۆڕ، هەر بۆیە تەوەری یەکەمی ئەم نووسینەمان ناوناوە (گرۆتۆفسکی دژی گرۆتۆفسکی) ئەم نووسینە لەسەر چەند تەوەرێك پۆلین کراوە، ئەوەی لێرەدا لەم مەلەفە بلاّو دەبێتەوە بەشێکی ئەو توێژینەوەیە، بەشەکانی تری لەسەر دەنگ و ڕاهێنانەکانی جەستەیە، خوازیاری ئەوەین بتوانین لەداهاتوودا بەشەکانی تریشی هەر لەم گۆڤارەدا بلاّو بکەینەوە

## گرۆتۆفسکی دژی گرۆتۆفسکی

خوێندنەوەی ڕەخنەیی بەتەنیا هاتنە دەنگی میتۆدێك نیە، بەڵکو خولّقاندنەوەی چەمك و پرسیارکردنە لەناو واتاو ماناکانی نێو میتۆد، ئێمە هەمیشە وا ڕاهاتووین لە ئاستی میتۆدی بیریارە شانۆییەکان ستایشکاربین، ئەوە ستایشە نایەلّێت ئەزموونکار بین، چونکە توانای خوێندنەوە تیایدا سنوری زمان تێناپەڕێنێت، لەگەڵ ئەوەی خوێندنەوە سڕینەوە نیە، هێندەی ئیشکردنەوەیەکی نوێیە، پرسیار کردنەوەیە لەناو میتۆد، ئەوە پرۆژەیەکی گومانکاریە لەپێناو گەڕان بەدوای نهێنیەکی ئاشکرا نەکراو، پرۆسەیەکە بەدوای خولّقاندنی جیاوازی تێگەیشتن دەگەڕێت، جیاوازی تێگەیشتن لە گرۆتۆفسکی نەك وەك میتۆدێکی جێگیر و وەستاو کە مەبەستی ئەو نەبووە، بەهۆی گەڕانی ئەزموونکاری بەردەوامی، بەلّکو گرۆتۆفسکی بۆخۆی دژی ئەو گرۆتۆفسکیە وەستاوە، ئەوەش بەرەنجامی کەشف کردنی پەیوەندیەکانیەتی لە شانۆدا، بەتایبەت پەیوەندی نێوان (شانۆ و کولتور) و (شانۆ و فەلسەفە) و (شانۆ و بینەر) ئەگەرچی ئەو پەیوەندیانە پێویستیان بە گفتوگۆی قووڵ هەیە، بەلاّم خاڵی سەرەکی ئەزموونکاریەتی گەڕانەوەی سەرچاوەیە بۆ ئەکتەر، بەواتای ئەو کاتێ بەرەو جەستەی ئەکتەر دەگەڕێتەوە، مانای وایە دەیەوێ سەرجەم پەیوەندیەکان جەستە بەرهەمی بێنێت، ئەوە سەرەتایەکی نوێ بوو بۆ شانۆی ئەزموونگەری، کە جەستە زمانی شانۆ بێت.

چونکە توانای لەدایکبوونی ئەو پرۆسەیەی هەبوو، ئەو پرۆسەیە پەیوەندی نێوان شانۆ و فەلسەفەی لە شانۆ گۆڕی بۆ





شانۆی فەلسەفی، چونکە ئەگەر شانۆ تاساتەوەختی ئیشکردنی ئارتۆ گوزارشت کردن بووبێت لە فەلسەفەی شانۆ، کە لە ڕاستیدا فەلسەفەی ئەدەبی شانۆ بووە، ئارتۆ ئەدەبی تیا گۆڕی بۆ شانۆ خۆی، ئەوەش ڕێگایەکی درێژی لەکۆڵ گرۆتۆفسکی کردەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ شانۆ لەڕێگەی زمانی ڕاستەقینەی خۆیەوە، دوور لە گریمانەی نووسراوی نووسەر و پێکهاتە شێوەکاریەکان، شانۆی لەڕێگەی جەستەوە بردە نێو فەلسەفە.

بەوەش شانۆکەی بوو بە شانۆیەکی فەلسەفی، ئەوە بانگەشەیەکی هەڕەمەکی و ڕوالّەتخوازانە نیە، بەلّکو بەرەنجامی ئیشکردنی بوو، لەنێو چەندین زانستی وەکو (ئەنترۆپۆلۆژیای کولتوری، سیمیۆلۆژیا، سایکۆلۆژیا، فۆنۆلۆژی) بەلاّم بەهۆی فراوانی ئەو زانستانە لە ئیشکردنی شانۆیی ناتوانین لەنێو ڕەهەندێکی دەست نیشان کراو تەماشایان بکەین، نەك هەر بۆ ئەزموونکارێکیتر، بەلّکو بۆ خودی گرۆتۆفسکی خۆشی، چونکە هەریەك لەو زانستانە بەمەبەستی نمایش کردنیان نەبوو لەناو شانۆ، هێندەی بنیاتنانی زانستی شانۆ بوو، زانستی شانۆ بەدوای شانۆیەکی فەلسەفی هاتە بوون، ئەوە سەرباری ئەو جیاوازیانەی کە کێشەیەکی دیالەکتیکی ئەزموونگەریە لەبارەی ئەو ئەزموونەوە.

ئەزموونی گرۆتۆفسکی پرۆسەی دژە شانۆیە، بەواتای ئەزموونگەری بەلایەوە دژایەتی کردنی تەواوی ئەو هەولاّنەیە کە باس لە تازەگەری دەکەن، چونکە تازەگەریەکی تەکنەلۆژیە، وەك چۆن ئەدەب و تەکنەلۆژیا ئاوێتەی یەکتر دەبن و شوناسی تازەگەر بەو شانۆیە دەبەخشن، ئەوە ئەگەر شوناسی تازەگەری بووبێت لە شانۆدا، کە برێخت و بسکاتور زیاتر بەرهەم هێنەری بوون، ئەوە گرۆتۆفسکی لەڕێگەی تواناکانی ئەکتەر کۆتایی بە پرۆژەی تازەگەری هێنا، ئەوەش سەرەتایەکی تر بوو بۆ شانۆی پاش تازەگەری، بەدوای ئەوەی ئارتۆ بنەمای تیۆریی بۆ ئەو شانۆیە هێنایە کایەوە، گرۆتۆفسکی بانگەشەی بۆ هاتنە دی ئەو قۆناغە نوێیە کرد، ئەوەشی لەڕێگەی ووتەیەکی گرنگی دەرخست کاتێ ووتی "ئێمە لە سەدەی میتا شانۆدا دەژین"(١)

ئەوەش کۆتایی هاتن بوو بە کۆتایی هاتنی ئەو تازەگەریەی کە لەسەدەی خۆی لەنێو گۆڕان و ئەزموونەکانی گەیشتە چلە پۆپە و ئیدی شانۆ پێویستی بە سەدەی میتا بوونی خۆی هەیە، ئەو سەدە نوێیەش

تێگەیشتن لەشانۆ بنەماکانی خۆی لەڕێگەی جەستەوە بنیات دەنێت، جەستەی ئەکتەر تاکە سەرچاوەیەکە، هەر ئەویش زاراوەی جەستەی قەدیسی بە ئەکتەر بەخشی، بەکارهێنانی زاراوەی قەدیس بۆ ئەکتەر پەیوەندی بە تێگەیشتنێکی ئاینیەوە نیە، هێندەی تێگەیشتنێکی کولتوریە، بەوەی ئەکتەر پیرۆزترین توخمە لە نمایشی شانۆییدا.

بەواتای گرۆتۆفسکی مەبەستیەتی هەموو پیرۆزیەك بە شانۆ ببەخشێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە ناو لە ئەزموونەکەی دەنێت (شانۆی هەژار) کەچی ئەو لەگەڵ ئەوەدا نیە کە ئەوانە ببنە یاسای کۆنکرێتی، بەڵکو بنەمای تیۆری ئەزموونەکەیەتی، بۆیە بڕوای وایە ئەوەی ڕێسایەکی پیرۆز لە شانۆ درووست دەکات ئەوە نەبوونی ڕێسایە، ئەوەش وای کردووە، گرۆتۆفسکی نەیەوێ ببێ بە گرۆتۆفسکیزم، بەڵکو ئەزموونگەری لە شانۆدا ناوی (گرۆتۆفسکی دژی گرۆتۆفسکی) پێ ببەخشێت.

ئەوەش سەرەتا پێویستی بە خولقاندنی ئەو پرۆسەی میتا شانۆیە هەبوو، چ لەڕووی گۆڕینی چێژی شانۆیی یاخود تێکشکاندنی هەموو ئەوانەی بە داهێنان و تازەگەری ناو دەبران، بەتایبەت کە تازەگەری خۆر ئاوایی لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە تەنیا جەنگ و کوشتاری بەرهەم نەهێنا بوو، بەڵکو دەیویست هونەر و هەموو جوانیە مرۆییەکان لە مرۆڤ بسەنێتەوە و بیداتەوە بە تەکنەلۆژیا، هەروەك چۆن تازەگەری تەکنەلۆژیای بۆ شانۆ هێنا، بەڵام لەو ڕێگەیەوە تواناکانی لە شانۆ سەندەوە، بەهۆی ئەوەی نمایشی شانۆیی لەوە دەردەچوو کە جەستەی مرۆیی بەرهەم هێنەری بێت، بەڵکو ئەوە تەکنەلۆژیا بوو پێکهاتە و تەنانەت ئیستاتیکاشی تیا بەرهەم دێنا، ئەو بوو بەشداریەکی چالاکی دەکرد تەنانەت لەگەڵ دەرکەوتنی سینۆگرافیای شانۆیش دیسان تەکنەلۆژیا زیاتر خۆی پتەو کرد تیایدا.

دەرکردنی تەکنەلۆژیا لە شانۆدا..

دەسپێکی ئەزموونی جیاواز بوو، ئەزموونێك پێویستی بەوە بوو زمان و ئیستاتیکا و پانتایی و داڕشتنەوە و خولقاندن بە ئاقاری هاودژ ببات، گرۆتۆفسکی توانی لەڕێگەی تەکنیکی جەستەوە میتۆدێك بۆ نواندن دابنێت، کە تەکنەلۆژیای پێبکاتە دەرەوە، ئەو دەرکردنەش ساتە وەختێکی هەڵچوون و پاڵنەری سۆز نەبوو بۆ شانۆ، هێندەی مەعریفەی شانۆیی بۆی بەرهەم دەهێنا، چونکە ئەو دەسبەرداری هەموو ئەو پێکهاتە شانۆییانە دەبۆوە کە تەکنەلۆژیا بنیاتی دەنا، بۆیە دژی ئەو ئیستاتیکایەش کاری دەکرد کە تەکنەلۆژیا دروستی کردبوو، ئەو هات لەڕێگەی میتۆدێکی سەربەخۆ بۆ ئەکتەر، ئەکتەری کرد بەو کائینە شانۆییەی کە بەهیچ شێوەیەك پێویستی بە تەکنەلۆژیای تازەگەریەوە نەبێت، تەنانەت چەمکی دەرهێنەریش لەناو ئەو میتۆدە سنوری دەسەڵاتەکەی دەگۆڕا. ئەوەش شانۆی پەیوەست دەکرد بە پرۆسەیەکی رۆحی و جەستەییەوە، کە ببێت بە هونەرێك خاوەنی زمان و شوناسی تایبەتی خۆی بێت، هیچ هونەرێك نەتوانێ هەڕەشە بێت بۆسەر بوونی، بەڵکو ئەوە شانۆبێت ببێت بە هەڕەشە بۆسەر هونەرەکانیتر، ئەوەش چەمکی نوێی ڕەخنەیی تایبەت بەخۆی هێنایە بوون، ئەگەرچی ئەو چەمکانە لەبنەماوە چەمکی نوێ نەبووبن، بەتایبەت لە ڕووی ڕەخنە یاخود زانستە مرۆییەکانەوە، بەڵام بەکارهێنانی لای گرۆتۆفسکی خاڵی کردنەوە بوو لەهەندێك ڕوودا یاخود بارگاوی کردنەوەیان بوو بە مانا و دەلالەتی شانۆیی وەك لە چەمکی (مردنی نووسەر) کە بەهیچ جۆرێك لەمانا بونیادگەریەکەیەوە سەیری نەدەکرد.

بۆیە ئەو چەمکە بریتی نەبوو لە گەڕانەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەکانی نووسین بۆ نووسەر هێندەی پێدانی ئەو دەسەڵاتە بوو بە خوێنەر، بەوەی خوێنەر بەرهەم هێنەرەوەی مانا بێتەوە لەناو دەق نەك نووسەر ببێتەوە بە تاکە سەرچاوەی دەق، کەچی لای گرۆتۆفسکی ماناکان ئەو چەمکە دەگۆڕێتە سەر ئەو ئاستەی کە نووسەر وەك هەر کەسێکی بەشداربوو بەشداری لەشانۆ دەکات، نەك فکری ئەو سەرچاوەی شانۆکە بێت، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەق بەدوای ئامادەبوونی لەناو پرۆسەی نمایش نووسەر تیایدا بەرەو فەنابوون دەچێت، هەریەك لە دەرهێنەر و ئەکتەر سەرلەنوێ بەشداری لە نووسینەوە و بنیاتنانەوەی دەقەکە دەکات، ئەوەش کۆتایی هێنانە بەهەر شتێك کە ناوی پیرۆزی لێنراوە کە بە پیرۆزی دەق ناوبراوە، چونکە هیچ شتێك لەو ڕوانگەیەوە پیرۆز نیە، ئەوە دەرهێنەرە چ دێر و ڕستە و دەستەواژەیەك دێنێتەوە یاخود دەسڕێتەوە، چونکە نووسەر وەك هەر پێکهاتەیەکیتری شانۆ لەپێناو یەکەی نمایش کار دەکات. لێرەوە هەر دەسەڵاتێك کە بە دەسەڵاتی دەق و دەسەڵاتی نووسەر ناو دەبرێت، کۆتایی دێت، ئەوە مەرگی دەسەڵاتی نووسینە،

ئەو مەرگە نووسەر و دەق بەیەكەوە دەكوژێت، لە پێناو دەسەڵاتی نمایش، دەسەڵاتێك شانۆ لە ئەدەب دەسەنێتەوەو دەیداتەوە بە شانۆ خۆی، ئەو دەسەڵاتە دەرهێنەر بنیاتی دەنێت، بەڵام نەك بۆ بەرز ڕاگرتنی دەسەڵاتی دەرهێنان، بۆ ئەوەی لە شوێنی نووسەر دەرهێنەر دابنێت، بەڵكو تاكە دەسەڵات لە شانۆدا دەبێت بە دەسەڵاتی ئەكتەر، ئەكتەر ئەو قەدیسە شانۆ بنیات دەنێت و هەر ئەویشە دەبێتەوە تاكە سەرچاوەیەك بۆ كاركردن، چونكە پەیوەستە بە خولْقاندن و بنیاتنانەوە، ئەوەش بنەما و سەرەتا بوو بۆ میتۆد و قوتابخانەیەكی نواندنی جیاواز، كە هەموو گروپە ئەزموونگەریەكان بتوانن بیكەنە زەمینە بۆ كاركردن لەتەك پرۆسەی چۆنیەتی ئامادە كردنی ئەكتەر لەپانتاییدا.

## پرۆژەیەكی ئەلتەرناتیڤ بۆ شانۆ

شانۆی هەژار شانۆیەك كە گرۆتۆفسكی ناوینا، هەوڵێك نەبوو بۆ درێژەدان بەشانۆی ئەزموونگەری، هێندەی هەوڵێكە بۆ ڕزگاركردنی شانۆی ئەزموونگەری خۆی، چونكە زۆر ووردبینانە لەئەزموونەكانی پێش خۆی وورد دەبێتەوە بۆ ئەوەی بگاتە ڕەگی ئەو شانۆیە، كاتێ دەبینین تەكنەلۆژیا لەڕێگەی شێوازەكانیەوە ڕووبەری شانۆكان بەناوی نوێگەری داگیر دەكات، ئەو دێت دژی ئەو نوێگەریە دەوەستێتەوە، وەستان گەڕانە بەدوای پرۆژەیەكی ئەلتەرناتیڤ بۆ شانۆ، لێرەوە جیاوازی گرۆتۆفسكی لەگەڵ ناوەكانی پێش خۆی دەست پێ دەكات.

ئەوەش لەدایكبوونی بیرۆكەی لابۆری شانۆییە لە پێناو توێژینەوەو گەڕان، تاوەكو دیدی ئاشكرا نەكراو بە پەیوەندیەكانی شانۆ ببەخشێت، دیارترین ئەو گۆڕانكاریەی كە پیادەی دەكات لەو تێگەیشتنەی ستانسلافسكی یەوەیە بۆ پەیوەندی نێوان ئەكتەرو بینەر، هەڵبەت نایەوێ لەو پەیوەندیە بگاتە ئەو تێگەیشتنەی برێخت بە تیۆری نامۆبوون ئەنجامیدا، وەك چۆن ئەكتەر لەلای گرۆتۆفسكی لەبنیاتنانی كارەكتەر چەندە لەدەرەوەی ئیشكردنی ستانسلافسكیدایە، بەهەمان شێوە ناچێتەوە سەر ئیشكردنەكانی پێش خۆی كە لە ستانسلافسكی جیابوونەوە لەهەوڵەكانی مایەر هۆڵد وتایرۆف و فاختانكوف، ئەوەش دیدێكی خوێندنەوەیەكی لایەنگرانەی ئێمە نیە، بەڵكو ڕەخنەگرتنی گرۆتۆفسكی خۆیەتی لەو هەولاْنە "ئێمە نامانەوێ ئەكتەر فێری ئەوە بكەین كە كۆمەڵە شارەزاییەك ئەنجام بدات كە





لەسەری ڕێكبكەوین یاخود (جانتای فێڵەكان) ی پێبدەین، ڕێگاكەشمان ئارەزوو كردن نیە بۆ بەرهەم هێنانی كۆكردنەوەی شارەزاییەكان" (٢)

ئێمە لەو بۆچوونەوە زۆر بەڕوونی تێبینی ئەو خاڵە دەكەین، كە ئەو نەك هەر خوازیاری بۆچوونێكی هاوشێوەی مایەرهۆڵد نیە، بەڵكو زۆر بەڕوونی ڕەخنە ئاراستەی بایۆمیكانیك دەكات، هۆكاری سەرەكی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەكتەر لەكردەیەكی ئەلتەرناتیڤ وجیاوازدا، واتە ئەكتەر توانا سەرسوڕهێنەرەكانی جەستەی دەرناخات، لێرەدا پێویستە جیاكاریەك بكەین لەنێوان (كاریگەری) و(سەرسامی).

سەرسامی بەرەنجامی جولەی ئەكتەرە كە جولاندنەوەكانی تووشی سەرسام بوونمان دەكات، بەڵام ئەو جولانە سەرباری ئەوەی توانای بنیاتنانی نمایشیان هەیە، بەڵام توانای بەجێهێشتنی كاریگەریان نیە لای بینەر، بەقەد ئەوەی بینین بینەر تووشی سەرسامی دەكات، هەرچی كاریگەریە لەناو تواناو بزاوتەكانی ئەكتەر تووشی سەرسامیمان ناكات، هێندەی توانای بەجێهێشتنی كاریگەری هەیە لەلای بینەر، ئەو كاریگەریە بەرهەم هێنانی شارەزایی ئەكتەر لەوانەی ئەنجامی دەدات دەیگۆڕێت بە خولْقاندنی پرسیاری جیاواز لەناو نمایش.

ئەكتەر لەو ئاراستەیەدا هەڵچوونە دەروونیەكانی ناخاتە ڕوو، بەڵكو لەتەك تواناكانی بزاوت لەناو هەستەكانی بینین و بیستن چڕی دەكاتەوە، گرۆتۆفسكی ئەوەش بۆ ئەكتەر لە كۆكردنەوەی شارەزایی دەگۆڕێت بۆ لابردنی بەربەستەكان، ئەوە گۆڕینی هەستە سرووشتیەكانی ژیانە، بەوەی ئەگەر لەژیاندا ترس ودڵەڕاوكە مرۆڤ بشلەژێنێت لەڕێگەی شارەزایی ئەكتەر بەهەڵچوون وگریان، ئەوا لەڕێگەی لابردنی ئەو بەربەستانە ئەكتەر هەڵدەستێ بە سەماو گۆرانی، بەواتای لەڕێگەی ئاماژەكانی جولەو دەنگ بینەر دەخاتە ناو دەلالەتە شانۆییە ئاشكرا نەكراوەكان، ئەوەش بەشداریكردنی بینەرە لەناو مانادا.

گرۆتۆفسكی هەر زوو ئەو ئاگاییەمان پێدەدات كە مەبەستی لە مانا تەكنیكیەكەی فۆڕم نیە بۆ فرە ئاماژەیی، هەروەك شانۆی خۆرهەڵاتی لەسەری ڕاهاتووە، بەڵكو ئەو فرە ئاماژەییە بە چڕكردنەوەی ئاماژە ناو دەبات، ئەوەی فرەیی وەردەگرێت ئەوە دەلالەتەكانی ئاماژەیە، نەك ئاماژە خۆی.

پەیوەندیی نێوان (شوێنی نمایش)

و(شوێنی بینەر) وابەستە نیە بەڕووبەڕێکی نەگۆڕ، بەڵکو ئەو پەیوەندیە وابەستەی پرۆژە شانۆییەکەیە، کە توانای چوونە ناو یەکتریان هەیە، واتە سنوورێك نیە ئەوانە لەیەکتری جیا بکاتەوە، ئەوەش ڕوانینە بۆ بینەر وەك بەشێکی چالاکی ناو نمایشی شانۆیی، بەهۆی ئەوەی ئیشکردن لەتەك شانۆ گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چیتر لەگەڕانەوە بۆ ناو ئەفسانە پێویست بەو ئاوێتە بوونە ناکات، تاوەکو تەواوی ڕەهەندە مێژوویەکانی ئەفسانە بخرێتە ڕوو.

کە ئەو ڕەهەندە مێژووییە دۆڕا، هەڵبەت وەزیفەی بینەریش گۆڕانی تەواوی بەسەردا دێت، بینەر وەك ئەکتەر بەشداری لەچۆنیەتی سەیرکردنەوەی ئەفسانەدا دەبێت، ئەوەش لای گرۆتۆفسکی لە ئاوێتە بوونەوە گۆڕا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەفسانە.

## شانۆ وەك ئامانج لای ستانسلافسکی بۆ کردار لای گرۆتۆفسکی

لەنێوان گرۆتۆفسکی و ستانسلافسکی ئەوەی کۆیان بکاتەوە ئەو خاڵە جەوهەرییە کە ئەو دوو داهێنەرە دوو میتۆدی تایبەت وسەربەخۆیان بۆ نواندن هێناوەتە کایەوە، بۆیە لەو بارەیەوە پیتەر بروك لە پێشەکی کتێبی (بەرەو شانۆی هەژار) دەنووسێت "گرۆتۆفسکی بێ هاوتایە لەو ڕێگایە، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی بەپێی زانیاری من، بێجگە لەو هیچ کەسێك لە جیهاندا، لەستانسلافسکیەوە لەسرووشتی نواندن و فینۆمینۆ وماناکانی بتوێژێتەوە، سرووشت وزانستی پرۆسە بیرە -گیان- سۆزیەکەی لەسەر بەرەو قوڵایی تەواو بیات کە گرۆتۆفسکی پێی هەڵسا" (٣) بەواتای گرۆتۆفسکی بەدوای ستانسلافسکی میتۆدێکی سەربەخۆ بنیات دەنێت، هەموو ئەمانەی بەناوی میتۆد بنیاتنراون نەیانتوانیووە دابڕانی تەواوەتی لە ستانسلافسکی بخولقێنن، تا هاتنی گرۆتۆفسکی، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو لەکوێ لە ستانسلافسکی جیا دەبێتەوەو ئەو تێگەیشتنە جیاوازە کامەیە کە بنیاتی دەنێت؟

ئیشکردنی گرۆتۆفسکی بۆ ڕەتکردنەوەی ستانسلافسکی نیە هێندەی پرۆژەیەکە بۆ ئەوەی ئەکتەر بە دەرەنجامی کەشف نەکراو بگەیەنێت، بۆ ئەوەش لەڕووی نەگەڕانەوە بۆ ستانسلافسکی گومانەکانی بە کۆمەڵە پرسیارێك دەگۆڕێت، چونکە ئینتیماکردنەوە بۆ کتێبی (ئامادەکردنی ئەکتەر) ی ستانسلافسکی پێی وایە بۆ ئەو گرنگیەکی نیە، لەبەرامبەر ئەوانەی ئینتیما





دەکەن بڕوای وایە "تۆ یان داهێنەریت، یان داهێنەر نیت. ئەگەر داهێنەر بیت، ئەوا بەشێوەیەك لە شێوەکان ستانسلافسکی تێدەپەڕێنی، ئەگەر نا وەفاداریت، بەڵام نەزۆکانە، پێویست ناکات بپرسی: ئایا ستانسلافسکی ئەمڕۆ گرنگە؟ ئەگەر بۆتۆ گرنگ بێ لەخۆت بپرسە بۆچی؟ مەپرسە ئایا گرنگە بۆ خەڵکی تر؟ یان بۆ شانۆ بەشێوەیەکی گشتی؟" (٤)

لێرەدا دەبینین دوو ناونان وەك دوو چەمك ئاماژە پێدەدات (داهێنەر) و(وەفادار) داهێنەر بریتیە لەو شانۆکارەی ئیشکردنەکانی ناچاری ناکات ئینتیما بۆ ستانسلافسکی بکات بەڵکو ئیشکردنە جیاوازەکانی وا دەکات ئەو تێپەڕێنێت، هەرچی ئەوەیترە (وەفادار) ئەوە دڵسۆزیی نیە بۆ ستانسلافسکی هێندەی بە پیرۆزکردنیەتی تا ڕادەی دۆگما بوون، بۆیە دەبێ بە دۆگمایەکی نەزۆك، بەپێویست نازانێت کەسی دۆگما نەزۆکی بیرکردنەوەی خۆی بسەپێنێ بەسەر بەرامبەرەکان، چونکە ستانسلافسکی کە بۆ ئەو گرنگە مەرج نیە بۆ داهێنەرەکان لەکارکردندا گرنگ بێت، ئەو لۆژیکە نەگۆڕە لای دۆگما پێویست ناکات بیکات بە لۆژیکی شانۆ، بەڵکو دەبێ بە لۆژیکی ئەوەی کە نەزۆکانە کاری لەسەر دەکات، ئەوەش بنەمایەکی ڕۆشنی گرۆتۆفسکیە بۆ خۆ جیاکردنەوەی لە ستانسلافسکی.

سەرباری ئەوەی ئەوە ناشارێتەوە کە کتێبی (ئامادەکردنی ئەکتەر) بەرهەمی ئەو رۆژگارەی ستانسلافسکی و ئەو ژینگەیەو دۆخەکەی بووە کە ئەو تیایدا ژیاوە، ئەوە پەیوەستە بەوەی ناکرێ ئێمە بمانەوێ لەناو خۆمان بنیاتیان بنێینەوە، چونکە ئەو وەڵامانەی ستانسلافسکی لە پرسیارەکانی پێی گەیشتووە هەرگیز ئەو وەڵامانە نین کە خوازیاریەتی، بەواتای دەیەوێ پرسیارەکان بەوەڵامی تری بگەیەنن، ئەگەرچی سەرەتا سەرسام بووە بە ستانسلافسکی بەڵام کاتێ ویستویەتی بەدوای وەڵامی نوێ بگەڕێت ئەو سەرسامیەی بە ڕێزگرتن گۆڕیووە، تاڕادەی ئەوەی بەتەواوی لێی دوور دەکەوێتەوەو پێی وایە چیتر ناتوانێ بەوە ڕازی بێت کە پێشتر بە میتۆد ناسیویەتی، بۆیە دەست نیشانی ئەو گۆڕانکاریانە دەکات و تەنانەت دەست نیشانی هەڵەی ستانسلافسکیش دەکات، چونکە ستانسلافسکی "هێشتا لەو باوەڕەدا بوو بە پەنابردن بۆ یادەوەری سۆزە جیاوازەکان دەتوانرێ ئەو سۆزانە جارێکی تر بهێنرێنەوە کایەوە، هەڵەکە لێرەدا بوو، کاتێك بڕوا بکەی کە هەستەکانمان



پەیوەستن بە ئیرادەمانەوە، لەژیاندا بە پێچەوانەوە دەتوانین بیسەلمێنین کە هەستەکان ئازادن لە ئیرادە، هەستەکان لەژێر ڕکێفی ئیرادەدا نین" (٥)

کەواتە گرۆتۆفسکی ویستویەتی هەموو ئەوانەی ستانسلافسکی لەپرۆسەی ئامادەکردنی ئەکتەر بنیاتتی بنێت، تەواوی ئەو پرۆسەیە بخاتە ژێر ڕکێفی ڕەخنەو سەر لەنوێ لەسەر چەمك وماناکان بوەستێتەوە، ئەوەش وەستانە بەڕووی شانۆی باو، یاخود بنیاتنانی پرۆسەی میتا شانۆیە، هەر میتا شانۆیە وا لە گرۆتۆفسکی دەکات شانۆ وەك پرۆسەیەکی پێرفۆرمانسی بۆ ئەکتەر تەماشا بکات، ئەوەی ئەو دەیکات هەڵسانە بە کردارێك کە شانۆیە، ئەوەش تەواو دژی دنیابینی ستانسلافسکی بوو بۆ شانۆ کە پێی وانەبوو شانۆ کردار بێت، بەڵکو ستانسلافیکی شانۆی وەك ئامانج دەبینی، کەچی گرۆتۆفسکی ئاوا سەیری شانۆ ناکات "من لەو باوەڕەدا نیم بۆمن ئامانج بووبێ، ئەوەی گرنگە بەلای منەوە، تەنیا کردارە، ڕووداوە، لەوانەیە ئەو کردارە زۆر نزیك بووبێ لەدەقی مەرگەساتێکەوە کە وەك بنچینەیەك بۆ کردارەکە وەرگیرابێ" (٦)

ئەوەش دەرخستنی تەواوی خەسڵەتە جیاوازەکانیانە لەیەکتری، بەواتای جیاوازیەکانیان جیاوازی میتۆدی کارکردنە بۆ ئەکتەر، بۆیە ئەگەر ستانسلافسکی









دەروازەیەك بووبێت بۆ مایەرهۆڵد وفاختانکوف و ئیلیا کازان (٧) ئاواش بۆ گرۆتۆفسکی دەرگای چوونە ژوورەوەیەکە کە تیایداماڵێکی سەربەخۆو جیاوازی تیابنیاتناوە، ئەوەش وای کرد بەتەواوی بتوانێ ڕێگاو پرۆژەیەکی تایبەت بەخۆی بنیات بنێ، هەڵبەت ئەگەر بمانەوێ لەسەر تەواوی ئەو جیاوازیانە بووەستین لەنێوان ئەو دوو دەرهێنەر پێویست بە توێژینەوەیەکی سەربەخۆ دەکات کە پێویستی بەچەندین ئارگۆمێنت هەیە بۆ قسەکانمان تاوەکو دوای ئەوە ئەوسا ڕوناکی بخەینە سەر جیاوازیەکانیان، ئەوەی لێرەدا لەو تەوەرە هەڵوەستەمان لەسەری کرد تەنها دەرخستنی بنەما سەرەتاییەکانی نێوانیانە بۆ جیاکردنەوەیان لەیەکتری وەك دوو شێوازی سەربەخۆ بۆ کارکردن.

## چۆنیەتی ئامادەبوونی دەق لەلابۆرەکەی گرۆتۆفسکی

پرۆسەی ئامادەبوونی دەق لەلابۆرەکەی گرۆتۆفسکی پەیوەستە بەو پرۆژەی پشکنین و گومانی لابۆرەکە ئەزموونی دەکات، ئەوەش پەیوەستە بەو دیدە ئەزموونکاریەی کە دەق وەك بنەمایەکی سەرەکی پرۆسەی بنیاتنانی نمایش سەیر ناکات، بۆیە کرۆکی نمایش دەق نیە، بەڵکو ڕووبەروو بوونەوەکە کرۆکی نمایشە.

ئەوەش لێدانە لەگوتاری باوی بنیاتنانی نمایش، ڕووبەروو بوونەوەش پەیوەستی نیە بە بابەت وناوەڕۆکە، هێندەی بریتیە بەنەستەوە، ئەوەش دەرخستنی ڕۆڵی گرنگی دەقە، بەڵام بنەمای سەرەکی نیە،

ئەگەرچی بوونی دەق لەشانۆدا دەشوبهێنێ بە بوونی ئەفسانە بۆ شاعیر، دیارە ئەوە شاعیرە مانای کەشف نەکراو لەناو شیعر بۆ ئەفسانە ئەدۆزێتەوە، بۆ دەرهێنەری شانۆییش دەق کاتێ وەك گرنگی بابەت نەخوێنرایەوە، دەتوانرێ بونیادە نەووتراوەکانی کەشف بکرێت، ئەو پرۆسەی کەشف کردنە پرۆژەی پشکنینە لەناو شانۆدا، چونکە هەریەك لە برێخت و شکسپیر بەداهێنەری شانۆ نازانێت، بەهۆی ئەوەی تواناکانیان لەسەر کاغەز بۆ شانۆ بنیات ناوە، بۆیە بە داهێنەری ئەدەبی ناویان دەبات، تەنانەت ئەو دەرهێنەرانەش کە گۆڕانکاریەکانیان لەئاستی دەقی نووسراو بنیات دەنێن.

کەواتە مافی خۆمانە بپرسین ئەو دەیەوێت چی لەدەق بکات و چ گۆڕانکاریەك شانۆدا بەرپا بکات؟ بوونی پرسیارێکی لەو شێوەیە دەمانباتە سەر ووتەیەکی خۆی کە زیاتر لە پرسیارەکەمان نزیکمان دەخاتەوە، ئەویش ئەوەیە کاتێ دەڵێت " نامەوێ بکەومە پێشکەشکردنی ڕاڤەی ئەدەبی و چارەسەری ئەدەبی، سەبارەت بەمن ئەوەی گرنگە ووشەکان نین، بەڵکو لەتواناماندایە بە ووشەکان چی بەرهەم بێنین، ئەوەی دەیبەخشین بەژیانی ووشەکانی دەقی وەستاو وگواستنەوەیان بۆ ووشەی دەنگدار، زۆر لەوەش دوورتر ئەرۆم، شانۆ پرۆسەیەکە بەرهەمهێنەری وەڵامی کردارەکان وپاڵنەرە مرۆییەکانە لەڕێگەی بەرکەوتنی خەڵك لەگەڵ یەکتری، ئەوەش هەروەها کردەیەکی بایەلۆژی و ڕۆحیە" (٨)

تێگەیشتنەکە بۆ سەیرکردنی دەق ڕوونە، کە خوازیاری ڕاڤەکردنەوەی دەق نیە لەتێڕوانینی ئەدەبیەوە، بەڵکو تەئویلی میتازمانە لەناو دەق، ئەو پرۆسەیەش خوێندنەوەی نەووتراوە، گۆڕینی ووشەیە لەڕووبەرێکی نووسراوی سەر کاغەز بۆ کردەیەکی بزاوتی بایەلۆژی وڕۆحی، ئەوەش لەسەر ئەو بنەما تیۆریە وەستاوە کە هەمیشە دەق پێویستیەك نیە لەشانۆدا، چونکە شانۆ تەنها لە ئامادەنەبوون پێویستی بەچوونە ژوورەوەیەك هەبێت ڕوو دەکاتە دەق.

دەق لەو ساتەدا تەنها ئینتیماکردنە بۆ ناو شانۆ.. نەوەك خۆی شانۆکە بێت، ئەوە جولەو دەنگە شانۆ وەك پێویستی سەیریان دەکات، یاخود نەتوانین دەق وەك ڕێگایەك ناو بەرین، ڕێگایەك کە شانۆ پێیدا تێدەپەڕێت.. چونکە دەق شانۆ بنیات نانێت، هێندەی ئەوە ئەکتەرە لەو ڕێگایە دەچێتە ناو شانۆ، بۆ ئەوەی تەواوی یەکەی گوتاری نمایشی لەسەر





بنیات بنرێت، ئەوەش گەیاندیە ئەو بۆچوونەی بڵێت "لەسەر ئەکتەرە کە بتوانێ لەڕێگەی دەنگ وجولەوە زمانێکی دەروونی خودگەرێتی تایبەت بخوڵقێنێ، کاری ئەو هەر وەك کاری شاعیرێکی مەزنە کە لەڕێگەی پەیڤەوە زمانە دەروونیە تایبەتیەکەی بخوڵقێنێت" (٩)

پەراوێزوسەرچاوەکان:

(٢٨) غروتوفسکی واشکالیه صهر المسرحی باللا المسرحی/ عدنان مبارك، موقع مسرحیون

(٢٩) نحو مسرح الفقیر/ جیرزی کروتوفسکی، ترجمه (د. کمال قاسم نادر) وزاره الپقافه (بغداد) ١٩٨٢، ص ١٤

(٣٠) هەمان سەرچاوە/ص٩

(٣١) وەڵام بۆ ستانسلافیسکی/ (١-٢) گرۆتۆفسکی، وەرگێڕانی (مستەفا قەسیم) گۆڤاری رامان، ژمارە (١٢٤) لا ١٧٩

(٣٢) هەمان سەرچاوە/ لا ١٨٣

(٣٣) وەڵام بۆ ستانسلافیسکی/ (٢-٢) گۆڤاری رامان، ژمارە (١٢٥) لا ١٥٢

(٣٤) ئیلیا کازان بەر لەوەی ببێت بەدەرهێنەرێکی ناسراوی سینەما وەك دەرهێنەرێك لە شانۆی نیۆەندی لینکۆلن دەرکەوت، ئەزموونەکەی لەشانۆدا دەستکاری کردنی بنەماکانی ئیشکردن بوو لای ستانسلافسکی، بەڵام دوای یەکێك لە ئەزموونەکانی ئەوە دەردەخات کە ئەو دژە ستانسلافسکی نیە بەڵکو دژی تێگەیشتنی ئەمریکیەکانە بۆ ستانسلافسکی.

(٣٥) نحو مسرح الفقیر/ جیرزی کروتوفسکی، ترجمه (د. کمال قاسم نادر) وزاره الپقافه (بغداد) ١٩٨٢، ص ٥٦

(٣٦) غروتوفسکی یخرج الامیر الصاعد/ المقدمه: جان جاکو، الدراسه: سیرج اواکنین، ترجمه (د. جمال شحید) الحیاه المسرحیه العدد (١١/١٢) ١٩٨٠، ١٢٧

دیوێکی تری ئاوێنەکە

# دیمانەیەک لەگەڵ لۆدڤیک فلازین



ئامادەکردنی: سەدیق عەزیز





دەقی ئەم دیمانەیە لەگەڵ لۆدڤیك فرژین ساڵی ٢٠٠٩ لەفیستفالی ساڵی گرۆتۆفسکی لە پۆلۆن لەلایان تۆربیۆرن ئۆپەداڵ ئەنجامدراوەو لەژمارە ٣/٢ ی گۆڤاری ( Norsk Shakespeare og teater tidsskrift) بلاْوکراوەتەوە.

لۆدڤیك فلازین لە ساڵی ١٩٣٠ ، لەساڵی ١٩٤٨ یەکەم کاری ڕەخنەی شانۆیی دەنوسێت ، لە نێوان ساڵی ١٩٥٠ بۆ ١٩٥٦ وەك سەرنوسەر لە چەند ڕۆژنامەیەکدا کاریکردووە. لەساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ گرۆتۆفسکی شانۆی ١٣ ڕێزیان پێك هێناوە. لە ساڵی ١٩٥٩ بۆ ١٩٨٢ یەکێك بووە لە هاوکارە نزیکەکانی گرۆتۆفسکی کاری دارِشتنەوەو ڕێکخستنی کارەکانی کردووە. لەساڵی ١٩٨٠ بۆتە بەڕێوەبەری گشتی لابوری شانۆیی. لۆدڤیك وەك ڕەخنەگرو دراماتۆرگی کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر داهێنانەکانی گرۆتۆفسکی. لۆدڤیك خۆی خاوەنی چەندین ئەزمونەو لە چەندین شوێنی دنیادا وۆرك شۆپی بەئەنجام گەیاندووە.

*** گرۆتۆفسکی لە ٢٠ ساڵی ڕابوردودا بووە کەسێکی ئەفسوناوی لەشانۆدا، بەلاّم مێژووی دروستکردنی شانۆی ١٣ ڕیز بەهاوکاری هەردوکتان بووە، چۆن سەرەتای کارکردنت لەگەڵ گرۆتۆفسکی دەستپێکرد؟**

– لە ساڵی ١٩٥٩ دەستی پێکرد، ئێمە لە ( کاراکوا) یەکترمان بینی، ئەو کات گرۆتۆفسکی دەرهێنەر بوو لەئینستیۆتێکی شانۆی ترادیشیۆن، من گەنجێکی ٢٤ ساڵ بووم، زیاتر وەك ڕەخنەگرێکی شانۆیی ناسرابووم، ڕۆژێك بەڕێوەبەرێك پێشنیاری دامەزراندنی شانۆیەکی ناوچەیی کرد، وەك ئەلتەرناتیڤێك لەشاری ئۆپۆڵ، پرسیاری لێکردم کە من ئەتوانم وەك دەرهێنەرو بەڕێوەبەری شانۆ کار بکەم .من ئەوسا وابەستە بووم بەشانۆی بەناوبانگی (سلۆڤاکی)، لەڕاستیدا شانۆیەکی ترادشیۆنی بوو، شوێنێك بوو کە ئەمانتوانی گوێمان لە دەنگی باوباپیرانمان بێت، بۆیە دەڵێم ترادیشیۆنی چونکە هیچ ئەڵتەرناتیڤێکی ترم نیە لەوە زیاتر، زەمەنەکە زەمەنی ڕۆمانسیەت بوو، بەتایبەتی تێکستەکانی نووسەری گەورەی پۆلۆنی ستانسلاڤ ڤیسپیانسکی کاریگەرێکی ڕاستەوخۆی هەبوو بەسەر شانۆی ئەو کاتەوە، نەك هەر لەڕوووی نووسینی تێکستی شانۆیەوە، بەڵکو لەڕووی تازەگەریکردن لە سینۆگرافیەو داهێنانی تەکنیکی نوێی شانۆیی. هەر چەندە ئەم نووسەر لەساڵی ١٩٠٧ دا



مردووه، بەڵام کاریگەری گەورەی لەسەر من هەیەو هەمیشە هەست بەبوونی روح و تارمایەکەی دەکەم لە نزیکەوە. ئەمە باگراوەندی من بوو لە شانۆدا، پاشان لە گەڵ گرۆتۆفسکی لە چەند دەقێکی رۆمانسیدا کارمانکرد بە تایبەتی تێکستەکانی ئەم نووسەرە یەکێك لەوانە ( ئەکرۆپۆلیس)، ئەم تێکستە لە سەرەتادا بۆ ئێمە زۆر گرنگ بوو، چونکە تێکستیك بوو لە نێوان شانۆی تەقلیدی و هاوچەرخدا.

کاتێکیش بڕیارمدا بچمە ئۆپۆل تەنها وەك نارەزاییەك دژ بەو سستی و چەقبەستوەی ناو دەزگا شانۆییەکان بوون. زۆر لە هاوکارەکانیشم هاتن لەگەڵمدا وەك تادیوز کانتۆر.

*** چۆن گرۆتۆفسکی هاتە ناوەوە؟**

– وەك لەسەرەتادا وتم لە ئۆپۆل، کاتێك داوام لێکرا لە ئۆپۆل کاربکەم، بۆمن جێگای خۆشحاڵی بوو، بەلام من دەرهێنەر نەبووم، بۆیە بیرم کردەوە کە دەرهێنەرێك







بدۆزمەوە، بۆ ماوەی سێ رۆژ بیرم کردەوە، پاشان گرۆتۆفسکیم هاتە خەیاڵ، کە پێشتریش شانۆیی کورسیەکانی گرۆتۆفسکیم بینی بوو، هەر چەندە نەختێك جیگای خەمباری بوو کاتێك کۆتایی کورسیەکانی ناو هۆڵەکە چۆڵ بوون هەروەك کورسی سەر شانۆکە. من بە گرۆتۆفسکیم وت ئێمە ئەتوانین پێکەوە کاربکەین، تۆ دەبیتە دەرهێنەرو بەڕێوەبەری شانۆ، وە من لە نزیکتەوە دەبم وهاوکاریت دەکەم، بەم شێوەیە ئێمە دەستمان کرد بەکارکردن بۆ زیاد لە ٢٥



سالێ پێكەوە بووین، بەڕاستی زەمەنێكی ئەفسوناى بوو. گریكەكان بەو ڕووداوە كتو پڕو چاوەڕنەكراوانە دەڵێن (كایرۆس) هەرگیز لەو باوەڕەدا نەبووم كە ئەم ساتە خۆشە چاوەڕوان نەكراوە ببینم كە یونسكۆ ساڵێك دیاربكات بەناوی ساڵی گرۆتۆفسكی.

*** بیركردنەوەی پشت پرۆژەكانی ئێوە چی بوون؟**

– با ئێمە بچینە ناو بنەما بنچینەییەكانی شانۆوە، سەیركە بنەماكان چی بوون، ئەكتەر ،بینەر ، دەنگ، بە بێ بوونی سینۆگرافیە وكۆستیمە (جل و بەرگ)، واتە كورت وپوخت مەبەست لە شانۆیەكی هەژار بوو.

*** قسەیەك لەسەر چۆنیەتی ڕێكخستن و فۆرمۆلەكردنی كارەكان، ئایا تۆ كاری ڕێكخستن و فۆرمۆلەكردنی كارەكانت دەكرد یان گرۆتۆفسكی؟**

– دارشتنەوەو فۆرمۆلەكردنی كارەكان من بووم، بەڵام من دەمەوێت تەئكید لەوە بكەمەوە كە ئێمە هەموو كاتێك هاوكاری یەكتری بووین. هونەر شێوەیەكە لە هێزی موگناتیسی، بەڵام گرۆتۆفسكی ئەو هێزە موگناتیسیەی لە من زیاتر بوو، ئێمە كاریگەریمان بەسەر یەكەوە هەبووە، هەمیشە ئاڵوگۆڕی بیروڕامان هەبووە، هەرگیز نەكەوتوینەتە كێشەیەكی ڕاستەوخۆوە، بەڵام بۆ چوونە ناو بازنەكەی ئەوەوە وای پێویستی دەكرد كە بە دیوێكی تری ئاوێنەكەدا بێیتە







ژورەوە. ئێمە لە ١٩٥٩ دەستمان بەكار كردو پاشان لە ساڵی ١٩٦٢ كارمان لە شانۆی ( ئەكرۆپۆلیسدا) كرد، كە بووە كلاسیكیەكی مۆدێرن.

*** لە پرۆگرامی فیستیڤالەكدا تۆیان وەك پارێزەرە شەیتانەكی گرۆتۆفسكی پێناسەكرد، چۆن كارەكانتان پێكەوە دەكرد، ئایا لەڕووی پراكتیكەوە جیاوازیتان هەبوو؟**

– كاری من زیاتر پەراوێزی وڕێكخستنەوەو دارشتنەوەی كارەكان بوون، ئەو باسی چۆنیەتی كارەكەی بۆ دەكردم، من دەچوم بۆ بینینی یەكەم پرۆڤەی تا كۆتایی پرۆڤەكان لەگەڵیدا دەبووم، بە تێڕامانەوە سەیرم دەكرد بەشێوەیەك كەمن هەستم دەكرد نمایشێك دەبینم. دوای پرۆڤەكان من وگرۆتۆفسكی بە جادەكاندا پیاسەمان دەكرد وگفتوگۆی نمایشەكەمان دەكرد، زۆربەی كاتیش لە قاوەخانەیەكی نزیك وێستەگەی شەمەندەفەر دادەنیشتین. ئێمە قسەمان دەكردو قسەمان دەكرد. ئەو پێی ئەوتم پارێزەرێكی شەیتانی، لەبەر ئەوەی كاری من قسەكردن بوو لەسەر هەڵەو خاڵە بێهێزەكانی ناو نمایشەكە. ئێمە زۆر بەوردی لەسەر هەموو لایەنەكانی نمایش

قسەمان دەكرد، من كاری ڕێكخستن وداڕێشتنەوەی بەرهەمەكانی ئەوم دەكرد. ئەتوانیت بڵێت كە من هاوكارێكی ڕوحی و دەرونی گرۆتۆفسكی بووم بە شێوەیەك كە باوەڕ بەخۆبوونی لادروست بێت، من تەنها داڕێژەرەوەی شانۆیەكانی ئەو نەبووم، بەڵكو لە هەمانكاتدا لێكۆڵەرەوەو شیكاری بەرهەمەكانیش بووم، ئێمە هەوڵمان ئەدا كەبتوانین بگەین بەهەندێك ڕاستی، وە خۆمان پاك بكەینەوە لەهەموو ئەو شتانەی كە ناڕاستن. وەك ڕەخنەگریش هەرگیز ڕەخنەكانم بۆ بینەران نەبووە، بەڵكو بۆ هونەرمەندەكان بووە. كە زیاتر لێكۆڵینەوە بووە، لە پێناو ئاشكراكردنی ڕاستیە شاراوەكان.

*** لە ڕوانگەی تۆوە ئەو ڕاستیانە بەچی گەیشتن؟**

– ئەوەیە كە ئێستا ماوەتەوە، كە تەئكید كردنە لەسەر بوونی ئەكتەر بەتەنها خۆی، میتۆدی گرۆتۆفسكی كاركردن بووە لەسەر جەستە ودەنگ. جەستە وەك دەفرێك یان پەرداخێك وایە پڕە لەدەنگ، لە ڕێگای ڕاهێنان وپرۆڤەیەكی ڕاست ودروستەوە دەبێتە زمانی جەستە، هەروەك دابەشكردنی ئاوازێكی مۆسیكی، بۆ فێربوون وناساندنی ئەوەی ئێمە نەمانزانیوە لە خۆماندا ئەیدۆزینەوە. بوونی ووشە گرنگە، بەڵام كاتێك كە ووشە دەبێتە هێزێك ،یان ریتمێك یان میلۆدیەك، لەگەڵ ئەوەی كە ئەمە پەیوەندی بە زانستی دەربڕینی ووتنەوە هەیە.

*** بەڵێ، بەڵام گفتوگۆكان درەنگ هاتنە ناو كارەكانتانەوە ؟**

– هەندێك جار بەپێویست نەئەزانرا، بەڵام دەبێت ئەوەت لەبیر بێت كە هەوڵەكان بێ كۆتاییبون ، لەهەمانكاتدا كاركردن بوو لەسەر وردەكاری، گرۆتۆفسكی سیناریۆیەكی ئامادە دەكرد وپاشان بەجێی دەهێشت، ئەم سیناریۆیە جارێكی تر دەگەڕایەوە سەری و دەیكردە هەیكەلی عەزمی بۆ چیرۆكێكی سادە وساكار. فەزای ئەم سیناریۆیە دەبووە سەرەتای خاڵی دۆزینەوەی شتە نهێنیەكان، لەڕێگای نواندنی ڕاگوزەرەوە لەگەڵ ئەكتەرەكانیدا. كارەكان لای گرۆتۆفسكی بەردەوام لە گەشەكردن وپرەوپێدان بوون، تا لەكۆتایدا دەبووە سیناریۆیەك كەزۆر جیاواز بوو لەگەڵ سەرەتای دەست پێكردندا. تێكستەكان لە نێوان خۆماندا دەسوڕایەوەو بەبێ وەستان لە گۆڕانی بەردوام دابوو. ئێمە لەژێر كاریگەری ئەدەبیاتی دستۆفسكی وئلیۆت وشەكسپیر وسیمۆن ویلْدا بووین.

*** كاتێك ئێوە لابۆری شانۆیتان دروستكرد، زەمەنێكی سەخت بوو ئیشكردن بوو لەژێر دەسەڵاتی ڕێژمێكی دیكتاتۆریدا، بەبڕوای تۆ ئەو گۆڕانكاریە پێویستیەكی ئەو هەلو مەرجانە بوون؟**

– زۆر ڕاستە، زەمەنەكە گاڵتەی لەگەڵ نەدەكرا، بەڵام ڕژێمی ساڵەكانی پەنجای پۆلۆنیا گەلێك كەلێنی گەورەی تیابوو، وەك ( پەنیری سویسری وابوو)، مشكێكی عاقڵی دەویست تا ئەو كونو كەلێنانە بدۆزێتەوە. گرۆتۆفسكی یەكێك بوو لەوانەی كە زۆر چالاكانە هەڵدەسوڕاو زۆر بە وریای ئەیتوانی ئەو كەلێنانە بدۆزێتەوە. ڕژێم چەند جارێك هەوڵی داخستنی گرووپەكەی داین، ژیانمان تەنگژەیی بوو، بەڵام ئێمە هەر بەردەوام بووین، باسكردن لە شانۆی هەژار تەنها خیتاب وبانگەشەكردن نەبوو. ئێمە گروپێكی بچووك بوین لە مەساحەیەكی ٧٥ مەتر چوارگۆشەدا نمایشمان دەكرد، بە پارەیەكی كەمو كەلوپەلی كەمەوە، دەبوایە هەموومان هەموو كارێك بكەین تا پاكردنەوەی شوێنەكەش. ئێمە ئەم پاداشتەمان بۆ خۆمان گەڕاندەوە. (هەموو شتێكی بچووكیش جوانە)

*** بەبڕوای تۆ گرنگترین شتێك كە گرۆتۆفسكی بۆی بەجێ هێشتوین چیە؟**

– زۆر كەس ئەو پرسیارە دەكەن، بەڵام من نازانم چیان پێبڵێم. مەبەستی گرۆتۆفسكی (كاری گشتگیریە) ئەمە گرنگ بوو، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم كەسێكی وەك تۆ بتوانێت لاسایی بكاتەوە، وە شتێكیش نیە هەروا بە ئاسانی كاری لەگەڵدا بكەیت، بەڵكو ئەوەی گرنگە ئەوەیە كە ئێمە دوای نمونەكان بكەوین .بۆ ئەوەی بگەیتە ئامانجی سەركی، بەكارێكی بچوك و بە تێڕوانینێكی وردو هەستیارەوە دەست پێبكە، تا چەند ئەتوانی لەو كارەدا خاڵی تەكنیك و میتافیزیكی ئەدۆزیتەوە. هەموو هونەرمەندێكی تریش كەدێت دەبێت سەر لەنوێ ئەو خاڵە بدۆزێتەوە. كارێكی ئاساییە كە تواناو داهێنانی كەسێكی گەورە، ببێتە مایەی كەم بایەخی لە زانكۆكاندا. نمایشی گەورە لە تێكستەوە نایەت، بەڵكو لە شانۆوە دێت. كاتێك ئێمە گەنج بوین شانۆكانمان گەورەبون وئینستۆتیەكانیش چەق بەستو. ئێستا شوێن دەبێتە خاڵی سەرەتا بۆ نمایش، شوێنی نواندن خاڵی دەستپێكردنە بۆ بنیاتنانی نمایشێكی شانۆیی، بەبێ هیچ پێشینەیەك. ئەمە نمونەیەكی گرۆتۆفسكیە بۆ ئێمە.

# ئامادەیی گرۆتۆفسکی لە لابۆرە ئەزموونکارییەکەی تیپی ئەزموونگەری کەرکووک

شکۆ عومەر

" تەواو بێتاقەت دەبم کاتێ یەکێك لێم دەپرسێت: ڕەسەنایەتی لە کوێی نمایشە ئەزموونکارییەکانی شانۆی تۆدایە؟ ئەم جۆرە پرسیارانە پێشوەخت گریمانی ئەوە دروست دەکات کە پێویستە لە کاری شانۆی ئەزموونکاریدا هەموو جارێك تەکنیکێکی تازە بەکار بهێنرێت، ئەوەش لقێکە نەك رەسەنایەتی، هەروەك دەیسەپێنێ کە پێویستە ئەنجامی هەموو کارێکی ئەزموونکاری پشکێکی تازەی هەبێ لە شانۆی هاوچەرخدا وەك دیکۆرێکی شانۆیی کاتێك دەرهێنەر لە دیزاینەکەیدا هەندێ بیرۆکە لە هونەری پەیکەرتاشی و هەندێکی تریش لە توانا ئەلیکترۆنیەکان وەردەگرێت، یاخود کاتێ کە ئەکتەرەکان بەشێوەی کەسایبەتیە کابارییە باوەکان یان موهەریجەکانی سێرك ڕۆڵەکانیان بەرجەستە دەکەن کە خۆم پێشتر بەشێك بووم لەو جۆرە. بەلام نمایشەکانی ئێمە لە ( لابۆری شانۆیی) بە ئاراستەیەکی تردا هەنگاو دەنێت ئێمە لە وێستگەی یەکەمدا هەوڵ دەدەین کە خۆمان لە شوێنکەوتنی یەك ئسلوبیی لادەین بەڵکو ئەوەی کە هەڵیدەبژێرین پێمانوایە لە نێوان ئسلوبەکاندا باشترینیانە، لەوەوە لە هەوڵی خولقاندنی (بیرکردنەوە)ین لە شانۆدا، هەروەها ئامانجی ئێمە دیاریکردنی سروشتی








شانۆیە کە جیاوازترە لە تەواوی هونەرەکان، ئەوەشی کە جیای دەکاتەوە (نمایش و دەربڕین) ە. پاشان نمایشەکانی ئێمە بریتیە لە گەڕانێکی هەڵهێنجراو و پوختە لە پەیوەندی نێوان ئەکتەر و بینەر.. بەمانایەکیتر ئێمە پێمانووایە تەکنیکی ئەکتەر جەوهەر و ناوەڕۆکی شانۆیە"

ئێمە پێمانووایە تەکنیکی ئەکتەر جەوهەر و ناوەڕۆکی شانۆیە....ئێمەش وەك گرۆتۆفسکی ئەم دێڕەمان کرد بە دەسپێکی ئیشەکانمان، بەم دێڕە شەمەندەفەری ئەزموونەکانمان بەگەرخست، شانۆمان خاڵی کردەوە لە هەموو رەگەزە زیاد و بێکەڵکەکان ئینجا کارمان کرد، ئەکتەر لە لابۆرەکەی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکووکدا هاوشێوەی ئەو قەدیسە بوو کە گرۆتۆفسکی بە ئەکتەرەکانی خۆی دەووت، چونکە لای ئێمەش ئەکتەر بەویستێکی قووڵ و پتەوەوە هاتبوو بۆ کار کە تەنها ویستی داهێنان و شانۆکردن پاڵنەری بوو، لە رووی جەستەوە تەواو ئامادەباش بوو بۆ تەواوی راهێنانە جەستەیی و دەروونیەکان، دواتر ئەکتەری ئەم لابۆرەی ئێمە لە ئەنجامی بیرکردنەوەو لە سەر بنەمای تێگەیشتن و وەرگرتن دەجولآیەوە، دیمەن و رووداوی بۆ نمایش زیاد دەکرد بە مەرجێك لە هێڵی گشتی نمایش لا نەدات لەمەدا سەرکەوتین و دەسکەوتەکانیشمان لەشانۆی شارەکەدا هەر دەمێنێتەوە.

هێدی هێدی و بە پێی پێویست ئەو رەگەزانە خۆیان خزاندەوە ناو نمایشەکان وەکو جل و بەرگ کە لە زۆربەی ئەزموونەکانی تیپدا(هاملیت_ئۆدیبی



زەردەشت _ یادەوەری دەنگ_ ئەنتیگۆنای قەلاّ......هتد) ماتریالێكی سەرەكی بوو بۆ تەوزیفكردنی فیگور و ڕووداو وبابەت و كولتورەكان، لە ئەنجامی بیركردنەوەی قوڵمان لەو ماتریالە وامان كرد كە جۆرە جلێكی تایبەت بە ئەزموونەكانی تیپی ئەزموونگەری دروست بكەین و ببیكەینە یەكێك لە دەسكەوتەكانی گەڕانە شانۆییەكەمان.

ئێمەش وەك ڕێبەرمان (جێرزی گرۆتۆفسكی) ڕووبەرووی ئەو ڕەخنەیە بووینەتەوە كە كاری ئێمە رەسەن نیە و داهێنانی نەكردووە و .....هتد، بەلاّم وەلاّمی ئێمە هەر خودی ئەزموونەكانن كە ئەگەر لێكۆڵەرێكی شانۆیی بە ئاگا كار لەسەر ئەزمونەكانی (هاملیتی كەركوك و و ئەنتیگۆنای قەلاّ و ئۆدیبی زەردەشت) بكات بۆی دەردەكەوێت ئەو بەرهەمانە لە كوێی ئەزموونكارییەتی دونیادان و تا چەند ئەسالّەت و رەسەنایەتی تێدایە چۆن توانیویانە پشكیان هەبێ لە شانۆی ئەزموونگەری دونیادا وەك ئەوەی كە گرۆتۆفسكی دەڵێ، چونكە بە تایبەت لەو سێ ئەزموونەدا بە مەبەستەوە كارێكی زۆر و چڕ كرا لەسەر بابەتی رەسەنایەتی، بۆ نمونە لە ئەزموونی (هاملیتی كەركوك)دا خود و تاكی كەركوكی كرایە ماتریال بۆ ئیشكردن بەبێ ئەوەی بە جل و بەرگ یاخود بە دیالۆگ ئاماژە بەو بەماتریالكردنە بدرێت. هەروەها لە ئەزموونی(ئۆدیبی زەردەشتی) شدا زۆر بە دەگمەن كارمان لەسەر ئۆدیبە یۆنانییەكە









كرد، هەموو تەركیزمان لەسەر ئەو گریمانەیە كۆكردەوە كە ئەگەر ئۆدیبی سۆفۆكلیسی یۆنانی وەك كەسایەتی وەر بگرین و بیكەین بە تاكێكی كوردی و كولتوری زەردەشتی بە قەدیدا ببڕین چی ڕوو دەدات؟! وە كردمان و ئۆدیبێكی تەواو كوردیمان خستە ڕوو كە بارگاوییە بە تەواوی كلتور و دابونەریتەكانی كۆمەڵگای كوردی و چەند ماتریالێكی شانۆییەكەش یارمەتیدەر بوون بۆ تەوزیف كردنی ئەو كورداندن و رەسەنایەتییە، وەك ئامادەیی (ئاگر و گەنم) لە بەشێكی ئەزمونەكاندا.

"بۆمان دەركەوت كە زۆر رەگەز هەن لە شانۆدا زیادن و پێویست نین و ئەكرێت لاببرێن، بۆ نمونە شانۆ ئەكرێت بە بێ ماكیاج و جلوبەرگ و دیكۆر و رووناكی و كارتێكەرە دەنگییەكان و شوێنێكی تایبەتی نواندن كە جیاواز بێت لە شوێنی بینەر (تەختەی شانۆ)....هتد بەلاّم ناكرێت بە بێ بوونی پەیوەندییەكی روحی و ئیدراكی راستەوخۆ ـــ پەیوەندی گەیاندنی (زیندوو) لە نێوان بینەر و ئەكتەر"

ئا لەم چەند دێڕەی خودی گرۆتۆفسكییەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە كە كاركردنی تیپی ئەزموونگەری كەركووك چەندە قووڵ بووە و چ مەعریفەیەكی شانۆیی وورد لە پشت ئیشەكانەوە ئامادەیی هەبووە بەوەی كە لە تەواوی ئەزموونەكاندا زۆربەی ئەو رەگەزە باوانە وەلاوە نراوە و زیاتر ئیش لەسەر ئەو پەیوەندییە ڕوحی و ئیدراكیە راستەوخۆیە كراوە كە لە شانۆی هەژاردا ئاماژەی بۆ دەركێت. بۆ نمونە لە ئەزموونی (سەگ و

دەف)دا ئەو پەیوەندییە لەو دیمەنەدا تەوزیف دەبێت كاتێك یەكێك لە بینەران بە مەسینەیەكی ئاسنین ئاودەكات بە دەموچاوی ئەكتەرێكدا بۆ پاكبونەوەی لە دوای تۆبە كردن و لە ئەزموونی (خاچ) دا دەرهێنەر بە هۆی تۆڕێكی گەورەی ماسیگرییەوە بینەر و ئەكتەران پێكڕا دادەپۆشێ و بە تەواوی لە بۆتەی ئەو پەیوەندییەدا دەیانتوێنێتەوە، خۆ ئەگەر بەشێكی قسەكان لە ئەزموونی (زولێخا لە خەونی یوسفدا) دا چڕ بكەینەوە ئەوە بە تەواوی ئەو ووتەیەی گرۆتۆفسكی دەچەسپێتە سەری بەوەی بۆ نمونە لە ناوەراستی نمایشدا یەكێك لە ئەكتەرەكان بە هۆی ئاگرەكەكەوە "كە یەكێك بوو لە ماتریالەكانی ئیشەكە" ئاگر لە جەستەی بەردەبێت بەلاّم بە هۆی كارلێكە توند و ڕوحانییەكەی نێوانیان هەر زوو بە بێ پچرانی نمایش یەكێك لە بینەران ئاگرەكەی كوژاندەوە هەر وەكو ئەوەی كە ئەو بینەرە تەنها بۆ ئەوە لەو شوێنە بوبێت كە بەو ئەركە هەڵسێت، بەلاّم واش نەبوو چونكە ئەو تەنها بینەرێكی ئاسایی بوو و پێشتریش نەیدەزانی كە ئاگر لەو ئەكتەرە بەردەبێت تا ئەم خۆی بۆ كوژاندنەوە ئامادە بكات...ئەم بارە بۆ ئەزموونەكانی تریش درێژ دەبێتەوە و لە (هاملێتی كەركوكدا) هێندەی تر بەرجەستە دەبێت بەوەی كە لە دیمەنی كۆتاییدا كاتێك كە هاملێت دەمرێت و ئەكتەرەكان لەسەر شانیانی دادەنێن و بەرەو گۆڕستان بەرێدەكەون بینەرانیش بەبێ ئەوەی بە خۆیان بزانن دەكەونە ڕێ لەگەڵیاندا و ئەگەر بۆ ئێستێك لێیان ڕوون بیتەوە وا هەست دەكەی كە ئەمە پرۆڤەیەكی شانۆییە و دەرهێنەرەكەی زیاتر لە سەد ئەكتەری هەیە چونكە هەموان لەم ئەزموونەدا (هاملیت) یان بەیەكەوە ناشت، دواتر بە هۆی ئەو گولاّنەوە كە لە ئەكتەرەكانیان وەرگرتبوو ماڵئاواییان لێكرد و دواتر بە جووڵە خۆنەویست و عەفەویەكانیان سەرەخۆشییان ئاراستەی (ئۆڤیلیا)ی خۆشەویستی هاملێت كرد.

"گرنگ نیە دابران لە نیوان تەختەی شانۆ وهۆڵ (شوێنی بینەر) دا دروست بكرێت تەنها لە بارێكدا ئەگەر دیمەنێك ئەوە بخوازێ بۆ ئەزموونكردن، بەڵكو ئامانجی جەوهەری گەرانە بە دوای پەیوەندییەكی تەندروست لە نێوان بینەر و ئەكتەر لە هەموو نمایشێكی شانۆییدا و دواتریش وەرگێڕانی ئەو پەیوەندییەیە بۆ وێنەی بینراو"

خۆ ئەگەر بێینە سەر ئەوەی كە لە ئەزموونەكانی ئەم گروپەدا چۆن و تا چەند بە جدی و بە قوڵی كار لەسەر هاوئاستكردنی بینەر و ئەكتەر كردووە بە هەموو ڕەهەندەكانەوە ئەوە دەبێ بڵێین كە ئەمان بەمەبەستەوە و لە ئەنجامی بیركردنەوە كاریان لەسەر ئەو چەمكە كردووە دروست وەك ئەوەی كە (ئەنتوان ئارتۆ) لە (شانۆی توندوتیژیدا) باسی گرنگی هاوتابوونی شوێنی بینەر و ئەكتەر دەكات بۆ خولّقاندنی ئەتمۆسفێری نمایش و هاتنەئارای پرۆسەی پاكبونەوە، ئەم حاڵەتەش لە زۆربەی ئەمونەكاندا هەست پێكراوە بۆ نمونە لە (سەگ ودەف) و(خاچ) و (زولێخا) و (هاملێت) و (ئۆدیبی زەردەشت) و (یادەوەری دەنگ) كە لە تەواویاندا بینەر و ئەكتەر بە تەواوی هاوئاست بوونەوە و هەردوو كائینەكەش هەستیان بە یەكتر كردووە و هاومیحنەت بوونە و یەكتریان تەواو كردووە، بوونە بەو دوالیزمەی كە هەرگیز ناكرێ بە بێ یەكتر بێنە مەیدانەكە، هاوكات لە سەروبەندی چڕی و زۆری ئەزموونەكانی ئەو تیپەدا قسەیەكی وا بلاّو بووەوە كە " تیپی شانۆی ئەزموونگەری كەركوك گرنگی بە بینەر نادات و هەمیشە دەڵێن: با كەمترین بینەر بێن بۆ بینینی نمایشەكانمان"....

هەڵبەتە ئەوەی كەمێك ئاگاداری تێز و تیۆریەكانی شانۆی هاوچەرخی جیهان بێت لەوە تێدەگات كە ئەم دێرە چەندە هەڵەیە و چ بێ ئینسافییەكیشە بەرامبەر بەو گروپە دەكرێت بەوەی كە هەمیشە بینەرانی ئەو تیپە بە ئاگاترین و ووریاترین و ڕێزلێنراوترین بینەر بوون لە مێژووی شانۆی ئەو شارە چونكە ئەو كارلێكەرەی لە نێوان ئەوان وئەزموونەكانی تیپەكەدا هەبووە حاڵەتێكی زۆر دەگمەن بووە!

لەم چەند وێستگە كورتەدا دەردەكەوێت كە ئێمە هەمیشە گرۆتۆفسكی و شانۆ هەژارەكەیمان لە پێشەوەی ڕێبۆتوارەكەمان داناوە و پێمانووایە كە دەبێتە ئیلهام بەخش بۆ تەواوی كارەكانمان لە داهاتووشدا هەروەك ئەمەش نابێتەوە ئەوەی كە ئێمە ئیدی بیركردنەوەی خۆمان بوەستێنین و تەنها كار لەسەر تیۆرەكانی ئەو بكەین بەڵكو بە پێچەوانەوە ئەو تیۆرانەی ئەو وهاوشێوەكانی لە شانۆدا كلیلی كردنەوەی خەیاڵ و ڕوئیاكانمانن بۆ ئێستا و ئاییندە.

*ئەو دێرانەی ناو كەوانەكان ووتەی گرۆتۆفسكین